خوێندنەوەی

یەعقوبی حەزرەمی

ڕەوح و ڕوەیس

خزمەتکاری قورئانی پیرۆز

د. احمد ضيف اللّه عمر أبو سمهدانه

سەرپەشتیاری وەرگێڕان

شيخ نظام الدين يونس عزيز

سلسلة في القراءات القرآنية وعلوم القرآن

الدرر الحسان

في القراءات العشر للقرآن

قراءة يعقوب الحضرمي

براوييه /رويس و روح
من طريق الدرة

تقديم

د. عبد الرحمن يوسف الجمل
الشيخ : سعيد صالح زعيمة
الشيخ : جمال ابراهيم القرش

إعداد
خادم القرآن الكريم الدكتور:
أحمد ضيف الله أبوسمهدانة
الجامع للقراءات العشر الصغرى والكبرى
والاربع الشواذ
عضو مشيخة المقارئ الفلسطينية

خوێندنەوەی

یەعقوبی حەزرەمی

ڕەوح و ڕوەیس

خزمەتکاری قورئانی پیرۆز

د. احمد ضيف الله عمر أبو سمهدانه

سەرپەشتیاری وەرگێڕان

شيخ نظام الدين يونس عزيز

ژمارەی سپاردن
لە هۆبەی سپاردنی کتێب
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان
778 لە 2024/7/8
عێراق - هولێر

ليستى سەرپەرشتيارى تەرجەمەكردنى پەرتووك

شێخ هيبت فخري القاضي — سەرپەرشتيارى زانستى

ڕێگە پێدراو لە قیراِئاتی عەشرەی بچووك و گەورەو چوار شاذەكە

خاوەنی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی ئیسلامی

يونس عثمان محمد أمين — پێداچوونەوەی زانستی

ڕێگە پێدراو لە قیراِئاتی عەشرەی بچووك

ماستەر لە زمانی عەرەبی

د. إسماعيل عبد الرحمن عبد الله — پێداچوونەوەی زمانەوانی

قوتابی لە قیراِئاتی عەشرەی بچووك

دكتۆرا لە زمانی ئینگلیزی و زمانەوانی – وەرگێری سوێندخواردوو

ئەندازيار زاهر مزاحم الشريده — سەرپەرشتيارى چاپ


قوتابی لە قیراِئاتی عەشرەی بچووك

ماستەر لە ئەندازیاری كۆمپیوتەر

مامۆستا صفوان صالح أحمد — وەرگێڕ

مامۆستای خوێندنی ئیسلامی

ماستەر لە زانستی ئیسلامی


بسم الله الرحمن الرحيم

قَالَ تَعَالَىٰ:

﴿ ٱلَّذِينَ ءَاتَيۡنَٰهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ يَتۡلُونَهُۥ حَقَّ تِلَاوَتِهِۦٓ
أُوْلَٰٓئِكَ يُؤۡمِنُونَ بِهِۦۗ وَمَن يَكۡفُرۡ بِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ
ٱلۡخَٰسِرُونَ ١٢١ ﴾ البقرة: ١٢١

له عوسمانی کوڕی عەفانەوە (رضي الله عنه) ئەفەرموێ: پێغەمبەری خوا فەرمویەتی:

(خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ)

(چاکترینتان ئەو کەسانەن کە خۆیان فێری قورئان خوێندن ئەکەن و خەلکیش فێر دەکەن)

پێش کەشە بە:

هەمو کەسێك کە ماڤی هەیە بەسەرمەوە

دایك و باوکم و مامۆستاکانم و شەیخەکانم

هەر کەسێ پیتێکی فێرکردوم لە قورئانی پیرۆز

بۆ خەلکی قورئان خوێن ئەوانەی شوێنە بەرزەکان و پلە پیرۆزەکانیان بە دەست هێناوە

بۆ ئەوانەی کە قورئان دەخوێنن وفرمێسکی قورئان حوێندنەکە لە قورگیانە

ئەحمەد

بهناوی خودای بهخشندهی میهرهبان
پێشهكی به پێنوسی د. عبدالرحمن الجمل

سوپاس وستایش بۆ پهروهردگاری جیهانیان، ئهوهی كه ڕێگای پیرۆزی ئیسلامی نیشان داوین، وچاكهی ئهوهی لهگهڵ كردوین كه باوهڕی پێ بهخشیوین، وئێمهی تایبهت مهند كردووه به ناردنی قورئانی پیرۆز، ڕاسترین و چاكترین كتێبه له جوانی و به هێزیدا و چیرۆكهكانی دووباره ئهبێتهوه، قورئانی پیرۆز ڕوونكهرهوهی ههموو شتێكه، هیدایهت بهخش و ڕهحمهتهو مزگێنیشه بۆ موسلمانان و چاكترین ڕێگاو ڕێبازه، درودو ڕهحمهت بۆ سهر ئهو نێردراوهی كه ڕهحمهت و بهرهكهته بۆ ههمووو جیهان، گهورهو خۆشهویستمان موحهمهد (ﷺ)، ومیهرهبانی بڕژێ بهسهر خانهوادهو ئهصحاب و شوێن كهوتوانی و ئهوانهی شوێنیان كهوتوون به چاكه تا ڕۆژی دوایی.

به دڵنیایهوه خودای مهزن فهرمانی كردووه به ڕووكردنه قورئانی مهزن به خوێندنهوهو لهبهر كردن و تێگهیشتن و بیرلێكردنهوهو كارپێكردنی له زۆر ئایهت له قورئانی پیرۆز، یهكێك لهو ئایهتانه دهفهرموێت: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَتۡلُونَ كِتَٰبَ ٱللَّهِ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنفَقُواْ مِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ سِرّٗا وَعَلَانِيَةٗ يَرۡجُونَ تِجَٰرَةٗ لَّن تَبُورَ ٢٩ ﴾ فاطر: ٢٩

وههروها پێغهمبهری خۆشهویستمان(ﷺ) ئامۆژگاری كردووین كه خۆمان فێری قورئانی پیرۆز بكهین و كهسانی تریش فێر بكهین، ههر وهك ئهفهرموێت: (خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ)

پهروهردگاری پاك و بێگهرد خهڵكانێكی ئامادهكردووه له ههموو كات و سهردهمێكدا، هاوكاری كردوون بۆ خزمهت كردنی قورئانی پیرۆز، تاوهكو بهڵێنی پهروهردگار بێته دی له پاراستنی پهرتوكهكهی. ﴿ إِنَّا نَحۡنُ نَزَّلۡنَا ٱلذِّكۡرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ٩ ﴾الحجر: ٩

ژیانی خۆیانیان تایبهت كردووه بۆ خزمهت كردنی قورئانی پیرۆز، وهریان گرتووه، ههروهك چۆن پێغهمبهر(ﷺ) وهری گرتوهو كهسانی دوای خۆی فێركردووه، موسلمانانیش له ههمووو سهردهمێكدا قورئانیان خوێندووه به خوێندنێكی پاراو

وجوان هەر وەك چۆن دابەزیووە، پاشان پێمان گەشتووە بە پاك و بێگەردی دوور لە هەموو هەڵەو كەم و كورتیەك، بە سەنەدێكی نەپچڕاو دەست بە دەست تاوەكو دەگات بە پێغەمبەری خۆشەویستمان(ﷺ).

بە شێوەیەكی گشتی وڵاتمان بە تایبەتی گرنگیەكی زۆری داوە بە قورئانی پیرۆز، بە شێوەیەك كە بە هەزارەها ئەزبەركاری (حافز) قورئانیان تێدا هەڵكەوتووەو لە هەردوو ڕەگەز بە دەیەها هەزار قورئانخوێنیان تێدا هەلكەوتووە، سوپاس بۆ ئەو خودایەی خاوەنی هەمووو فەزل و چاكەیەكە، وسوپاس بۆ ئەو چاكەو میهرەبانیەی لەگەڵ ئێمە كردویەتی، خەریك بوون بە قورئان باشترە لەوەی كە خەڵكی لە مولك و سامان كۆیدەكەنەوە. سوپاس بۆ خودای گەورە، خەڵكی پێش بڕكێ دەكەن بۆ خزمەت كردنی قورئانی پیرۆز، بەمەبەستی دەست كەوتنی خێرو پاداشت.

یەكێك لەوانە برای خۆشەویست دكتۆر ئەحمەد ضەیف الله سەمهدانە، دەستی كردووە بە ئامادەكردنی زنجیرەیەك لە كتێبی قیڕائاتی قورئانی پیرۆز، تا بیخاتە ژێر دەستی قوتابیانی زانستەكانی قورئانی پیرۆز، ناوی ناوە (الدرر الحسان) لە دە خوێندنەوەكانی قورئان ، تا بەشی هەبێت لەگەڵ هەمووو ئەو كەسانەی كە گرنگی بە قورئانی پیرۆز دەدەن و خەریكی ئەم كارەن، ئاسان كردنی فێربونی قیڕائاتی قورئانی پیرۆز و شارەزاكردنی كەسانی تر، من سەیری ئەم كارەم كرد بۆم دەركەوت كە ماندوبونێكی زۆر پیرۆزی تێدا بەكار هێناوە، دە خوێندنەوەكانی قورئانی لە خۆ گرتووە بە شێوەیەكی ئاسایی و ئاسان بۆ فێرخوازانی، بە وردبینی و جوان وەرگرتنی.

سەرەتا دەستی كردووە بە باس كردنی بنچینەكانی خوێندنەوەی قاریئەكە، ئەوەی كە مەبەستە لە باسەكەدا، دواتر دەستی كردوە بەوەی كە جیاوازەو پێچەوانەی قیڕائەتی (حەفصە)و (فەرش)[1].و بنچینەكانیەتی، پیت پیت و وشە وشە، پاشان لە بەشی سێهەم دەستی كردووە بە باس كردنی وشەكانی (فەرش) كە پێچەوانەی خوێندنەوەی (حەفصە). پەرتوكەكە گشتگیرە بەوەی كە جیاوازی قاریئەكە لە خۆ دەگرێت و فێرخواز شتە ونبوەكانی خۆی تێدا دەدۆزێتەوە.

[1] فەرش: زاراوەیەكی زانستی قیڕائاتی قورئانە، كە ئاماژەدەكات بەو ووشانەی كە لە خوێندنەوەیاندا جیاوازی هەیە لە نێوان قاریئەكاندا. (وەرگێڕ)

داواكارم له‌ په‌روه‌ردگار ئه‌م به‌رهه‌مه‌ سودی هه‌بێت بۆ هه‌موو خه‌ڵك به‌ شێوه‌یه‌كی گشتی و خه‌ڵكی تایبه‌تمه‌ند به‌ قورئانی پیرۆز به‌ تایبه‌تی، وپاداشتی برای به‌ڕێزمان كاك ئه‌حمه‌د بداته‌وه‌ كه‌ هه‌ستاوه‌ به‌م كاره‌ چاكه‌ به‌ باشترین شێوه‌ وئه‌مه‌شی بۆ بكاته‌ چاكه‌یه‌كی نه‌بڕاوه‌ به‌و زانسته‌ی كه‌ خه‌ڵكی سودی لێببینێ، وداواكارم خودای مه‌زن هێزو چالاكییه‌كی پێ ببه‌خشێت بۆ خزمه‌ت كردنی په‌رتوكی په‌روه‌ردگارو بڵاوكردنه‌وه‌ی زانسته‌كانی قورئان تا بچێته‌ ژێر ئه‌م فه‌رموده‌ی پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) كه‌ ئه‌فه‌رموێت: (خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ).

په‌روه‌ردگار ئه‌م كاره‌مان لێ وه‌ربگره‌و له‌ ڕیزی چاكه‌كانماندا تۆماری بكه‌، چونكه‌ به‌ڕاستی تۆ په‌روه‌ردگاریكی زۆر بیسه‌رو زانایت، ته‌وبه‌و په‌شیمانیمان لێ وه‌ربگره‌و بێگومان تۆ په‌روه‌ردگاریكی زۆر ته‌وبه‌ وه‌رگرو میهره‌بان و دلۆڤانی، خودایه‌ بمانگێره‌ له‌ ئه‌صحابی قورئانی پیرۆزو نزیك له‌ خۆتت به‌ تایبه‌ت، خودایه‌ دڵێكی پاك و مه‌به‌ستێكی بی گه‌ردمان پێ ببه‌خشه‌ له‌ گوفتارو كرده‌وه‌دا، خودایه‌ كۆتایی ته‌مه‌نمان پر خێر بكه‌ی.

درودو ڕه‌حمه‌ت بۆ سه‌ر پێشه‌واو خۆشه‌ویست و پێغه‌مبه‌رمان (محمد)(ﷺ) وبۆ سه‌ر خانه‌واده‌و یارانی به‌ گشتی.

عبدالرحمن ی كوڕی یوسف الجمل[1]

---

[1] دكتۆر: عبدالرحمن یوسف احمد الجمل، پێشه‌وای قورئانخوێنانی فه‌له‌ستین، له‌ دایك بووی 1961ز، دانیشتووی نه‌سیرات له‌ ناوه‌ڕاستی كه‌رتی غه‌زه‌، مامۆستای به‌ژداربو له‌ ته‌فسیر و زانسته‌كانی قورئان و خوێندنه‌وه‌كانی قورئان له‌ كۆلێژی بنه‌ماكانی ئاین له‌ زانكۆی ئیسلامی له‌ غه‌زه‌، كاری كردووه‌ وه‌ك مامۆستای یاریده‌ده‌ر له‌ كۆلێژی بنه‌ماكانی ئاین، دواتر بۆته‌ عه‌میدی كۆلێژی ناوبراو، ئێستا كار ده‌كا وه‌ك سه‌رۆكی ده‌زگای قورئانی پیرۆز و سونه‌ له‌ كه‌رتی غه‌زه‌ و سه‌رۆكی فه‌رمانگه‌ی قیراِئاتی سه‌نه‌ده‌كانی قورئانه‌، به‌ڕێز دكتۆر عبدالرحمن الجمل پێشینه‌ی چاكه‌و ماڤ به‌سه‌رمانه‌وه‌ هه‌یه‌ له‌ دوای په‌روه‌ردگاری مه‌زن له‌ بلاوكردنه‌وه‌ی زانسته‌كانی قورئانی پیرۆزو جوان خوێندنه‌وه‌ی له‌ غه‌زه‌، چه‌ند په‌رتوكێكی بڵاو كراوه‌ی هه‌یه‌ له‌ قیراِئاتی قورئان و سه‌نه‌ده‌كانی وه‌رگرتوه‌و ڕێگه‌ پێدراوه‌ له‌ لایه‌ن كۆمه‌ڵێك به‌ڕێزو مامۆستای گه‌وره‌وه‌، له‌وانه‌ی مامۆستاو شێخی گه‌وره‌ به‌ڕێز د. حلمی عبدالرؤوف محمد عبدالقوی.

بهناوی خودای بهخشندهی میهرهبان
پێشهكی به پێنووسی شێخ: سهعید زهعیمه

سوپاس بۆ پهروهردگاری جیهانیان، ڕهحمهت وسهلام بڕژێ بهسهر چاترینی پهیامبهران و پێشهوای بڕواداران، ئهو كهسهی كه كتێبێكی بهسهر دابهزیوه هیچ خواری و كهم و كورتی تێدا نیه، نه لهپێش و نه له دواوه.

سهیری ئهم زنجیره پیرۆزهم كرد كه ناونراوه به گهوههرهكانی قیراِئاتی قورئان (الدرر الحسان) له ده خوێندنهوهكانی قورئان، كه دكتۆر ئهحمهد ضهیف الله باوكی سهمهدانه، بینیم پڕه له زانیاری ورد له ناوهڕۆكدا.

منیش داواكارم له یهزدان كه سودی ههبێ بۆ ئاینی ئیسلام و موسڵمانان بهوهی كه داڕێژراوهو نوسراوهتهوه لهم زنجیره پیرۆزهدا .

دووباره سوپاس بۆ پهروهردگاری جیهانیان

نوسینی شێخ:
سعید صالح زعیمه [1]

---

[1] شێخی پزیشك: سهعید صالح مصطفى زعیمه، زانایهكی لێكۆلهرو كاربهجێیه، یهكێكه له زانایانی خوێندنهوهكانی قورئان له ئهسكهندهریه، پزیشكی جهڕاحه له ئهزههر، له دایك بوی1957ز، دهرچوی پهیمانگای سهموحهیه، بۆ قیراِئاتی قورئانی بڕوانامهی بالای وهرگرتوه له ده خوێندنهوهكانی بچوك و گهوره، شیكردنهوهو ڕوونكردنهوهی ههیه لهسهر دهقهكانی شێخ و زاناكان وهك شاطبی و ئیبن جهزری و جهمزوری، قورئانی پیرۆزی بهتهواوی خوێندۆتهوه به ده خوێندنهوهكانی بچوك و گهوره بهسهر زانا شێخ موحهممهد عبدالحمید عبدالله خلیل ، خاوهنی بهرزترین پالپشته له جیهاندا له خوێندنهوهی ده قیراِئاته گهورهكه، وشێخ سهعید قورئانی خوێندۆتهوه بهسهر زۆر شێخ دا كه باس دهكرێن نزیكهی چل پیاو و ئافرهت دهبن، ههمووی ڕێپێدانیان وهرگرتوه، بۆ نمونه كهسێكه بهناوی عبدالفتاح مهدكور، وههروها شێخ سهمنودی،و شێخ عهلی نحاس،و شێخ عهلی رحال،و دایكی سهعد، ومۆلهتی له خوێندنهوهی دهی بچوكی پێداوم بهناوی مامۆستا تناظر النجولی، زۆر كتیبێی ههیه له زانستی خوێندنهوهكانداو جگه له خوێندنهوهكانیش، ههول و كۆشش و ماندوبونێكی زۆری ئهنجام داوه له بلاْوكردنهوهی زانستی قیراِئات، لهگهڵ ئهوهش زانستێكی بهرفراوانی ههیه له زانستی نهحوو صهرف و تهفسیر و زانسته شهرعیهكاندا.

به‌ناوی خودای به‌خشنده‌ی میهره‌بان
پێشه‌كی شێخ: جه‌مال القرش

سوپاس بۆ خودای تاك و ته‌نیا، درودو ڕه‌حمه‌ت بۆ سه‌ر گیانی ئه‌و كه‌سه‌ی كه هیچ پێغه‌مبه‌رێك له دوای ئه‌و نایه‌ت.

ئه‌م په‌رتووكه‌م بینی كه ناونراوه به (الدرر الحسان) له ده خوێندنه‌وه‌كانی قورئانی پیرۆز، له نوسینی شێخی ڕێزدار دكتۆر/ ئه‌حمه‌د ضه‌یف الله باوكی سه‌مه‌هدانه ، بینیم كتێبێكی چاكه له داڕشتن، شتێكی جوانی پێش كه‌ش كردوه، سود به‌خشه له بابه‌ته‌كانیدا، ئاسانه له‌سه‌ر زانست خوازان، تكاكارم له په‌روه‌ردگار سودی بگێنێت له هه‌موو كات و ساتێكدا، چونكه ته‌نها ئه‌و پشتیوان و به‌هێزه له‌سه‌ر هه‌مووو شتێكدا.

(والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته)

ووته‌ی شێخ:

جه‌مال ی كوڕی ئیبراهیم القرش [1]

---

[1] شێخ: جه‌مال ی كوڕی ئیبراهیم ی كوڕی موحه‌ممه‌د القرش، له دایك بوی 1963ز، چه‌ن ڕێگه پێدراوێكی به‌ده‌ست هێناوه له خوێندن و خوێندنه‌وه‌دا، بڕوانامه‌ی زانكۆیی هه‌یه له كۆلێژی ئاداب و په‌روه‌رده به‌شی زمانی عه‌ره‌بی سالی1987ی زاینی، سه‌رپه‌رشتیار بووه له به‌شی قورئانی پیرۆزو زانسته‌كانی له بنكه‌ی یه‌كه‌م بۆ په‌ره‌پێدانی په‌روه‌رده‌یی له ڕیاز، به‌ژداری له زۆر خول كردووه وه‌ك لێهاتویی و سه‌رپه‌رشتیاری كارا، كاری ڕاوێژكاری كردوه‌و سه‌رۆكی به‌شی سه‌رپه‌رشتیاری په‌روه‌رده‌یی بووه له به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی گشتی خانمانی پێشو له ولآتی سعودیا، وهه‌روه‌ها كاری كردوه وه‌ك به‌ڕێوه‌به‌ر بۆ كاروباری فێركردن له قوتابخانه‌كانی ناوه‌ڕاست له سالی1427ی كۆچی تا وه‌كو سالی1433ی كۆچی، به‌ژداری كردوه له پێش بركێی نێو ده‌وڵه‌تی بۆ له‌به‌ر كردنی قورئانی پیرۆز له وڵاتی كویه‌ت له سالی 1432ك، و 1433ك، چه‌ن نوسراوێكی خۆی هه‌یه له (التدبر، التجويد، الوقف، العلوم التربوية، العقيدة)

كوردی	عربی	ژ
جوڵه	حركة	1
گۆڕین	ابدال	2
له‌بری	بدل	3
زه‌نه‌دار	سكون	4
شه‌ده‌دار	شدة	5
ضه‌مه‌دار	ضمة	6
فه‌تحه‌دار	فتحة	7
كه‌سره‌دار	كسرة	8
گوتراو	لفظي	9
دانه‌پاڵ	اضافة	10
وه‌ستان	وقف	11
نه‌وه‌ستان	وصل	12
كورت كردن	قصر	13
خوێندنه‌وه	تحقيق	14
درێژكردنه‌وه	مد	15
گوتنی(الله اكبر)	التكبير	16
گوتنی(الحمدلله)	التحميد	17
گوتنی(لا اله الا الله)	التهليل	18
درێژكردنی دوو جوڵه	قصر	19
درێژكردنی چوار جوڵه	توسط	20
درێژكردنی شه‌ش جوڵه	اشباع	21
لابردن یان ئاسان خوێندنه‌وه	تسهيل	22

بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان

پێشەكی:-

سوپاس بۆ ئەو خودایەی قورئانی پیرۆزی كردۆتە ڕۆناكی بۆ خەڵك تا ڕێ نیشاندەری گومڕاو سەرلێشێواوان بێت، وخەڵكی لە تاریكی نەزانی ڕزگار كردووە بەرەو ڕوناكی قورئانی پیرۆز، ودەروونی پاك كردۆتەوەو دەری هێناون لە سەر گەردانی و بەرەو جوانترین و بەرزترین پلەوپایەی بردوون.

ڕەحمەت و میهرەبانی برژێ بەسەر پێشەومان، موحەممەدی كوڕی عبدالله(ﷺ)، ئەو كەسەی كە ﴿أَوۡ زِدۡ عَلَيۡهِ وَرَتِّلِ ٱلۡقُرۡءَانَ تَرۡتِيلًا﴾ی بەسەردابەزیوە.

بەهۆی ئەم قورئانە پیرۆزە چلكی ئارەزوەكانی لابردوە لەگەڵ پیسیەكان، هەر بەهۆی ئەم قورئانە پێشەوایەتی بۆ مرۆڤەكان دروست كردووە، بوون بە نمونە لە پۆشاكی هێزی باوەڕدا، دروود لەسەر خانەوادەی ئەم پەیامبەرەو ئەم هاوڕێیانەی كە چاكترین كەس بوون، ودروود لەسەر ئەوكەسانەش كە شوێن كەوتەی ڕێبازی ئەوانن لە پیاو چاكان و پاكان، ئەوانەی قورئانی پیرۆزیان ئەزبەر كردو پارێزگاریان لێ كرد، پەروەردگار پاداشتی چاكەكانیانی داوە لە دونیاو دوارۆژدا، پەروەردگار چاكەكارانی خۆش دەوێت:

بە دڵنیایەوە زانستی تەجویدو خوێندنەوەكانی قورئانی پیرۆز لەپێشینەی زانستەكانی ترە لەباس كردن و یادگەدا، وپیرۆزترین شوێن و پێگەیان هەیە ، چونكە پەیوەستن بە فەرمودەی پەروەردگاری جیهانیان بە شێوەیەك ئەو زانستەو ئەو زنجیرە قورئانیانە پاداشتێكی زۆری لەسەرە، پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: (مَا اجْتَمَعَ قوم في بيت من بيوتِ اللهِ يَتْلُونَ كتابَ اللهِ تعالى ، ويتَدَارَسُونَهُ بينهم إلا نَزَلَتْ عليهم السكينةُ ، وَغَشيَتهم الرحمةُ ، وحَفَّتهمُ الملائكةُ ، وذَكَرهُمُ اللهُ فيمن عِندَهُ)[1]

[1] ئەبو داوود، پەرتووكی نوێژ، باسی تفريع أبواب الوتر، باب في ثواب قراءة القرآن، ژ1455، لاپەڕە189.

دوای ئەوەی فێرکردنی قورئانی پیرۆزو شارەزابوون لێی، وبلأوکردنەوەی شێوەی خوێندنەوەکەی و گێڕانەواکانی، نزیکت دەکاتەوە لە پەروەردگاری جیهانیان، بە پالْ پشتی فەرمودەی پێغەمبەرمان (ﷺ) کە ئەفەرموێت: (خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ)[1]. واتا: چاکترینتان ئەو کەسانەن کە خۆی فێری قورئان دەکات و کەسانی تریش فێر دەکات.

لەسەر وەلأم دانەوەی پێشنازی هەندیْ لە هاوڕێیان، ئیستخاڕەی پەروەردگارم کرد، داوای کۆمەك و هاوکاری و ڕێنیشاندانی پشت ئەستوریم لیْ کرد، ئەویش دلْ و دەروونمی ئارام کرد لەسەر نوسینی ئەم بابەتەی ئەم بەشەدا، بە هیوای ئەوەی بتوانم ببم بە شوێن کەوتەی پێغەمبەرەکەم (ﷺ) دەستم پیْ کرد بە داوای پالْ پشت و هاوکاری خودای گەورە لەسەر بلاوکردنەوەی ئەم زنجیرە قورئانیەی پاش ئەوەی کە سەربەرزو سەر فراز بووم بە وەرگرتنی فێربونی زانستی دە خوێندنەوەکانی قورئانی پیرۆز خوێندنەوەی بچووك و گەورەو چوار جۆر خوێندنەوە شازەکان (القراءات الشاذة) بە پالْ پشتی مامۆستا بەرێزەکان و لەسەر دەستی شێخە بەڕێزەکانم، دەست پیْ دەکەم لەم ڕووەی کە هەست بە بەرپرسیارەتی دەکەم، نەك لەڕووی ئەوەی کە بلێم من شایەنی ئەم کارەم.

ئەو ڕێگایەی گرتومەبەر لەم زنجیرەدا، بریتیە لە زنجیرەیەك لە خوێندنەوەکانی قورئانی پیرۆزو زانستەکانی کە ناوم ناوە (الدرر الحسان) لە دە خوێندنەوەکانی قورئانی پیرۆز، من ئەم بابەتەم کۆکردۆتەوە لە کتێبەکانی پێشو، وئەوەشی کە وەرم گرتوە لە مامۆستاکانم، باسی ئەو جیاوازیانەم کردووە کە ڕاویەکان یان قاریئەکە پێچەوانەی پێشەوا حەفصی کردووە، باسی یەك دەنگیم لە نێوانیاندا نەکردووە، مەگەر کەمێك جار نەبیْ کە باسی یەك هەلْ وێستیان ئەکەم زیاتر بۆ ڕوون کردنەوەو تەواوکەری سودەکانە، ئەم پەرتوکەی لە ژێر دەستی خوێنەری بەرێزدایە کردومە بە سیْ بەش، لە

---

[1] بوخاری، له باسی خیرکم من تعلم القران و علمه، ژمارەی فەرمووده5027، لاپەڕە436.

بهشی یهكهم : باسی بنچینهكانی خوێندنهوهی پێشهوا ئبی عهمری بسڕی به ریزبهندی بابهتهكانیشیم ڕێك خستووه به پێی ئهوهی كامهیان گرنگتره لهوی تر، بهپێی ئهو ئهزمونهی كه ههم بووه له وانه وتنهوهی قورئانی پیرۆزدا.

له بهشی دووم : به شێوهیهكی گشتی زیاتر باسی بنچینهكان و (فهرش)م كردووه، به شێوهیهكی ڕێك و پێك باسم له وردودرشتی ووشهكان كردووه، وهیچ جیاوازی نیه له نێوان ئهم وشه ناكۆكه له وشهكانی بنچینهیی بێ یاخود (فهرش) بێ، تاوهكو پێداویستیهكانی كهسی سهرهتایی جێ بهجێ بكات، ئهمهش له ڕێگهی دروست كردنی خشتهیهكی سێ ستونی بهم شێوهیه:

ستونێكیان تایبهته به پێشهوا (حفص) ستون تایبهته به پێشهوا یهعقوبی حهزرهمیو ستونێكیان تایبهته به ڕوونكردنهوهی چۆنیهتی خوێندنهكان، سهبارهت به بهشی سێیهمی ئهم پهرتووكه لێكچونێك ههیه لهگهڵ بهشی پێشه خۆی تهنها ئهوه نهبێ من كورتم كردۆتهوه تهنها به بهكارهێنانی وشهی (فهرش) لهگهڵ كهمێك زیاده، تا ئامانجهكان بهدهست بێنێت و ئاسان بێ بۆ ئهو كهسانهی كه شارهزاییان ههیه له خوێندنهوهكاندا له كاتی گهڕانهوهدا بۆ ئهم بهشه، وبتوانێ ووشهكانی (فهرش) دهربهێنێ به شێوهیهكی خێرا بێ كات كوشتن.

من لێرهدا باسی پێشهكیهكهی(ئیبن مههران)ی ئهصفههانیم كردووه خاوهنی كتێبی (المبسوط) له ده خوێندنهوهكانی قورئانی پیرۆز، تیایدا باس له كتێبهكهی خۆی دهكان ده فهرموێت: (دهمهوێت پێتانی ڕابگهێنم كه من پۆلێنم كردووه تهنها بۆ تێگهیشتن و بهرچاو ڕوونیه، بۆ ئهو كهسانهی كه شارهزایی تهواویان ههیه لهم بوارهدا، و هونهری تهواوی ههیه له زانستهكان و ئاكارهكاندا)

به مێشكم داهات كه ههندێ بابهتی پهروهردهیی تێكهڵاو بكهم لهم زنجیره پیرۆزهدا، وهك مهبهستێك لهوانهوتنهوهكانی خوێندنهوهی قورئانی پیرۆز له زنجیرهو دانیشتنهكانی قورئان و ڕێگهی زنجیرهكانی قورئانی تایبهت به خولی پێشهوا یهعقوبی حهزرهمی، وتوندو تۆڵكردنی زنجیرهكانی قورئانی پیرۆز تایبهت به خولی ناوبراو، كاتێ

تاقیکردنەوەکان و گشت بابەتەکان تەواو ئەبن بەیەکتر پەیوەست ئەکرێن، وجگە لە کاری تری پەروەردەیی کە شاراوە نیە لای هەمووو کەسێکی تێگەیشتوو، ئەوانەی باس کران هەمووویان لە چوارچێوەی تەواوبوندا لە نێوان چوار چێوەی تیۆری و لایەنی کرداری دەبێتە یارمەتیدەر بۆ مامۆستا یان خوێنەر تا پشتی پێ ببەستێ لە کاتی فێرکردن و فێربوونی ئەم قیرائەیە.

داواکارم لە خودای مەزن ئەم زنجیرە قورئانیەم بۆ وا لێبکات کە مەبەستم تەنها ڕازی بوونی ئەو بێت و تەنها لە پێناو ئەودا بێت، تکام وایە لێم وەربگرێت بە باشترین شێوە، وڕێزێکی گەورەو بێ پایەنی بۆ دانێ، سودی بۆ نوسەرەکەی و ئەوکەسانەشی کە لە دەورو بەریدان هەبێت، وهەروها سودەکەی بگێنێ بە نەوەی داهاتوو پشت بە پشت، منیش بپارێزێت لە بیرۆکەی نابەجێ، وپێنوسیشم ڕزگار بکات لە هەڵە، هەرکەسێ کەمتەرخەمیەکی بینی تیایدا یان هەڵەو کەمو کورتیەکی تیایدا دۆزیەوە تکای لێ دەکەم پۆزشم بۆ بێنێتەوەو ئامۆژگاریم بکات و چاکی بکاتەوە.

پێویستە ئەوەش بلێم کە ئەم ماندوبونەی من بۆ خزمەت کردنی پەرتووکی خودای گەورە هەر چەندە زەحمەتی تێدایە بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا تام و چێژێکی تایبەتی خۆی هەیە، هەرچەندە ئەزیەت و ناخۆشی تێدا دروست بێت ئاسان دەبێت.

بەرلەوەی پێنوسی ڕوون کردنەوە هەڵگرم، بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر(ﷺ) کە دەفەرموێت: (من لاَ يَشْكُرُ اللَّهَ لاَ يَشْكُرُ النَّاسَ)[1]

سوپاس و پێزانینم ئاراستەی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە هاوکارو یارمەتیدەرم بوون، پاداشتی چاکە کارانیش تەنها چاکەیە.

سوپاسێکی بێ پایان و تایبەت بۆ شەیخەکەم بەڕێز (سولەیمان ی باوکی عاذره) چاکەو مافی بەسەرمدا هەیە ، ئەو لە تەرازوی ژێریدا پێش دەخرێت، لەسەر پێداچونەوەی ئەم زنجیرە باسە و ڕاست کردنەوەی لە ڕووی زمانەوانیدا.

---

[1] ترمژی، باسی(ما جاء في الشكر لمن أحسن اليك)، ژ6601، لاپەڕە383.

وه‌هه‌روه‌ها سوپاسی برای به‌ڕێزم (عبدالسلام طباسی) **ده‌كه‌م له‌سه‌ر پێداچوونه‌وه‌و زیاده خستنه سه‌ر شێوه هونه‌ریه‌كه‌ی له ده‌رچوون و ڕاخستنی ئه‌م په‌رتووكه، وسوپاس بۆ شێخی به‌ڕێز** (عبدالله جمال العرقان) **له‌سه‌ر ئه‌م ماندوبونه‌و بوونی په‌یوه‌ندی به‌رده‌وام له‌گه‌ڵ مامۆستایان بۆ پێش كه‌ش كردنی ئه‌م زنجیره پیرۆزه.**

له كۆتاییدا سوپاسی هه‌موو ئه‌و كه‌سانه ده‌كه‌م كه سودیان پێم گه‌یاندوه به ڕسته‌یه‌ك، یان سودیان پێم گه‌یاندوه به ئاماژه‌یه‌ك، یان منیان ڕاست كردۆته‌وه له هه‌ڵه، یارمه‌تیان داوم به نوسین، گه‌ر بمه‌وێ سوپاس و پێزانینیان كورت بكه‌مه‌وه ته‌نها ده‌ڵێم ئه‌وه‌یان لامه كه به نیاز پاكی بۆیان بپاڕێمه‌وه.

خزمه تكاری قورئانی پیرۆز

د. ئه‌حمه‌د ضیف الله عومر ئه‌بو سه‌مهه‌دانه

ڕێگه پێدراوی ده قیرائاتی (خوێندنه‌وه‌كانی) قورئانی پیرۆز

بچوك و گه‌وره

و چوار جۆره ده‌رچووه‌كه له قیرائاتی قورئانی پیرۆز

دهروازهیهك:-

سوپاست دهكهم لهسهر وهرگرتنی ئهم پهرتووكه، ئومێدهوارم پالپشتت بیٚ له بیرۆكهو زانیاری به سود، هاوكاریت بكات لهسهر خوێندنهوهی پهرتووكی پهروهردگار به شێوهیهكی ڕاست و دروست.

ههروها ئومێدهوارم – له ڕێگهی ئهو پۆسته ئهلیكترۆنیهی داندراوه له سهرهتای ئهم پهرتووكه – دهولهمهندم بكهیت به تێبینیهكانت، وئهم پهڕاوه گرنگانهی كه من ههڵوهستهیان لهسهر دهكهم، ئهو دێرانهی كه من هێلم له ژێر داوه، هیچ شتێك لهوه چاكتر نیه كه نوسهر ببینیٚ نوسراوهكهی به جوانترین شێوه نوسراوه، به تایبهت ئهگهر نوسین و پهرتوكهكهی پهیوهست دار بێت به قورئانی پیرۆز، ئهوه زیاتر بایهخی پیٚ دهدات و دڵنیایی لهسهر دهبێت.

پێم باشه لێرهدا ئهوه بگوازمهوه كه (عیماد الاصفهانی)[1] باسی كردووه سهبارهت به كهمتهر خهمی و ماندوبونی مرۆڤ، سهرهڕای گشت ههوڵهكانی، بۆ پوخت كردنی شتهكان و ڕاستكردنهوهیان و بهدواداچونیان، دهفهرموێت: "من ئهبینم هەركەسێك پهرتوكێك بنوسێت له ڕۆژی دواتر ده لی: ئهگهر لهبری ئهمه ئهمهم بهكار بهێنابوایه باشتر بو، ئهگهر ئهوهی بۆ زیاد كرابوایه چاكتر بو، ئهگهر ئهوه پێش بخرابوایه گرنگتر بو، ئهگهر ئهوه لا بردرابوایه جوانتر بو، ئهمهش گهورهترین پهنده، بهڵگهی سهلماندنی ئهوهیه كه نوسینی ڕستهكانی مرۆڤ كهم و كورت و ناتهواون" ئیبن قهییمی جوزی، د.ت، بهرگی1، لاپهڕه2).

داواكارم له بهڕیزت كاتێكت ههبێت بگهڕێیتهوه بۆ ماڵپهڕی فهیس بوك: بهناوی (الدرر الحسان في القراءات العشر للقرآن، یان ماڵپهڕی كهسی من)، چونكه من

---

[1] ارهتی نوسینی ئهدبیات ی بهناوبانگ عیماد ئهصفههانی، پاشان بهناوی عیماد بلاٚوبۆتهوه، لهم بارهیهوه سهیری: عبدالله ی كوڕی عبدالرحمن ی بهسام بكه: كتێبهكهی بهناوی (توضيح الاحكام من البلوغ المرام) مهككهی پیرۆز، نوسینگهی الاسدی، چ5، بهرگی1، 2003ز، لاپهڕه3.

ده‌مه‌وێت هه‌ندێ شتی باش و ده‌ستكاری و نمونه و سه‌رچاوه‌ی تر دابنێم كه به ڕاستی سودیان بۆ تۆ ده‌بێت له دواییدا.

له نوسینی ئه‌م په‌رتوكه‌دا شێوازێكی تایبه‌تم به كار هێناوه – پاش داوای یارمه‌تی و پاڵ پشتی له په‌روه‌ردگار – لێره‌دا به كورتی باسی ده‌كه‌م به‌م شێوه‌ی خواره‌وه:

1. نوسینی ئایه‌ته‌كانی قورئانی پیرۆز به وێنه‌ی عوسمانی.

2. نوسینی فه‌رموده‌كانی پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) به سه‌رو ژێره‌وه‌و به نوسینێكی جیا له نوسینه‌كانی تر، مه‌به‌ست له‌م كاره‌ش بۆ گه‌وره‌یی و پیرۆزی فه‌رموده‌ی پێغه‌مبه‌ره(ﷺ).

3. له كاتی نوسینی ئایه‌ته‌كانی قورئانی پیرۆز باسی ناوی سوره‌ته‌كه‌و ژماره‌ی ئایه‌ته‌كه‌م كردووه، ڕاسته‌و خۆ له‌دوای ئایه‌ته‌كه‌م داناوه تا نوسینه‌كان زۆرو تێكه‌ڵاو نه‌بێت.

4. پێناسه‌ی زاراوه‌كانم كردووه به‌پێی توانا.

5. ڕونكردنه‌وه‌ی واتای هه‌ندێ وشه‌ی نادیار له په‌راوێزدا .

6. پێناسه‌ی هه‌ندێك كه‌سایه‌تی كه ناویان هاتووه له‌م په‌رتوكه‌دا.

7. من پێداگربوم – به پێی توانا– له بیركردنه‌وه‌و هه‌ڵوه‌سته له وه‌رگرتنی هه‌ر بابه‌تێك یان بڕیارێك له‌سه‌ر دیارده‌یه‌ك، له‌به‌ر ئه‌وه ڕۆچوون له فه‌رمانێك كه په‌یوه‌ندی به قورئانی پیرۆزه‌وه هه‌یه ئه‌وه ده‌خوازێت كه به‌دواداچونی بۆ بكه‌یت و لێی

وردبیتەوە جوان تێڕابمینێیت، ئەوەش بە یارمەتی پەروەردگار و چاكەی ئەوە بەسەرمەوە، لەگەڵ كورتی كات و دووری ڕیگادا.

8. لە كاتی وەرگرتنی دەقێك وەكو خۆی، دەقەكەم خستۆتە نێوان دوو كەوانەی دەقی" " لەگەڵ ئەوەش ئاماژەم بە سەرچاوەكەی كردووە لە ناوەڕۆكەكەیدا.

9. ئەگەر وەرگرتنی دەقەكان بە واتاكەی بو، واتا كاتیَ گەڕایەوە بۆ خودی دەقەكە بینیت بە دەست كاریەوە باس كرابو ئەوە وشەی {سەیركە}م بۆ بەكارهێناوە ئاماژەشم پیَ كردووە كە سەرچاوەكەی بەم شێوەیە، ئەم شێوازە بەكاردێنم لەكاتی بەناوبانگ بوونی دەقەكە یان دیار نەبوونی خاوەن وتەكە، ئەگەر لە نێوان وشەكاندا ئەم خاڵانەم دانا (....)، ئەمە واتا بەشێك لە وتەكان نادیارەو پێویست بە باس كردنی نیە بەڵكو دەبێت پوخت بكرێت، یان سود لە باس كردنی نیە.

10. لەكاتی وەرگرتنی دەقێك و خستنە ڕستەیەك بۆ ناو دوو كەوانە لە كاتی نوسیندا، ئەمە مانای ئەوە دەگەیێنێت كە ئاگاداربە ئەوەی نێوان كەوانەكانە وتەی خۆمە، نەك وتەی وەرگیراو.

11. هەر وشەیەك پێویستی بە سەرو ژێر هەبێت سەروژێردارم كردووە تا تێكەڵاو نەبێت لەكاتی دەربڕینا.

12. ناوەڕۆكم بۆ سەرچاوەكان داناوە – كە ئەوەش زۆر یارمەتی دەرم بو بۆ ئەم پەرتوكە – كۆكراوەیەو یەك لەدوای یەك دامناوە بەپێی ریزبەندی پیتەكانی زمانی عەرەبی، وناوەڕۆكم داناوە بۆ بابەتەكانی ناو پەرتوكەكە لە كۆتایی كتێبەكەدا.

13. دانانی ژماره‌و نیشانه‌كانی خاڵبه‌ندی وه‌كو: نیشانه‌كانی پرسیار هتد....) بۆ ڕوونكردنه‌وه‌ی ده‌قه‌كان ئه‌مه‌ش به مه‌به‌ستی جیاكردنه‌وه‌یه‌تی.

14. گه‌ڕاومه‌ته‌وه سه‌ر به‌شێكی زۆر له سه‌رچاوه‌و ماسته‌ر نامه‌ی زانكۆیی و بابه‌تی ترو مالپه‌ره ئینته‌رنێتیه‌كان، وگه‌ڕاومه‌ته‌وه بۆ ده‌یه‌ها سه‌رچاوه‌ی تر به‌لاّم به‌كارم نه‌هێناوه چونكه له‌گه‌لْ بابه‌تی من زۆر تێكی نه‌كردۆته‌وه.

15. زۆربه‌ی جار ئه‌و ده‌قه‌ی كه وه‌رمگرتووه ئاماژه‌م به‌سه‌رچاوه‌كه‌ی نه‌كردووه. تا ژێرنوسه‌كان زۆر نه‌بێت، ومن ئاره‌زوی كورت كراوه ده‌كه‌م و زیاتر ماندوبوونه‌كه‌م بۆ شتی گرنگتر به كاردێنم، له كۆتایی كتێبه‌كه‌دا باسم كردووه، له ناوه‌ڕۆكی سارچاوه‌كان ئه‌وه‌ی كه زۆر سودم لیٚ بینیوه له بڕگه زانستیه‌كه‌دا.

16. له كۆتایی: كاتێك بینیم به‌رفراوانیه‌ك هه‌یه له بنچینه‌و بڕگه‌كانی ئه‌م كتێبه‌دا و گشتگیریه‌كه‌یدا، دلنیابووم بڕگه‌كانی درێژه ده‌كێشێت، بینیم پێویسته ئه‌و بابه‌تانه‌ی ڕوون وئاشكران كورت كه‌مه‌وه له‌سه‌ر ئه‌وانی تر، مه‌به‌ست له‌م كۆششه ئاسایی كردنی بابه‌ته درێژه‌كان بوو.

ئه‌م ڕێگایه‌ی به‌كارم هێناوه بۆ وشه‌ی فه‌رش

به پێی توانا هه‌وڵمداوه پابه‌ندبم به به‌كارهێنانی نوسینی ڕه‌سمی عوسمانی له نوسینی وشه‌كانی فه‌رشدا.

- ✓ ئه‌گه‌ر وشه‌یه‌كه‌م به‌ڕه‌هایی به‌كارهێنا، واته مه‌به‌ستم پێی له‌كاتی وه‌ستان و نه‌وه‌ستانه (وقفاً – ووصلاً)
- ✓ (أ) ئاماژه‌یه به ئاسانكردنی هه‌مزه، ئه‌گه‌ر نوسینی پیته هه‌مزه‌كه له‌سه‌ر شێوه‌ی ئه‌لیف بوو، وه‌ك: [ءَأَعۡجَمِيٌّ].
- ✓ (ؤ) ئاماژه‌یه به ئاسانكردنی هه‌مزه، ئه‌گه‌ر نوسینی هه‌مزه‌كه له‌سه‌ر شێوه‌ی (و) بوو، وه‌ك: [أَؤُنَبِّئُكُم].
- ✓ (ئـ) ئاماژه‌یه به ئاسانكردنی هه‌مزه، ئه‌گه‌ر نوسینی هه‌مزه‌كه له‌سه‌ر شێوه‌ی به‌رزكردنه‌وه‌ی ده‌نگ بێت(نه‌برِه)، وه‌ك: [أَئِمَّةَ].
- ✓ (•) ئاماژه‌یه به ئاسانكردنی هه‌مزه، ئه‌گه‌ر نوسینی هه‌مزه‌كه له ڕیزی پیته‌كانی تر نوسرابێت، وه‌ك: [أَءِنَّكَ].
- ✓ (ـۜ) ئه‌م نیشانه‌یه له‌سه‌ر بێت، واتا خوێندنه‌وه‌ی ئه‌م پیته به پیتی(س) ده‌بێت، وه‌ك: [ٱلصِّرَٰطَ].
- ✓ (ـۛ) ئه‌م نیشانه‌یه له‌سه‌ر بێت، واتا وه‌ستان به پیتی(ه)ی زه‌نه‌دار، وه‌ك: [فِيمَ][فِيمَه].
- ✓ (ـۚ) ئه‌م نیشانه‌یه له‌سه‌ر پێت، واتا گۆڕینی پیتی(ت)ی له‌سه‌ر وه‌ستاو، به پیتی(ه) وه‌ك: [رَحۡمَتَ][رَحۡمَه].

✓ (ـُـ) ئەم نیشانەیە ئەگەر لە پاڵ جوڵەی تەنوین بوو، بەڵگەیە لەسەر ضـەمەدارکردنی پیتی نونی تەنوین، بەمەبەستی ڕزگاربوون لە گەیشتنە دوو پیتی زەنەداری ضـەمەمە، وەك: [بِرَحۡمَةٍۚ ٱدۡخُلُواْ] [بِرَحۡمَتِندخُلُواْ].

✓ (ـِـ) ئەم نیشانەیە ئەگەر لە پاڵ جوڵەی تەنوین بوو، بەڵگەیە لەسەر کەسرەدارکردنی پیتی نونی تەنوین بەمەبەستی ڕزگاربوون لە گەیشتنە دوو پیتی زەنەداری کەسرە، وەك: [أَحَدُۢ ۝ ٱللَّهُ أَكۡبَرُ].

✓ (ـ) ئەم نیشانەیە ئەگەر کەوتە ژێر پیت، بەڵگەیە لەسەر بوونی ئیماله[1]، وەك: [مَجۡرٜىٰهَا].

✓ ئەگەر ناوی ڕاوی (گێرەوەرەکە)م نەبردبوو، واتا هەردوو ڕاویەکە یەك خوێندنەوەیان هەیە، واتە جیاوازیەکە تەنها لەسەر یەعقوبی حەزرەمی٥ بە ڕاویەکانیەوە.

✓ لە بەشی یەکەم لە وشەکانی فەرش کورت کردنەوەم کردووە لەسەر ناو هێنانی پیتی(م)ی کۆ، زۆربەی جار دووبارەم نەکردۆتەوە لە بەشەکانی تر، ئەوەش بەهۆی زۆر بەکارهاتنی لە قورئانی پیرۆزدا، ناوهێنانیم لە هەندێك جار لەگەڵ یاسای تر باس کردووە لە هەمان وشە.

✓ بەشی سێیەمم تایبەت کردووە تەنها بە وشەکانی فەرش، لەگەڵ ئاشکراکردنێکی کورت، دەربارەی پیتی(ه)ی کینایە[2]، وپیتی(م)ی کۆ، لەگەڵ وەستان بە پیتی(ه) لەبری پیتی(ت)ی مێ، وگەیشتنە دوو پیتی زەنە بەیەکترو ئەوانەی هاووێنەی ئەوەن کە باسمان کرد، لەم بەشەدا باسم نەکردووە، تا درێژنەبێتەوە، ئەوەشی زانیاری زیاتری دەوێت بگەڕێتەوە بۆ بەشی دووەم، زۆر بە درێژی باس کراوە.

---

[1] ئیماله(الاماله) واتە خوێندنەوەی ئەلیف و یائدا هاوشێوەی (ی)ی کوردی لێدێت، وەکو:(مَجۡرٜىٰهَا) (مەجراها) (مەجرێها)

[2] كناية: درکە – دوو نیازی – بەڵام لێرەدا مەبەستی پێی ڕاناوی لکاوە(ضمير متصل).

گرنگترین تایبەتمەندییەكانی ئەم پەرتووكە

1. پەرتوكەكە لە ژێردەستتدا دەبێت تا چێژ وەرگری لە خوێندنەوەی پەرتووكی پەروەردگار، بەخێرایی دەتگەیێنێت بە زانستی خوێندنەوەكانی قورئانی پیرۆز، نەخوشیت بۆ دیاری دەكات، چارەسەریشت بۆ دەدۆزێتەوە، وبۆچوونە پەسندەكەشت پیٚ دەبەخشێت.

2. نمونەی كرداریت بۆ رِیٚك دەخات لەگەڵ نمونەی ژیری و گریمانەیی، تا خوێنەرێكی كاراو بە توانات لیٚ دروست بكات بتوانی گەرِان و تێرِامان بكەیت.

3. بە وردی شیكردنەوەو كردنەوەی گریٚ كوێرەكانی زۆرێك لە بابەتە ئالۆزو تێكەڵاّوەكانت بۆ دەكات، دواتر چارەسەرێكی زانستی گونجاو بۆ هەر یەك لە كێشەكان دەكات.

4. ئەم پەرتووكە كێشەو چارەسەری زۆرێك لە بابەتە تایبەتە بچوكەكانت دەخاتە ژێر دەست، درێژە پێدەرە تا بابەتە گەورە ئالۆزیەكانت پیشان دەدات.

5. نمونەو بەڵگەی زۆر ورد هەلبژێردراون تا بیرۆكەی بابەتەكان بە تەواوی پێت بگات.

6. لە ناوەرِۆكدا كۆكەرەوەی گرنگترین بۆچون و ئەو بابەتانەیە كە لە پەرتووكەكانی تری پەیوەست بەم بوارە.

7. سادەو ئاسان كردنی زانیاریەكان بەپێی توانا.

8. به‌كارهێنانی نیشانه‌و ئاماژه‌ی دیاری كراو له جیاوازییه فه‌رشییه‌كان (الخلافات)، بۆ خوێنه‌رو دیاری كردنی وێناكردنی ئه‌م جیاوازییانه ، باسی ئه‌م نیشانه‌و ئاماژه‌م كردووه له به‌شی نوسینی وشه‌كانی فه‌رش.

9. ئه‌م په‌رتووكه جیاكراوته‌وه به به‌شێك له پرس و گرفته گرنگه‌كانی، وه‌ك – په‌یوه‌ندی نێوان پیته‌كان – بۆ ئه‌و كه‌سانه‌ی كه سه‌یری زانستی ته‌جوید و خوێندنه‌وه‌كان ده‌كه‌ن تا ده‌ركی پیٚ بكه‌ن، وپێیئاشنابن.

10. په‌رتووكه‌كه دابه‌ش كراوه به‌سه‌ر سیٚ به‌شدا، تا ئاسان بێت بۆ خوێنه‌ری به‌ڕێز و خێرا بگات به زانیاریه‌كان، له پێشه‌كیه‌كه‌ش ئاماژه به‌م به‌شه دراوه.



مەبەست
لە خوێندنی قیرائاتی قورئانی پیرۆز لە حەلەقاتی قورئانی

مەبەستە گشتیەکان کە پێویستە لەسەر مامۆستای فێرخواز بیخاتە ژێر دەستی قوتابی بۆ کار پێکردن:
زۆر بە جوانی و بە وردی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز ئەنجام بدات هەر وەك چۆن دابەزیوە بۆ سەر پێغەمبەر(ﷺ).

1. هەڵوێستی خۆی دەربڕیّ کە ئامادەیە کەسێکی خێر خواز بێت لەسەر فەرمودەی پێغەمبەر(ﷺ) کە دەفەرموێت: (خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ).

2. هەوڵ و کۆشش بدات بۆ بەدەست هێنانی پاداشت و چاکە، بە دانیشتن لەبازنەی زانست خوازاندا.

3. پێداگری بکات لەسەر بەدست هێنانی ڕەزامەندی پەروەردگار بەجیّ بەجیّ کردنی فەرمانی خودا کە دەفەرموێت:﴿ وَرَتِّلِ ٱلۡقُرۡءَانَ تَرۡتِيلًا ﴾ .

4. پەیوەندی دروست بکات لە نێوان ملکەچی و بیرکردنەوە لە کاتی نوێژدا.

5. بەروبومی زمانەوانی دەنگی و زیرەکی و لێهاتویی پەرەپیّ بدات، ئەوانەی کە پەیوەندیان بە دەربڕینەوە هەیە.

6. بە قوڵی ڕۆچوونی هەبێت بۆ خۆشەویستی قورئان و قیرائاتی قورئانی موتەواتیر و دڵی لای خەڵکی قورئان بێت و شانازی بەم نازناوە بکات.

7. خۆشەویستی لە پێناو خودادا بچێنێت و گیانی برایەتی هەبێت لەبەر فەرمودەی پێغەمبەر(ﷺ) كە دەفەرموێت: (سَبْعَةٌ يُظِلُّهُمُ اللَّهُ فِي ظِلِّهِ...) .

8. هەوڵ و كۆشش بدات بۆ بەدەست هێنانی باوەڕ بەخۆ بوون چونكە فێری یاسای ژیانی دەكات.

9. ئەو پەڕی توانای خۆی بەگەڕ بخات تا ببێت بە مامۆستایەكی قورئانی بۆ منالّی موسلّمانان، (زەكاتی زانستی).

10. گرنگی خوێندنەوەكانی قیڕائاتی قورئانی دەربخات، وپێگەیان بەهێز بكات لە ئایندا.

11. چاندنی بەهێز كردنی تواناكانی لەسەر ئەزبەركردن و جێبەجیٚ كردنێكی دروست.

12. خۆی ڕابێنێت لەسەر ڕێك خوێندنەوەی ڕوەكانی خوێندنەوەی قورئان، وەك ڕێك خستن و سەروژێركردن و دوركەوتنەوە لە تێكەلاّوكردن.

پەیڕەوی خولی قورئانی تایبەت بە خولی پێشەوا یەعقوبی حەزرەمی

- ئەم پەرتوکە بۆ سودبەخشین بە تۆ داڕێژراوە، بیربکەرەوە بەردەوام لەگەڵت دابێت لەماوەی ئەم خولەدا.
- سەرچاوەی سەرەکی ئەم خولە ئەم پەرتووکەیە کە ئەوەش تایبەتە بە خوێندنەوەی پێشەوا یەعقوبی حەزرەمی.
- ئامادەکردنی فەرش و وشەکانی یەعقوبی حەزرەمی لەسەر موصحەڤ تایبەت بە هەموو قوتابییەك.
- تاقیکردنەوەی چالاکی بەشێوەیەکی بەردەوام لە کۆتایی هەمووو بابەتێك.
- ئەم خولە لە تۆیەو بۆ تۆشە، ئێمەش بە بەشداری چالاکانەی ئێوە خۆشحاڵین.
- بۆچونت بەلأمانەوە گرنگە، ڕەزیلی نەکەیت بۆ دەربڕینی پێشنیازەکانت بۆ پەرەپێدانی ئەم پەرتووکە، یان بۆ پێش خستنی پەیڕەوی ئەم خولە.

ڕێکارەکانی بازنەی قورئانی تایبەت بە پێشەوا یەعقوبی حەزرەمی

- نەهاتن بۆ ماوەی سێ جار بەبێ هۆ سزاکەی دەرکردنە.
- وتەی لاوەکی کە پەیوەندی نەبێت بە بابەتەکانەوە قەدەغەیە.
- قسەکردن بە مۆبایل لە کاتی وانەدا قەدەغەیە.

پێشه‌وا
یه‌عقوبی حه‌زره‌می

یه‌عقوبی كوڕی ئیسحاقی كوڕی زه‌یدی كوڕی عه‌بدوللأی كوڕی ئه‌بو ئیسحاقی حه‌زره‌میه‌، به‌ ئه‌بو موحه‌ممه‌د ناسراوه‌.

نۆیه‌م قاریئه‌ له‌ قاریئه‌كانی قیڕائه‌تی عه‌شره‌، زاناترین كه‌س بووه‌ له‌ ناو خه‌ڵك له‌ سه‌رده‌می خۆیدا، شاره‌زابووه‌ له‌(زانستی قیڕائات، زمانی عه‌ره‌بی، گێڕانه‌وه‌، قسه‌ی عه‌ره‌ب و فیقه‌)، سه‌رۆكی قیڕائه‌ت له‌وه‌وه‌ كۆتایی پێ هاتووه‌ له‌ دوای ئه‌بو عه‌مر، چه‌ن ساڵێك پێشنوێژی مزگه‌وتی گه‌وره‌ی شاری به‌صره‌ بووه‌.

په‌رتووكێكی هه‌یه‌ به‌ناوی(الجامع) له‌م په‌رتووكه‌دا گشت خوێندنه‌وه‌ جیاوازه‌كانی تێدا كۆكردۆته‌وه‌، وهه‌مو خوێندنه‌وه‌یه‌كی گه‌ڕاندۆته‌وه‌ بۆ ئه‌و ئیمامی كه‌ پێی ده‌یخوێنێته‌وه‌، وهه‌روها په‌رتووكێكی تری هه‌یه‌ به‌ناوی(وقف التمام).

له‌ ژمارده‌كردنی ئایه‌ته‌كانی قورئان چاودێری قوتابیه‌كانی ده‌كرد، واته‌: له‌ چ شوێنێك ده‌گه‌ن به‌ كۆتایی ئایه‌ته‌كه‌، ئه‌گه‌ر هه‌ڵه‌یان بكردایه‌ ئه‌وه‌ ڕاستی ده‌كرده‌وه‌.

ئه‌بو حاته‌می سجستانی ده‌فه‌رموێت: پێشه‌وا یه‌عقوبی حه‌زره‌می زاناترین كه‌س بووه‌ له‌وانه‌ی كه‌ من بینیومه‌ له‌ جیاوازی خوێندنه‌وه‌ی وشه‌كانی قورئان شاره‌زایه‌كی ته‌واوی هه‌بو له‌ مه‌زاهیبی قوڕراء وه‌له‌ خوێندنه‌وه‌كان و هۆكاره‌كان و مه‌زاهیبی نه‌حویه‌كان، زاناترینی خه‌ڵك بو له‌ خوێندنه‌وه‌ی جیاوازی وشه‌كانی قورئان و فه‌رموده‌و فیقهدا.

ئه‌بو عه‌مری دانی ده‌فه‌رموێت: خه‌ڵكی شاری به‌صره شوێن یه‌عقوب كه‌وتون له ئیختیاره‌كانی دوای ئه‌بو عه‌مر(1) وه‌هه‌روها ده‌فه‌رموێت: گوێم له تاهیری كوڕی غه‌لبون بو ده‌یفه‌رمو: پێشه‌وای مزگه‌وتی گه‌وره‌ی شاری به‌صره قورئانی نه‌ده‌خوێند ته‌نها به قیرائه‌تی یه‌عقوب نه‌بێت.

دانی له شێخی خۆی ده‌گێڕێته‌وه خاقانی له موحه‌ممه‌دی كوڕی موحه‌ممه‌دی كوڕی عه‌بدوللای ئه‌صبه‌هانی ده‌یفه‌رمو: تاوه‌كو ئێستاش پێشنوێژانی مزگه‌وتی به‌صره‌و گشت ئه‌وانه‌ی كه پێیان گه‌یشتوم به قیرائه‌تی یه‌عقوب ده‌خوێننه‌وه.

ئیبن ئه‌بی حاته‌م ده‌فه‌رموێت: پرسیار له پێشه‌وا ئه‌حمه‌دی كوڕی حه‌نبه‌ل كرا ده‌رباره‌ی یه‌عقوب فه‌رموی ئه‌و كه‌سێكی ڕاستگۆیه، وبه‌هه‌مان شێوه باوكم پرسیاری لێكرد فه‌رموی ئه‌و كه‌سێكی ڕاستگۆیه.

ئه‌بو حه‌سه‌نی مونادی له سه‌ره‌تای په‌رتووكه‌كه‌ی به‌ناوی(الإيجاز والاقتصار في القراءات الثمان) ده‌فه‌رموێت: یه‌عقوب شاره‌زاترین كه‌سی سه‌رده‌می خۆی بوو هه‌ڵه‌ی له قسه‌كردندا نه‌بوو وسه‌جستانی یه‌كێك بو له‌و كه‌سانه‌ی كه له ژێر ده‌ستی ئه‌ودا كاری ده‌كرد.

سه‌عیدی ده‌فه‌رموێت: وام به خه‌یاڵ داهات كه په‌رتوكێكی كورت بنوسم ده‌رباره‌ی زانستی قیرائات به زانستی یه‌عقوبی كوڕی ئیسحاق كۆتایی پێبێنم هه‌روه‌ك چۆن پێغه‌مبه‌رایه‌تی به پێغه‌مبه‌ری خۆمان كۆتایی پێهات.

ئه‌بو عوسمانی مازنی ده‌فه‌رموێت: پێغه‌مبه‌رم له خه‌ودا بینی سوره‌تی طه م به‌سه‌ردا خوێند ئایه‌تی﴿مَكَانًا سِوًى﴾، پێغه‌مبه‌ر فه‌رموی: وشه‌ی(سوی) به ضه‌ممه بخوێنه‌وه وه‌ك چۆن له خوێندنه‌وه‌ی یه‌عقوب هاتووه.

---

[1](ئه‌بو عه‌مر)ی زبانی كوڕی عه‌لائی كوڕی عه‌مماری به‌صریه، یه‌كێكه له قورائی سه‌بعه.

ئه‌بو قاسمی هوذه‌لی ده‌فه‌رموێت: كه‌س هاووێنه‌ی یه‌عقوب نه‌بو له‌سه‌رده‌می خۆیدا چونكه ئه‌و كه‌سێكی زانا بو له زمانی عه‌ره‌بیداو له خوێندنه‌وه‌ی قورئان و جیاوازی خوێندنه‌وه‌كاندا، ئه‌و كه‌سێكی له‌خواترس و دونیا نه‌ویست و زاهید بو، ده‌رباره‌ی له‌خوا ترسانیه‌وه ده‌گێڕنه‌وه كه عه‌باكه‌یان له‌سه‌ر شانی بردووه ئه‌و له‌ناو نوێژدا بووه ئاگادار نه‌بووه به‌هۆی تێكه‌ڵبونی به نوێژه‌كه، دواتر بۆیان گه‌ڕاندۆته‌وه هه‌ر ئاگادار نه‌بووه، له شاری به‌صره واناوبانگی ده‌ركردبو ده‌ستگیر ده‌كراو ئازاده‌كرا.



شێخەکانی
یەعقوبی حەزرەمی

پێشەوا یەعقوب زانستی قیرائاتی خوێندۆتەوە بەسەر سەلامی کوڕی سولەیمانی تەویلی موزنی، وبەسەر شەهابی کوڕی شڕنەفەو ئەبو یەحیای مەهدی کوڕی مەیمونی مەعولی و ئەبو شەهب جەعفەری کوڕی حەیانی عەتاردی.

گوتراوە یەعقوب قیرائاتی بەسەر خودی ئەبو عەمر خوێندۆتەوە، ئەبو عەبدوللأی قەصاع دەفەرموێت: ئەوەیان دورنیە کە بەسەر ئەبو عەمر خوێندبێتەوە چونکە کاتێك ئەبو عەمر کۆچی دوایی کرد تەمەنی یەعقوب سیو حەوت ساڵ بوو، وهەروها یەعقوب گوێ بیستی خوێندنەوە جیاوازەکان بووە لە کەسائی.

سەلام بەسەر عاصمی کوفی و ئەبو عەمری خوێندۆتەوە، ودیسان سەلام بەسەر ئەبو مەجشەر عاصمی کوڕی عەجاجی جوحدەری بەصری خوێندۆتەوە، وبەسەر ئەبو عەبدوللأ یونسی کوڕی عوبێدی کوڕی دینار عەبقەسی مولای بەصری خوێندۆتەوە.

شەهاب بەسەر هاڕونی کوڕی موسای ئەعوەری نەحوی خوێندۆتەوە، وهاڕون بەسەر عاصمی جەحدەری و ئەبو عەمری بەصری خوێندۆتەوە بە سەنەدی ئەوان، وهەروها هاڕون بەسەر عەبدوللأی کوڕی ئەبو ئیسحاقی حەزرەمی خوێندۆتەوە کە دەکاتە باوکی باپیری یەعقوب، وبەسەر یەحیای کوڕی یەعمرو نەصری کوڕی عاصم خوێندۆتەوە، ومەهەدی بەسەر شوعەیبی کوڕی حیجاب خوێندۆتەوە، وئەبو ئەشهەب بەسەر ئەبو ڕەجاو عیمرانی کوڕی مەلجانی عەتاردی خوێندۆتەوە، وئەبو ڕەجاو بەسەر ئەبو موسای ئەشعەری خوێندۆتەوە، وئەبو موسای ئەشعەری بەسەر پێغەمبەری خوای خوێندۆتەوە (ﷺ).

ئیبنولجەزەری دەفەرموێت: خوێندنەوەی لەلای ئەبو ئەشهەب لە باوکی ڕەجا لە ئەبو موسای ئەشعەری لەو پەری بەرزی دایە.

قوتابیەکانی
یەعقوبی حەزرەمی

زانستی قیڕائاتی لیٚ وەرگیراوە لە ڕێگەی بەسەردا خوێندنەوە: زەیدی کوڕی برای ئەحمەدو کەعبی کوڕی ئیبراهیم و عومەری سیڕاج و حەمیدی کوڕی وەزیرو مینهالی کوڕی شازان و ئەبو بیشری قوتان و موسلیمی کوڕی سوفیانی موفەسیرو ڕەوحی کوڕی عەبدول موئمین و موحەممەدی کوڕی موتەوەکیل و ڕوەیس و موحەممەدی کوڕی وەهبی فەزاری و حەسەنی کوڕی موسلیمی زەریرو کەعبی کوڕی ئیبراهیم و عەبدوللاٚی کوڕی بەحری ساجی و ئەبو حاتەمی سجستانی و ڕەوحی کوڕی قورەو ئەیوبی کوڕی موتەوەکیل ئەحمەدی کوڕی موحەممەدی زەججاج و ئەحمەدی کوڕی شازان و عەبدانی کوڕی یەحیاو داودی کوڕی ئەبو سالم و وەلیدی کوڕی حەسان و ئەبو فەتحی نەحوی و ئەبو هیشامی ریفاعی و ئەبو عومەری دوری و وەردانی کوڕی ئیبراهیمی ئەسرەم و ئەحمەدی کوڕی عەبدولخالقی مەکفوف و ئەبو ئەیوب سولەیمانی کوڕی عەبدوللاٚی زەهەبی و موحەممەدی کوڕی عەبدولخالق و فەزلی کوڕی ئەحمەدی هوزەلی و عەبدوللاٚی کوڕی بەحرو عامری کوڕی عەبدول ئەعلا حەمدانی کوڕی موحەممەدی کوڕی یونسی کەدیمی.

كۆچی
دوایی یەعقوبی حەزرەمی

یەعقوبی حەزرەمی(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) كۆچی دوایی كردووە لە ساڵی دوو سەت و پێنجی كۆچی، تەمەنی بو بە هەشتاو هەشت ساڵ.

پێشەوا بوخاری و كەسانی تر دەفەرموون: یەعقوبی حەزرەمی لە مانگی زیلحیجە وەفاتی كردووە لە سالی دوو سەت و پێنجی كۆچی، لە تەمەنی هەشتاو هەشت ساڵی دا وهەروها باوكیشی بەهەمان شێوە لە تەمەنی هەشتاو هەشت ساڵی دا وەفاتی كردووە وهەروها باپیریشی وەكو ئەوان لە تەمەنی هەشت و هەشت ساڵیدا كۆچی دوایی كردووە ڕەزاو ڕەحمەتی خوا لە هەمویان بێت.



ڕاویه
به‌ناوبانگه‌كانی یه‌عقوبی حه‌زره‌می

به‌ناوبانگترین ئه‌و كه‌سانه‌ی له یه‌عقوبی حه‌زره‌میان گێڕاوته‌وه دوو كه‌سن به‌ناوه‌كانی ڕوه‌یس و ڕه‌وح، ئه‌م دووانه ڕاسته‌وخۆ لێیان گێڕاوته‌وه.

1. ڕوه‌یس:

ناوی ته‌واوی ئه‌بو عه‌بدوللاَ موحه‌ممه‌دی كوڕی موته‌وه‌كیلی لوئلوئی به‌صرِیه، نازناویشی ڕوه‌یسه، زانستی قیرائاتی له یه‌عقوبی حه‌زره‌می وه‌رگرتووه وله زیره‌كترین و نزیكترین كه‌سانی ئه‌و بووه.

زوهری ده‌فه‌رمویێت: پرسیارم له ئه‌بو حاته‌م كرد ده‌رباره‌ی ڕوه‌یس ئایه به‌سه‌ر یه‌عقوبی خوێندۆته‌وه؟ له وڵامدا فه‌رمووی به‌ڵێ له‌گه‌ڵ ئێمه ده‌یخوێنده‌وه دوو جار قورئانی پیرۆزی خه‌تم كرد به‌سه‌ریدا، دواتر فه‌رمووی ئه‌و واتا یه‌عقوب كه‌سێكی زۆر شاره‌زایه له خوێندنه‌وه‌ی قورئان و پێشه‌وایه بۆ قاریئه‌كان و كه‌سێكی به‌ناوبانگه له ورديين و خوێندنه‌وه‌دا، زۆر كه‌س له‌ویان گێڕاوته‌وه له‌وانه موحه‌ممه‌دی كوڕی هاڕونی ته‌مارو پێشه‌وا ئه‌بو عه‌بدوللاَ زوبه‌یری كوڕی ئه‌حمه‌دی زوبه‌یری شافعی و كه‌سانی تریش كه ژماره‌یان زۆره.

كۆچی دوایی ڕوه‌یس

ڕوه‌یس وه‌فاتی كردووه له شاری به‌صره له ساڵی دوو سه‌ت و سی كۆچی (ڕحمه‌تی خوای لێبێت).

2. ڕه‌وح:

ئه‌بولحه‌سه‌ن ڕه‌وحی كوڕی عه‌بدولموئمینی هوزه‌لی به‌صڕی نه‌حویه‌، نازناوی ڕه‌وحه‌، كه‌سێك بوو كه‌ قورئانیان به‌سه‌ر ده‌خوێند چونكه‌ باوه‌ڕ پێكراوو جێگه‌ی موتمانه‌بو، زانستی قیرائاتی له‌ یه‌عقوبی حه‌زره‌می وه‌رگرتووه‌، به‌لكو نزیكترین كه‌سی ئه‌و بووه‌، خوێندنه‌وه‌ جیاوازه‌كان وه‌رگرتووه‌ له‌ ئه‌حمه‌دی كوڕی موسی و عه‌بدللاّی كوڕی موعاز ئه‌م دووانه‌ش له‌ ئه‌بو عه‌مری به‌صری وه‌ریان گرتووه‌.

پێشه‌وا بوخاریش فه‌رموده‌ی له‌ ئه‌بو عه‌مر گێڕاوته‌وه‌ له‌ صه‌حیحه‌كه‌ی خۆیدا، خه‌ڵكانێكی زۆر زاستی قیرائاتیان لیٚ وه‌رگرتووه‌.

كۆچی دوایی ڕه‌وح

ڕه‌وح وه‌فاتی كردووه‌ له‌ ساڵی دووسه‌د و سی و چوار یان پێنجی كۆچی(ڕحمه‌تی خوای لێبێت).

ڕێگاکانی
یەعقوبی حەزرەمی لە قیرائاتدا

بۆ هەر ڕاویەك ڕێگایەکی تایبەتی هەیە لە ڕێگاکانی[1] دورە.

أ. ڕوەیس چوار ڕێگەی هەیە کە قیرائەتی خۆی لەم ڕێگایانە وەرگرتووە:

✓ **یەکەم:** ڕێگەی نەخاس.

✓ **دووەم:** ڕێگەی ئەبو تەیب.

✓ **سێیەم:** ڕێگەی ئیبن میقسەم.

✓ **چوارەم:** ڕێگەی جەوهەری.

هەر چوار ڕێگاکان لە تەمارەوە هاتووە وهەر ڕێگەیەك لە چەن ڕێگەیەکەوە وەرگیراوە، کۆی ڕێگاکانی وەرگیراو لە ڕوەیس دەبێتە چل و یەك ڕێگا.

ڕێگەی نەخاس پشتی پێ بەستراوە لەم پەرتووکەدا، نەخاس ناوی تەواوی ئەبو عەبدوللاَی کوڕی حەسەنی کوڕی سولەیمانی نەخاسە، ئەویش لە ئەبو بەکری کوڕی موحەممەدی کوڕی هاڕونی تەماری بەغدادی کە ئەوانیش لە ڕویسان وەرگرتووە.

---

[1] ئیبولجەزەری لە پەرتووکەکەی خۆیدا(النشر في القراءات العشر)دا ئەمەی هەلبژاردووە کە بۆ هەر ڕاویەك دوو ڕێگا هەیە وهەر ڕێگایەك لە چەند ڕێگایەك وەرگیراوە، کۆی گشتی ڕێگاکان لە ڕێگەی یەعقوبی حەزرەمی هاتووە لە دوو ڕێگا ئەم دوو ڕێگایەش دابەش دەبێت بۆ هەشتاو پێنج ڕێگای تر.

ب. ڕهوح دوو ڕێگهی ههیه زانستی قیرِائاتی لهم دوو ڕێگهیه ڕاستهخۆ گێرِاوتهوه ئهوانیش:

✓ **یهكهم:** ڕێگهی ئیبن وههب.

✓ **دووهم:** ڕێگهی زوبهیری.


ههر یهك لهم ڕێگانه چهند ڕێگهیهكیان لیٚ دهبێتهوه كۆی گشتی ڕێگاكانی ڕهوح دهبێته چل و چوار ڕێگه، ولهم پهرتووكهدا پشت به ڕێگهی ئیبن وههب دهبهسترێت، ناوی تهواوی ئیبن وههب ئهبو بهكره موحهممهدی كوڕی وههبی كوڕی كوڕی یهحیای كوڕی عهلائی قهزازی سهقهفیه كه ئهویش له ڕهوح وهریگرتووه.

ئیبنولجهزهری(رح) (ڕهحمهتی خودای لێبێت) دهفهرمویٚت:

وَيَعْقُوبُ قُلْ عَنْهُ رُوَيْسٌ وَرَوْحُهُمْ وَإِسْحَاقُ مَعْ إِدْرِيسَ عَنْ خَلَفٍ تَلاَ

---

[1] پهرتووكی(الدرة المضيئة في القراءات الثلاث) دێری شهشهم.


گه‌وره‌مان موحه‌ممه‌د(درودی خودای له‌سه‌ر بێت)
ئه‌بو موسی ی ئه‌شعه‌ری
ئه‌بو ڕه‌جا عیمرانی كوڕی مه‌لجانی عه‌تاردی
سه‌لامی موزنی
شه‌هابی شه‌رنه‌فه
ئه‌بو ئه‌شهه‌ب جه‌عفه‌ری حه‌یانی عتاردی كوڕی
مه‌هدی مه‌عولی
یه‌عقوبی حه‌زره‌می
ڕویس
ڕه‌وح

بنچینه‌ی
قیرائه‌تی یه‌عقوب

أصول: كۆیه تاكه‌كه‌ی(أصل)ـه، له زمانی عه‌ره‌بیدا به‌و بناغه‌و بنچینه ده‌گوترێت كه شتی له‌سه‌ر بونیاد ده‌ندرێت.

أصول(بنچینه‌كان) له‌رووی زاراوه‌دا: هه‌موو حوكمێكی گشتی ده‌گرێته‌وه كه بچه‌سپێت له‌سه‌ر ئه‌وشتانه‌ی مه‌رجی حوكمه‌كه‌ی لیٚ بێته دی، یان مه‌به‌ست له ئوصول (واته: ئه‌و یاسا گشتیانه ده‌گرێته‌وه كه دووباره‌ده‌بنه‌وه)، وه‌ك(مد) درێژكردنه‌وه(قصر) كورتكردنه‌وه (فتح)كردنه‌وه(اماله) واتا لاركردنه‌وه، وئه‌وه‌ی به‌وانه ده‌چێت.

الفرش: له زمانی عه‌ره‌بیدا، واتا ڕاخستن و بلاٌوكردنه‌وه.

الفرش: له زاراوه‌دا بریتیه له‌و بڕیاره‌ی تایبه‌ته به‌هه‌ندیٚ وشه‌ی قورئانی كه ڕای جیاوازی له‌سه‌ره له نێوان قوڕڕائه‌كانی خوێندنی قورئان له‌گه‌لٚ گێڕانه‌وه‌ی هه‌موو خوێندنه‌وه‌كان بۆ خاوه‌نه‌كه‌ی، وه‌ك﴿مَـٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ﴾.

عاصم و كیسائی وشه‌ی (مَـٰلِكِ) به‌جێگیركردنی ئه‌لیف ده‌خوێننه‌وه له دوای پیتی(م)، به‌لاٌم جگه له‌ئه‌وان وه‌ك: نافع و ئیبن كه‌ثیرو ئه‌بو عه‌مرو ئیبن عامیرو حه‌مزه ئه‌لیفه‌كه لاده‌به‌ن، واتا به‌بیٚ ئه‌لیف ده‌یخوێننه‌وه، به‌م شێوه‌یه(مَلِكِ).

لای قاریئه‌كان هه‌ر وشه‌یه‌ك خولانه‌وه‌ی كه‌م بێت له نێوان قیرائاته‌كانداو بۆچونی جیاوازی له‌سه‌ر بێت، ئه‌وه پێی ده‌گوترێت فه‌رش، چونكه كه‌باس كراوه له شوێنی

خۆی لە سوڕەتەکاندا بەپێی ریزبەندی قورئان، ئەوە وەك ڕایەخراوێکی لێدێت کەڕاخرابێت.

هەندێك فەرش هەیە دەکرێت حوکمەکەی گشتگیر بکرێت، وەك زەنەدارکردنی پیتی(د) لە وشەی(ٱلْقُدُسِ) لای ئیبن کەثیر، بە پێچەوانەوە هەندێك بنچینەمان هەیە کە ناکرێت حوکمیان گشتگیر بکرێت، هەر وەك لە هەندێك شوێنی دیارکراودا هاتووە وەك: لە پیتی(ی)ی دانەپالْ و زیادە، یان وەك هەندێ لەو وشانەی کەلە بابەتی هەمزەکان و بابەتی ئیمالەدا باس دەکرێت، ئەم ناونانەش لە هەر یەك لەوان بەهۆی زۆر بەکارهێنانیانەوەیە.



باسی
ئیستیعاذەو بەسمەلە

جیاوازی نیە لەنێوان پێشەوا یەعقوب پێشەوا حەفص لە باسی ئیستیعاذەدا، وهەروها جیاوازی نیە لە باسی بەسمەلە لەنێوان قاریئەكان كە دەخوێندرێتەوە لەسەرەتای سوڕەتی فاتیحەدا، وخوێندنەوەی لەسەرەتای هەموو سوڕەتەكاندا جگە لەسوڕەتی تەوبە، جیاوازیشی نیە دەستپێكردنەكە لەدوای پچڕان بێت یان لە باری وەستاندا بێت، بەلكو ئەوان جیاوازیان هەیە لەخوێندنەوەو لابردنی لەكاتی لكاندن لەنێوان دوو سوڕەتدا، ویەعقوب یەكێكە لەوانەی كە بەسمەلە دەكات و ناكات لە نێوان دوو سوڕەتدا، كەواتا پێشەوا یەعقوب دوو خوێندنەوەی تر زیاد دەكات لەسەر خوێندنەوەی پێشەوا حەفص بەم زیادەش خوێندنەوەكان دەبێتە پێنج خوێندنەوە، سێیان لەخوێندنەوەكان هاووێنەیە لەگەڵ خوێندنەوەی حەفص.

به‌سمه‌له
له‌نێوان دوو سوره‌تدا

یه‌عقوب به‌سمه‌له ده‌خوێنێته‌وه له‌نێوان دوو سوره‌تدا –جگه له‌سوره‌تی ئه‌نفال و به‌رائه نه‌بێت– سێ شێوه خوێندنه‌وه‌ی بۆ هه‌یه:

1. نه‌لكاندن له‌نێوان هه‌مووی.
2. نه‌لكاندنی یه‌كه‌م و لكاندنی دووه‌م و سێیه‌م.
3. لكاندن له‌نێوان هه‌مووی.

یه‌عقوب دوو شێوه‌ی تر زیاد ده‌كات له‌سه‌ر خوێندنه‌وه‌ی به‌سمه‌له له‌سه‌ر ئه‌و شێوانه‌ی پێشوو كه باسمان كرد ئه‌وانیش بریتین له‌مانه‌ی خواره‌وه:

1. سه‌كت، واته: وه‌ستانێكی كورت بێ به‌سمه‌له.
2. لكاندن به‌بێ به‌سمه‌له.

ئاشكرایه لای هیچ قاریئێك وه‌ستانی كورت نیه له‌نێوان هه‌ردوو سوره‌تی ناس و فاتیحه، وقاریئه‌كان یه‌ك ده‌نگن له‌سه‌ر پێویست بوونی به‌سمه‌له له باری لكاندنی كۆتایی سوره‌تی ناس به سه‌ره‌تای سوره‌تی فاتیحه، چونكه هه‌ر چه‌نده لكاندنی بۆ بكرێت به گوتراوی به‌لاّم ده‌بێت به‌و ده‌ست پێبكرێت له‌حوكم، وهه‌روها ئه‌گه‌ر لكاندنی بۆ بكرێت له‌كۆتایی سوره‌ت به سه‌ره‌تاییه‌كه‌ی، وهه‌روها ئه‌گه‌ر لكاندن له‌كۆتایی سوره‌تدا بكرێت به پێشه خۆی، هه‌روه‌ك چۆن كۆتایی سوره‌تی فه‌له‌ق بلكێندرێت به سه‌ره‌تای سوره‌تی ئیخلاص.

لکاندنی دوو سوڕەت بەبێ بەسمەلە دیارکردنی ئیعجازی قورئانی تێدا هەیەو ئاشکراکردنی گونجاندنی ڕیزبەندی سوڕەتەکانە، هەر ئایەتێکی قورئانی پیرۆز دەگونجێت لەگەڵ ئەوەی پێشە خۆی و دوای خۆی، وهەروها سوڕەتەکانیش بەم شێوەن، بیربکەوە لەکۆتایی سوڕەتی نەجم لەگەڵ سەرەتای سوڕەتی قەمەر﴿فَٱسۡجُدُواْ لِلَّهِ وَٱعۡبُدُواْ۩ ۝٦٢ ٱقۡتَرَبَتِ ٱلسَّاعَةُ وَٱنشَقَّ ٱلۡقَمَرُ﴾.

لەکاتی لکاندا بەهەمان شێوە دەرکەوتنی سەرو ژێرە –ئیعڕاب–و ئاشکراکردنی واتای نوێیە، شاراوەیە بەوەی جاریێ دوو سوڕەتەکە پێك نەگەیشتوون، هەروەك چۆن ڕاهێنانی زووبانی تێدایە لەسەر ڕەوانبێژی و دەربڕینێکی دروست، وەك لکاندنی تەنوین و لابردنی هەمزەی لکاندن و پیتی(ل)ی شەمسی و ئەوانی تر.

مەککی قەیسی[1] وەلأمی ئەوە دەداتەوە کە بۆچی بەسمەلە لادەبردرێت لەنێوان دوو سوڕەتدا، کاتێك لای ئەو [بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ] ئایەتێك نیە لەهەموو سوڕەتێکدا – واتە کەسێکە لەوانەی دەڵێن دەتواندرێت بەسمەلە واز لێبهێندرێت–.

لای کۆمەڵەی زانایان بەسمەلە لادەبردرێت لەکاتی لکاندنی بە سوڕەتێك لەگەڵ سوڕەتێکی تر، تاوەکو کەس وا گۆمان نەبات بەسمەلە ئایەتێکە لەهەموو سوڕەتێکدا.

قورئانی پیرۆز لای ئەو هەمووی یەك پارچەیەو بەیەك سوڕەت ئەژمار دەکرێت، هەر وەك چۆن پچران ڕونادات لەنێوان هەندێك سوڕەت لەگەڵ بەسمەلە هەروها پچڕان ڕونادات لەنێوان سوڕەتێك و سوڕەتێکی تر بە بەسمەلە، دەربارەی خوێندنەوەی لەقورئانی پیرۆز بۆ ئەوەی تا بزاندرێت کۆتایی بە سوڕەتێك هاتووەو دەست بە سوڕەتێکی تر دەکرێت.

---

[1] مەککی کوڕی ئەبی تالیب، پەرتووکی(الكشف عن وجوه القراءات السبع وعللها وحججها)،(بەیروت، دەزگای ریسالە، چ3،ب1404،1ك)، لا16.

كەواتە: ئەگەر ویستت بە خوێندنەوەی یەعقوب بخوێنیتەوە بەبێ بەسمەلە، پێویستە لەژێر ئەم چوار خاڵە بێت:

1. دەبێت سورەتەكە بەهەمان شێوەی ڕیزبەندی قورئانی پیرۆز بێت، هەرچەندە لەدوای یەكتریش نەبێت، وەك: كۆتایی سورەتی بەقەرە لەگەڵ سورەتی كەهف.

2. لكاندنی لەنێوان هەموو سورەتێك جگە لەنێوان سورەتی ناس و سورەتی فاتیحە.

3. ئەگەر خوێنەر گواستنەوەی ئەنجامدا لەكۆتایی سورەتێك بۆ ناوەڕاستی سورەتێكی تر بە هەمان شێوەی ریزبەندی قورئانی پیرۆز.

4. خوێنەر ڕانەوەستێت لەكۆتایی سورەتی یەكەم مەبەست پێی لكاندنی بە سورەتی دووەم، ئەگەر وەستا بە خوێندنەوەی بەسمەلە لەسەرتای سورەتی دووەم -جگە لەسورەتی تەوبە- ئەوەش ڕای جمهوری زانایانە، گرنگی نادرێت بەو وتەی كە دەڵێت:پێویستە لەسەر خوێنەر بەسمەلە نەكات[1] چونكە خوێندنەوە لەسونەتێكی شوێن كەوتنە.

زانایان بەرپەرچی ئەو جۆرە بۆچوونەیان داوتەوە، یەك لەوانە پێشەوا دانی[2] دەفەرموێت: كێشە نیە لەنێوان ئەو كەسانەی بەسمەلە دەكەن لەسەرەتای سورەت ئەگەر بچڕان ڕویدا لەكۆتایی پێش خۆی و دواتر دەستپێكردنی بێ ئەوەی لكاندنی بۆ بكرێت بە پێشە خۆی لەسەر بۆچوونی ئەو كەسانەی پچڕان و نەپچڕان ئەنجام دەدەن - واتە:پچڕان دەكەن لەنێوان بەسمەلە و نەپچڕانی جگە لەسورەتی بەڕائە نەبێت.

---

[1] ئەوە وتەی ئەحمەدی كوڕی عەلی كوڕی باذشە، لە پەرتووكی(الإقناع في القراءات السبع)،(مەككە، زانكۆی ئوم القورا، (1403ك) لا 159.

[2] باوكی عەمرِ عوسمانی دانی، لە پەرتووكی(جامع البيان في القراءات السبع المشهورة)،(بەیروت چاپەمەنی پەرتووكی زانستی)، 1426ك)، لا152.

بەلاّم ئیبنول جەزەری[1] دەفەرموێت: لە باسی ئاگادارکردنەوەکان لەئاگادارکردنەوەی سێیەم:بەدلنیایەوە هەر یەك لەوانەی کە بە نەلکاندنی بەسمەلە و لکاندنی و وەستانی کورت بیّ هەناسە وەرگرتن(سەکت) دەخوێننەوە ئەگەر دەست بەخوێندنەوەی سورەتێك لەسورەتەکان کرد بە بەسمەلە دەخوێندرێتەوە، بیّ جیاوازی لەهەریەکێك لەوان تەنها ئەگەر دەست پێکردن بە سورەتی بەرائە بوو هەر وەك دواتر باسی دەکەین، جیاوازیش نیە سەرەتاکەی لە باری وەستاندا بێت یان نەوەستان، بەلاّم دەربارەی ئەوانەی کە بەجیا دەیخوێننەوە ئەوە شتێکی ڕوون و ئاشکرایە، ودەربارەی خوێندنەوەی ئەو کەسانەی کە لایدەبەن ئەوە بۆ پیرۆزی و بەرەکەت دارکردن و گونجاندنی ڕێنوسی قورئانی پیرۆزە، چونکە لای ئەو کەسانەی لایدەبەن تەنها لەسەرەتای سورەت دەنوسرێت بۆ یەکەم سورەت لە بەر پیرۆزیە لای نابەن لە باری لکاندندا تەنها لە بەر ئەوەی دەست بەو نەکراوە، بەلاّم ئەگەر بەو دەست پێکرا بە پێویست داناندرێت تەنها خوێندنەوەی بۆ بکرێت تاوەکو نەبێتە پێچەوانەی نوسینی قورئانی پیرۆز لە باری لکاندن و نەلکاندندا، لەو کاتەدا دەردەچیّ لەکۆ دەنگی و دەبێتە هاوشێوەی هەمزەکانی لکاو لادەبردرێت لە باری لکاندن و دەخوێندرێتەوە لە باری دەست پێکردن بەو، هەر بۆیە کێشە لەنێوان زانایان دروست نەبووە لە باری خوێندنەوەی بەسمەلە لەسەرەتای سورەتی فاتیحە، جیاوازیشی نیە لکاندنی بۆ بکرێت بە سورەتی ناس لەگەلّ پێشەکەی خۆی یان دەستپێکردن بەو بکرێت، چونکە ئەگەر لکاندنی بۆ بکرێت بە گوتراوی ئەوە دەبێتە دەست پێکراو بەپێی حوکمەکەی، هەر بۆیە نەوەستان لێرەدا دەبێتە باری گواستنەوە.

دەربارەی پێشەوا عەلی صەفاقسی[2] دەفەرموێت:جیاوازی نیە لەنێوانیاندا –واتە: نێوان قاریئەکان– ئەگەر خوێندنەوەی دەست پێکرد بە سەرەتای سورەت جگە لەسورەتی بەرائە بە بەسمەلە بێت، جیاوازیشی نیە دەستپێکردنەکەی –واتە:

---

[1]موحەممەدی جەزەری، (النشر في القراءات العشر)،(قاهیرە، چاپخانەی تیجاریەی کوبرا، ب1، 1427ك)، لا263.

[2]عەلی موحەممەدی صەفاقچی، پەرتووکی(غيث النفع في القراءات السبع)،(بەیروت، چاپەمەنی پەرتووکی زانستی)، 1425ك)، لا20.

قاریئەكە- لە باری وەستان یان نەوەستاندا بێت، ڕەنگە هەندێكیان وا تێدەگەن كە دەستپێكردن نابێت تەنها دوای پچڕان نەبێت، بەڵام وانیە.

كەواتە: ئەگەر قاریئێك ویستی بوەستێت لەكۆتایی سوڕەتی یەكەم بەمەبەستی لكاندنی بە سوڕەتی دووەم، پێویستە لەسەری بەسمەلە بكات لەسەرەتای سوڕەتی دووەم -جگە لەسوڕەتی تەوبە نەبێت- ئەوەش دوو شێوەی بۆ دروست دەبێت: یان لكاندنی بەسمەلە بەسەرەتای سوڕەت یان پچڕانی.

زانیاری زیاتر: ئەگەر بە خوێندنەوەی یەعقوب بخوێندرێتەوە لەنێوان دوو سوڕەت بە لابردنی بەسمەلە، گەیاندنی كۆتا وشە لەو سوڕەتدا، یەكەم وشە لەسوڕەتی دوای ئەو، ئەوەش بڕیاری تەجویدی لەسەر دروست دەبێت لەتێكهەڵكێشان(الادغام)و شاردنەوە(الاخفاء)و حوكمەكانی تری تەجوید، وەك(عَلِيمُ يَٰٓأَيُّهَا) كۆتایی سوڕەتی نیساء بە سەرەتای سوڕەتی مائیدە، وئایەتی﴿أَحَدَا كٓهيعٓصٓ﴾ لە كۆتایی سوڕەتی كەهف بە سەرەتای سوڕەتی مەریەم، وئایەتی﴿رِكْزَا طه﴾ لە كۆتایی سوڕەتی مەریەم بە سەرەتای سوڕەتی طه، وئایەتی﴿عَلِيمُ تَبَارَكَ﴾ لە كۆتایی سوڕەتی نور بە سەرەتای سوڕەتی فورقان وئایەتی﴿لِزَامَا طسٓمٓ﴾ لە كۆتایی سوڕەتی فورقان بە سەرەتای سوڕەتی شوعرا وئایەتی﴿عَظِيمًا يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ﴾ لە كۆتایی سوڕەتی فەتح بە سەرەتای سوڕەتی حوجورات.

هەندێك لەزانایان و جێبەجێكارانی بەسمەلە وایان بە باش زانیوە بەسمەلە بكرێت لەنێوان دوو سوڕەتدا لەچوار شوێن:بۆ كەسێك بیەوێت سەكتە ئەنجام بدات لەنێوان دوو سوڕەتدا بە شێوەیەكی گشتی لەهەموو قورئانی پیرۆزدا، سەكتیان لا پەسندە لەم چوار شوێنە لەهەموو قورئاندا بۆ كەسێك بیەوێت لكاندن بكات لەنێوان دوو سوڕەتدا لەگشت قورئاندا، ئەو چوار شوێنەش پێی دەگوترێت:(الأربع الزُّهر) بریتین لەمانەی خوارەوە:

أ. نێوان سوڕەتی موددەثیرو سوڕەتی قیامە:{هو أهل التقوى وأهل المغفرة * لا .... أقسم بيوم القيامة}.

ب. نێوان سوڕەتی ئینفیطارو **سوڕەتی** موطە**فیفین:**{والأمر يومئذ لله * ويلٌ .... للمطففين}.

ت. نێوان سوڕەتی فەجرو سوڕەتی بەلەد:{وادخلي جنتي * لا .... أقسم بهذا البلد}.

ث. نێوان سوڕەتی عەصرو سوڕەتی هومەزە:{وتواصوا بالحق وتواصوا بالصبر * ويلٌ ..لكل همزة}.

هۆكاری ئەم هەلبژاردنە ڕودانی دروستبونی واتاو مانای نادروستە، چونكە سەرەتای ئەم چوار سوڕەتە(ويلٌ) **یان**(لا أُقسم)**وە.**

هەلبژێردراوی دروست ئەوەیە: ئەوەی ڕابردوو شتێكی چاكەو بۆچوونی هەندێك لەزانایانە، بەلاَم هیچ دەقێك نیە پابەندی دروست بكات، باشترینەكە ئەوەیە جیاوازی نەكرێت لەنێوان ئەم چوار شوێنە لەگەلْ ئەوانی تر، دەتوانرێت هەلبوشێندرێتەوە بەهۆی زۆر بەكارهاتنی ئەم بابەتە لەقورئانی پیرۆز، وەك{هُوَ ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُۚ لَا}، [**بەقەرە:**255]،{وَهُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡعَظِيمُ ٢٥٥ لَآ}،[**بەقەرە:**255]، {نَجۡزِي ٱلۡمُحۡسِنِينَ ٤٤ وَيۡلٌ}،[**مورسەلات:**44].

بابه‌تی
درێژكردنه‌وه و كورت كردنه‌وه

بابه‌تی درێژكردنه‌وه‌و كورت كردنه‌وه له بابه‌ته گرنگه‌كانی ئه‌حكامی ته‌جویده، چونكه قورئانی پیرۆز به دوو شت جیاكراوته‌وه له زمانی عه‌ره‌بی، ئه‌ویش بریتین له:

یه‌كه‌م: مینگه (الغنة)

دووه‌م: درێژكردنه‌وه.

ره‌نگه بنچینه‌ی درێژكردنه‌وه له‌م فه‌رموده وه‌رگیرابێت كه پێشه‌وا بوخاری(ره‌حمه‌تی خودای له‌سه‌ر بێت) باسی كردووه له صه‌حیحه‌كه‌ی خۆیدا له قه‌تاده(ره‌زای خودای له‌سه‌ر بێت) ده‌گێرێته‌وه كه ئه‌و پرسیاری له ئه‌نه‌سی كوری مالیك كردووه(ره‌زای خودای له‌سه‌ر بێت) ده‌رباره‌ی خوێندنه‌وه‌ی پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) فه‌رموی: پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) درێژكردنه‌وه‌ی ئه‌نجام ده‌دا له‌و شوێنه‌ی كه پێویستی به درێژكردنه‌وه ده‌بو.

له ریوایه‌تێكی تر هاتووه كه پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) درێژكردنه‌وه‌ی ئه‌نجام ده‌دا به ده‌نگه‌كه‌ی خۆی، وه‌هه‌روها پێشه‌وا سیوطی باسی كردووه له كتێبه‌كه‌ی خۆی به‌ناوی (الدر المنثور) وئه‌لبانی به‌راستی زانیوه كه: پیاوێك ﴿ إِنَّمَا ٱلصَّدَقَٰتُ لِلۡفُقَرَآءِ وَٱلۡمَسَٰكِينِ ﴾، [ته‌وبه: 60]ی خوێنده‌وه بێ درێژكردنه‌وه، ئیبن مه‌سعود(ره‌زای خودای له‌سه‌ر بێت) فه‌رموی: پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) به‌م شێوازه نه‌یخوێندۆته‌وه، پیاوه‌كه‌ش وتی ئه‌ی چۆن به‌سه‌رتانی ده‌خوێنده‌وه ئه‌ی باوكی عه‌بدوره‌حمان؟ فه‌رموی: به‌م شێوه‌یه ده‌یخوێنده‌وه﴿إِنَّمَا ٱلصَّدَقَٰتُ لِلۡفُقَرَآءِ وَٱلۡمَسَٰكِينِ﴾، واتا به شێوه‌ی درێژكردنه‌وه، مه‌به‌ستی ئیبن مه‌سعود واتا رازی نه‌بو كه پیاوه‌كه به‌بێ درێژكردنه‌وه ئایه‌ته‌كه بخوێنێته‌وه.

تێبینی:

زاراوەی كورت كردنەوە ئەگەر بەتەنها باسكرا مەبەستی زانایانی تەجوید ئەوەیە كە تەنها دوو جووڵە درێژ بكرێتەوە، بەڵام مەبەست لە زاراوەی درێژكردنەوە زیاتر لە دوو جووڵە یە.

جیاوازی نێوان حەفص و یەعقوب لە بابەتی درێژكردنەوەو كورتكردنەوە لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوەیە:

1. **درێژكردنەوەی پێویست(لازم) لە وشەیەكی ئاسانكراو:** بریتیە لەوەی كە لەدوای پیتی درێژكردنەوە پیتێكی زەنەداری پێویست بێت لە یەك وشە یان دوو وشە، وئەگەر تێكهەلكێش نەكرابێت لەگەڵ دوای خۆی، واتە شەددەدارنەكرابێت، ئەوە بە ئاسانكراو ئەژمار دەكرێت(واتە بێ شەدە)، وهۆی ناونانی بە ئاسانكراو بەهۆی ئاسان دەربڕین و خالی بونی لە شەددەیە، بەڵام ئەگەر تێكهەڵكێشكرابێت لەگەڵ دوای خۆی ئەوە بە شەددەدار ئەژمار دەكرێت ئەمەش لە زۆر شوێن ڕویداوە لای پێشەوا یەعقوب.

ئەو پیتەی دەكەوێتە دوای پیتی درێژكردنەوە لەم وشانەی خوارەوە یەعقوب بە زەنە یان شەدە دەخوێنێتەوە بە پێچەوانەی هەردوو ڕاویەكانی مەبەستیشی تاوەكو ببێتە درێژكردنەوەی پێویست(اللازم)و درێژبكرێتەوە بە ئەندازەی شەش جولە بەم شێوەی خوارەوە:

أ. وشەی(أَتُمِدُّونَنِ) لە ئایەتی﴿قَالَ أَتُمِدُّونَنِ بِمَالٍ﴾(نەمل:36) یەعقوب تێكهەلكێشان دەكات لە پیتی(ن) بە(ن) بەم شێوەیە(أَتُمِدُّوٓنِّ) پیتی(و)ی پێش پیتی(ن) درێژدەكرێتەوە بە ئەندازەی شەش جولە تاوەكو ببێتە درێژكردنەوەی پێویست(لازم)ی شەددەدار، ومینگە(الغنة) دەردەكەوێت لە پیتی(ن) لەگەڵ تێبینی خوێندنەوەی پیتی(ی)ی زیادە لە هەردو باردا.

ب. **وشه‌ی**(فَذَٰنِكَ) **له ئایه‌تی**﴿فَذَٰنِّكَ بُرۡهَٰنَانِ مِن رَّبِّكَ﴾(**قه‌صه‌ص**:32) **ڕویس به شه‌ده‌ی پیتی(ن) ده‌خوێنێته‌وه، وئه‌لیف درێژده‌كرێته‌وه به‌ئه‌ندازه‌ی شه‌ش جوله تاوه‌كو ببێته درێژكردنه‌وه‌ی پێویست(الازم)ی شه‌ده‌دار.**

ت. **ئایه‌تی**﴿ أَنسَابَ بَيۡنَهُمۡ ﴾(**موئمینون**:101) **ڕویس پیتی(ب) تێكهه‌ڵكێش ده‌كات له پیتی(ب) به‌م شێوه‌یه**(أَنسَآب بَّيۡنَهُمۡ) **وئه‌لیف درێژده‌كرێته‌وه به‌ئه‌ندازه‌ی شه‌ش جوله تاوه‌كو ببێته درێژكردنه‌وه‌ی پێویست(الازم)ی شه‌ده‌دار.**

ث. **ڕویس به یه‌ك له باره‌كان تێكهه‌ڵكێشان ده‌كات له ئایه‌تی**﴿ٱلۡكِتَٰبَ بِأَيۡدِيهِمۡ﴾ (**به‌قه‌ره**:79) **وئه‌لیف درێژده‌كرێته‌وه به‌ئه‌ندازه‌ی شه‌ش جوله تاوه‌كو ببێته درێژكردنه‌وه‌ی پێویست(لازم)ی شه‌ده‌دار به‌م شێوه‌یه**(ٱلۡكِتَـٰب بِّأَيۡدِيهِمۡ).

ج. **ڕویس به یه‌ك له باره‌كان تێكهه‌ڵێشان ده‌كات له ئایه‌تی**﴿ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّۗ﴾(**به‌قه‌ره**:176) **وئه‌لیف درێژده‌كرێته‌وه به‌ئه‌ندازه‌ی شه‌ش جوله تاوه‌كو ببێته درێژكردنه‌وه‌ی پێویست(الازم)ی شه‌ده‌دار به‌م شێوه‌یه**(ٱلۡكِتَـٰب بِّٱلۡحَقِّۗ).

ح. **ڕویس ده‌وه‌ستێت له‌سه‌ر وشه‌ی**(يَٰحَسۡرَتَىٰ) **له ئایه‌تی**﴿أَن تَقُولَ نَفۡسٌ يَٰحَسۡرَتَـىٰٓ عَلَىٰ مَا فَرَّطتُ فِي جَنۢبِ ٱللَّهِ﴾(**زومه‌ڕ**:56) **به پیتی(ھ)ی سه‌كت(وه‌ستانێكی كورت) وئه‌لیف درێژده‌كرێته‌وه به ئه‌ندازه‌ی شه‌ش جوله تاوه‌كو ببێته درێژكردنه‌وه‌ی پێویست(الازم)ی بێ شه‌ده.**

خ. **ڕوویس دەوەستێت لەسەر وشەی(**يَٰٓأَسَفَىٰ**) لە ئایەتی﴿**وَقَالَ يَٰٓأَسَفَىٰ عَلَىٰ يُوسُفَ**﴾ (یوسف:84) بە پیتی(هـ)ی سەکت(وەستانێکی کورت) وئەلیف درێژدەکرێتەوە بە ئەندازەی شەش جولە تاوەکو ببێتە درێژکردنەوەی پێویست(الازم)ی بێ شەدە.**

د. **ڕوویس دەوەستێت لەسەر وشەی(**يَٰوَيْلَتَىٰٓ**) لە ئایەتەکانی (مائیدە:31) (هود:72) (فورقان:28)﴿**يَٰوَيْلَتَىٰ لَيْتَنِي لَمْ أَتَّخِذْ فُلَانًا خَلِيلًا**﴾ بە پیتی(هـ)ی سەکت (وەستانێکی کورت) وئەلیف درێژدەکرێتەوە بە ئەندازەی شەش جولە تاوەکو ببێتە درێژکردنەوەی پێویست(الازم)ی بێ شەدە.**

2. درێژکردنەوەی دروستی نەلکاو

درێژکردنەوەی دروستی نەلکاو: بریتیە لەوەی کە پیتی درێژکردنەوە بکەوێتە کۆتایی وشەو پیتی هەمزەش بکەوێتە سەرەتای ئەو وشەی کە بەدوایدادێت، وەك(فَلَآ أُقْسِمُ، فَأَمَّآ إِن، إِنَّآ أَعْطَيْنَٰكَ**)، وەدرێژکردنەوەی پەیوەندیداری گەورە(**الصلة **الکبری) دەلکێندرێت بە درێژکردنەوەی نەلکاو(المد المنفصل) ویەعقوب تەنها بە درێژکردنەوەی دوو جولە دەخوێنێتەوە.**

3. درێژکردنەوەی پێویستی لکاو

درێژکردنەوەی پێویستی لکاو: بریتیە لەوەی کە لە دوای پیتی درێژکردنەوە پیتی هەمزە بێت لەیەك وشە وەك﴿ٱلشِّتَآءِ، أُوْلَٰٓئِكَ، حُنَفَآءَ، ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ، قُرُوٓءٍ، وَجَآءَ، ٱلنَّسِيٓءُ**﴾، یەعقوب ئەم وشانە دەخوێنێتەوە بە درێژکردنەوەی چوار جوولە بەیەك دەنگ.**

بابهتی (هائی) كینایه

هۆی ناونانی بههائی كینایه چونكه ناسناوێكی وهرگرتووه ئهویش بهكارهاتنیهتی بۆ كهسی سێ یهمی تاكی نێر، وپێشی دهگوترێت هائی جێناو(الضمير)، له زاراوهی قورائهكان ناسراوه بههائی زیاده، كه به واتای كهسی سێ یهمی تاكی نێر دێت.

كه دهڵێن هائی زائیده مهبهستمان هائی بنچینه نیه، واتا هائی ئهصڵی ناگرێتهوه، وهك﴿لَئِن لَّمۡ تَنتَهِ يَٰنُوحُ﴾(شوعهرا:116).

كه گوتمان واتای كهسی سێ یهمی تاكی نێر، ئهوه ناگرێتهوه هائێك بۆ تاكی مێ بهكارهاتبێت، وهك(إِلَيۡهَا)، ئهوهش ناگرێتهوه كه بۆ دووانه(مثنى) بهكارهاتبێت وهك (عَلَيۡهِمَا)، یان ئهوهی بۆ كۆ بهكارهاتووه بهڕهها، وهك(إِلَيۡهِمُ، إِلَيۡهِنَّ).

هائی كینایه بهناو(اسم) دهلكێت، وهك(أَجَلِهِۦ) بهكار(فعل) دهلكێت، وهك(يُعَلِّمُهُ) به پیت(حرف) دهلكێت، وهك(إِلَيۡهِ).

هائی كینایه له بنچینهدا ضهممهداره، وهك(لَهُۥ) تهنها ئهگهر له پێشیدا كهسره بوو یان پیتی(ی) بو، ئهوكات كهسرهداردهبێت لهبهر هۆكارێك.

هائی كینایه ضهممهدار دهبێت، لهبهر كاركردن بهبنچینهی خۆی، وهك لهڕیوایهتی حهفصدا هاتووه له﴿وَمَآ أَنسَىٰنِيهُ إِلَّا ٱلشَّيۡطَٰنُ﴾(كههف:63)و ﴿بِمَا عَٰهَدَ عَلَيۡهُ ٱللَّهَ﴾ (فهتح:10)، ههروهك پێشهوا حهمزه بهم شێوه دهیخوێنێتهوه﴿لِأَهۡلِهُ ٱمۡكُثُوٓاْ﴾،(طه:10)و (قهصهص:29).

بارەكانی هائی كینایە

هائی كینایە لەقورئانی پیرۆز چوار باری هەیە، ئەوانیش بریتین لە:

- **بكەوێتە نێوان دوو زەنەدار، واتە: پێش و پاشی ساكین بێت، وەك**(فِيهِ ٱلۡقُرۡءَانُ- وَءَاتَيۡنَٰهُ ٱلۡإِنجِيلَ-ءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ٱلۡمُلۡكَ).

- **پێشی جولەو پاشی زەنە بێت، وەك**(قَوۡلُهُ ٱلۡحَقُّۚ- لَهُ ٱلۡمُلۡكُ وَلَهُ ٱلۡحَمۡدُۖ- رَبِّهِ ٱلۡأَعۡلَىٰ).
قاریئەكان یەك دەنگن لەسەر ئەوەی كە نابێت لەم دوو بارەدا هائی كینایە بەصیلە بخوێندرێتەوە تاوەكو دوو زەنە بەیەكەوە كۆ نەبێتەوە[1].

- **پێش هائەكە زەننەداربێت و پاشی جولە، وەك**(وَشَرَوۡهُ بِثَمَنٍ ، خُذُوهُ فَٱعۡتِلُوهُ إِلَىٰ سَوَآءِ ٱلۡجَحِيمِ ، مَا عَقَلُوهُ وَهُمۡ).
كۆ دەنگی قاریئەكان لەسەر ئەوەیە كە هائی كینایە لەم بارەدا بەصیلە ناخوێندرێتەوە، تەنها ئەوە نەبێت كە جیاكراوتەوە.

- **بكەوێتە نێوان دوو جولەدار، وەك**(﴿فَأَخۡرَجَ بِهِۦ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ).

لەم بارەدا هەموو قاریئەكان پیتی(هـ)یان لكاندووە بەپیتی(و)ی گوتراو(لفظی**) ئەگەر ضـەممەدار بوو، ولكاندویانە بەپیتی(ی)ی گوتراو ئەگەر كەسرەدار بوو، تەنها لەهەندێ باری تایبەت نەبێت.**

---

[1] **تەنها شوێنێك نەبێت، بەزی خوێندویەتیەوە لە ئیبن** كثير **كە هائی كینایەی بەپیتی(و)ی لكاندووەو پیتی(ت)ی دوای هائەكەشی شەدەداركردووە، وەك**(تَلَهَّىٰ)، **لە**﴿فَأَنتَ عَنۡهُ تَلَهَّىٰ﴾،[**عەبەسە**:10].

حوكمی
هائی كینایه لای پێشه‌وا یه‌عقوب

جیاوازیه‌كان كورت كراونه‌ته‌وه له‌نێوان یه‌عقوب و حه‌فص له بابه‌تی هائی كینایه له‌م خالآنه‌ی خواره‌وه:

- **یه‌عقوب هائی كینایه به كه‌سره ده‌خوێنێته‌وه بێ صیله له‌م هه‌شت وشه‌ی خواره‌وه:**

1. **ئایه‌تی:** { يُؤَدِّهِۦٓ إِلَيۡكَ}،[**ئالی عیمران**:75] **به‌یه‌كه‌وه، به‌م شێوه‌یه:**[يُؤَدِّهِ إِلَيۡكَ].
2. **ئایه‌تی:**{نُؤۡتِهِۦ مِنۡهَا}،[**ئالی عیمران**:145]**و** [**شوری**:20]، **به‌م شێوه‌یه:**[نُؤۡتِهِ مِنۡهَا].
3. **ئایه‌تی:**{نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ}،[**نیساء**:115] **به‌م شێوه‌یه:**[نُوَلِّهِ مَا تَوَلَّىٰ].
4. **ئایه‌تی**{وَنُصۡلِهِۦ جَهَنَّمَۖ}،[**نیساء**:115] **به‌م شێوه‌یه**[وَنُصۡلِهِ جَهَنَّمَۖ].
5. **ئایه‌تی**{وَمَآ أَنسَىٰنِيهُ إِلَّا ٱلشَّيۡطَٰنُ}،[**كه‌هف**:63] **به‌م شێوه‌یه**[وَمَا أَنسَىٰنِيهِ إِلَّا ٱلشَّيۡطَٰنُ].
6. **ئایه‌تی**﴿وَيَخۡلُدۡ فِيهِۦ مُهَانًا﴾(**فورقان**:69) **به‌م شێوه‌یه**(وَيَخۡلُدۡ فِيهِ مُهَانًا).
7. **ئایه‌تی**﴿فَأَلۡقِهۡ إِلَيۡهِمۡ﴾ (**نه‌مل**:28) **به‌م شێوه‌یه**(فَأَلۡقِهِ إِلَيۡهِمۡ).

8. **ئایه‌تی**﴿ وَمَنۡ أَوۡفَىٰ بِمَا عَٰهَدَ عَلَيۡهُ ٱللَّهَ ﴾ (**فه‌تح**:10) **به‌م شێوه‌یه‌**(وَمَنۡ أَوۡفَىٰ بِمَا عَٰهَدَ عَلَيۡهِ ٱللَّهَ)، **ودبێت پیتی(ل) قه‌ڵه‌وبكرێت چونكه‌ كه‌سره‌ی له‌ پێشدا هاتووه‌.**

➢ **یه‌عقوب هائی كینایه‌ به‌ كسره‌ ده‌خوێنێته‌وه‌ له‌ چوار شوێندا:**

1. **ئایه‌تی**﴿وَإِن لَّمۡ تَفۡعَلۡ فَمَا بَلَّغۡتَ رِسَالَتَهُۥ﴾(**مائیده**:67) **به‌م شێوه‌یه‌**(رِسَالَٰتِهِۚ)[1].

2. **ئایه‌تی**﴿ ٱللَّهُ أَعۡلَمُ حَيۡثُ يَجۡعَلُ رِسَالَتَهُۥ ﴾(**ئه‌نعام**:124) **به‌م شێوه‌یه‌**(رِسَالَٰتِهِۚ)[2].

3. **ئایه‌تی**﴿أَدۡنَىٰ مِن ثُلُثَيِ ٱلَّيۡلِ وَنِصۡفَهُۥ﴾(**موزه‌میل**:20)، **به‌م شێوه‌یه‌**(وَنِصۡفِهِۦ)[3].

4. **ئایه‌تی**﴿أَدۡنَىٰ مِن ثُلُثَيِ ٱلَّيۡلِ وَنِصۡفَهُۥ وَثُلُثَهُۥ﴾(**موزه‌میل**:20)، **به‌م شێوه‌یه‌**(وَنِصۡفِهِۦ وَثُلُثِهِۦ)[4].

---

[1] یه‌عقوب ئه‌م شوێنه‌ به‌ كۆ ده‌خوێنێته‌وه‌، واته‌: به‌كه‌سره‌داركردنی پیتی(ت)و پیتی(هـ)و زیادكردنی ئه‌لیف له‌دوای پیتی(ل) له‌سه‌ر ئه‌مه‌ش دروست ده‌بێت كه‌سره‌داركردنی پیتی(هـ)ی كینایه‌ به‌هۆی كه‌سره‌ی پیتی(ت).

[2] یه‌عقوب ئه‌م شوێنه‌ به‌ كۆ ده‌خوێنێته‌وه‌، واته‌: به‌كه‌سره‌داركردنی پیتی(ت)و پیتی(هـ)و زیادكردنی ئه‌ایف له‌دوای پیتی(ل) له‌سه‌ر ئه‌مه‌ش دروست ده‌بێت كه‌سره‌داركردنی پیتی(هـ)ی كینایه‌ به‌هۆی كه‌سره‌ی پیتی(ت).

[3] یه‌عقوب ئه‌م شوێنه‌ به‌ كه‌سره‌داركردنی پیتی(ف)و پیتی(هـ) ده‌خوێنێته‌وه‌، ئه‌مه‌ش دروست ده‌بێت كه‌ پیتی(هـ)ی كینایه‌ كه‌سره‌دار بكرێت به‌هۆی كه‌سره‌ی پیتی(ف).

[4] یه‌عقوب ئه‌م شوێنه‌ به‌ كه‌سره‌داركردنی پیتی(ث)ی دووه‌م و پیتی(هـ) ده‌خوێنێته‌وه‌، ئه‌مه‌ش دروست ده‌بێت كه‌ پیتی(هـ)ی كینایه‌ كه‌سره‌دار بكرێت به‌هۆی كه‌سره‌ی پیتی(ث).

➢ **یەعقوب هائی كینایەو صیلەكەی ئەگەر ضـەممەداربو بە پیتی(و)ی گوتراو دەخوێنێتەوە لە پێنج شوێندا.**

1. ئایەتی﴿هَلۡ هُنَّ كَٰشِفَٰتُ ضُرِّهِۦٓ أَوۡ أَرَادَنِي﴾(**زومەڕ**:38)، **بەم شێوەیە**(هَلۡ هُنَّ كَٰشِفَٰتُ ضُرَّهُۥ أَوۡ أَرَادَنِي)[1].

2. ئایەتی﴿هَلۡ هُنَّ مُمۡسِكَٰتُ رَحۡمَتِهِۦۚ قُلۡ حَسۡبِيَ ٱللَّهُۖ﴾(**زومەڕ**:38)، **بەم شێوەیە**(هَلۡ هُنَّ مُمۡسِكَٰتُ رَحۡمَتَهُۥۚ قُلۡ)[2].

3. ئایەتی﴿وَقِيلِهِۦ يَٰرَبِّ﴾(**زوخروف**:88)، **بەم شێوەیە**(وَقِيلَهُۥ)[3].

4. ئایەتی﴿وَٱللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِۦ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡكَٰفِرُونَ﴾(**صەف**:8)، **بەم شێوەیە**(مُتِمٌّ نُورَهُۥ)[4].

5. ئایەتی﴿إِنَّ ٱللَّهَ بَٰلِغُ أَمۡرِهِۦۚ﴾(**طەلاق**:3)، **بەم شێوەیە**(بَٰلِغٌ أَمۡرَهُۥۚ)[5].

---

(1) یەعقوب وشەی(كَٰشِفَٰتُ) بە تەنوینی ضـەمم دەخوێنێتەوە.

(2) یەعقوب وشەی(كَٰشِفَٰتُ) بە تەنوینی ضـەمم دەخوێنێتەوە.

(3) یەعقوب بە فەتحەی پیتی(ل) دەخوێنێتەوە لەسەر ئەوەش دروست دەبێت ضـەممەداركردنی پیتی(هـ)ی كینایە بەهۆی فەتحەی پیتی(ل).

(4) یەعقوب ئەم شوێنە بە تەنوینی ضـەممە دەخوێنێتەوە لە پیتی(م)و پیتی(ر)یش فەتحەدار دەكات، لەسەر ئەوەش دروست دەبێت ضـەممەداركردنی پیتی(هـ)ی كینایە بەهۆی فەتحەی پیتی(ر)و قەڵەوكردنی، لەگەڵ تێكهەڵكێشانیش دەردەكەوێت.

(5) یەعقوب ئەم شوێنە بە تەنوینی پیتی(غ)و فەتحەی پیتی(ر) دەخوێنێتەوە، لەسەر ئەوەش دروست دەبێت ضـەممەداركردنی پیتی(هـ)ی كینایە بەهۆی فەتحەی پیتی(ر).

- یه‌عقوب هائی كینایه ضه‌ممه‌دار ده‌كات بێ صیله له‌ئایه‌تی﴿أَرۡجِهۡ وَأَخَاهُ﴾(ئه‌عراف:111)و (شوعه‌را:36)، له‌گه‌ڵ زیادكردنی هه‌مزه‌ی زه‌نه‌دار پێش پیتی(هـ)، به‌م شێوه‌یه(أَرۡجِئۡهُ وَأَخَاهُ).

- یه‌عقوب هائی كینایه ده‌گۆڕێت به پیتی(ت)ی به‌كارهاتوو بۆ مێ مه‌نصوب له ئایه‌تی﴿كُلُّ ذَٰلِكَ كَانَ سَيِّئُهُۥ عِندَ رَبِّكَ مَكۡرُوهًا﴾(ئیسراء:38) به‌م شێوه‌یه(سَيِّئَةً)[1].

- یه‌عقوب هائی كینایه ده‌گۆڕێت به پیتی(ت)ی به‌كارهاتوو بۆ مێ مه‌نصوب له ئایه‌تی﴿وَأَسۡبَغَ عَلَيۡكُمۡ نِعَمَهُۥ ظَٰهِرَةٗ وَبَاطِنَةٗ﴾(لوقمان:20) به‌م شێوه‌یه(عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَةً ظَٰهِرَةً)، هه‌روها پیتی(ع) زه‌نه‌دار ده‌كات و شاردنه‌وه(الاخفاء) ده‌كات له‌كاتی گه‌یشتنی به پیتی(ظ).

- یه‌عقوب هائی كینایه لاده‌بات له ئایه‌تی﴿وَفِيهَا مَا تَشۡتَهِيهِ ٱلۡأَنفُسُ وَتَلَذُّ ٱلۡأَعۡيُنُ﴾(زوخروف:71)، به‌م شێوه‌یه(مَا تَشۡتَهِي ٱلۡأَنفُسُ)[2].

- ڕویس هائی كینایه به كه‌سره ده‌خوێنێته‌وه بێ صیله له ئایه‌تی﴿وَمَن يَأۡتِهِۦ مُؤۡمِنٗا﴾(طه:75)، به‌م شێوه‌یه(يَأۡتِهِ).

- ڕویس هائی كینایه به كه‌سره ده‌خوێنێته‌وه بێ صیله له ئایه‌تی﴿بِيَدِهِۦ﴾(به‌قه‌ره:237و249) له‌گه‌ڵ سوڕه‌تی(موئمینون:88)و سوڕه‌تی(یس:83) به‌م شێوه‌یه(فَسُبۡحَٰنَ ٱلَّذِي بِيَدِهِ مَلَكُوتُ كُلِّ شَيۡءٍ)[3].

---

(1) فه‌تحه‌داركردنی هه‌مزه ده‌رده‌كه‌وێت.

(2) له‌باری نه‌وه‌ستاندا: پیتی(ی) ناخوێندرێته‌وه به‌هۆی گه‌یشتنه دوو زه‌نه به‌یه‌ك.

(3) لێره‌دا شوێنی پێنجه‌م هه‌یه هه‌مو قاریه‌كان به كه‌سره ده‌یخوێننه‌وه بێ صیله ئه‌ویش ئایه‌تی(تَبَٰرَكَ ٱلَّذِي بِيَدِهِ ٱلۡمُلۡكُ)(مولك:1).

تێبینی1:

پێشه‌وا یه‌عقوب هاوڕایه له‌گه‌ڵ پێشه‌وا حه‌فص له كه‌سره‌داركردنی پیتی(ه) بێ صیله له ئایه‌تی﴿وَإِن تَشۡكُرُواْ يَرۡضَهُ لَكُمۡۗ﴾**(زومه‌ر**:7).

تێبینی2:

پێشه‌وا یه‌عقوب هاوڕایه له‌گه‌ڵ پێشه‌وا حه‌فص له كه‌سره‌داركردنی پیتی(ه) بێ صیله له ئایه‌تی﴿وَيَتَّقۡهِ فَأُوْلَـٰٓئِكَ﴾**(نور**:52)، **له‌گه‌ڵ بونی تێبینی ئه‌وه‌ی كه یه‌عقوب پیتی(ق) به كه‌سره ده‌خوێنێته‌وه‌له‌م شوێنه‌دا به‌م شێوه‌یه**(وَيَتَّقِهِ فَأُوْلَـٰٓئِكَ).



باسی پیتی ڕاناوی(ها)

پێشەوا یەعقوب گشت هائێكی ڕاناوی بەكار هێناو بۆ كۆو ضـەممەداری دەكات به شێوەیەك ئەم كۆیە بەكارهاتبێت بۆ: نێر یان مێ، زیاد لەسەر ئەوەش هەمو هائێكی ڕاناوی بەكار هاتوو بۆ دووانە، بەمەرجێك ئەم هائە ڕاناوە بكەوێتە دوای پیتی(ی)ی زەنەدار، وەك(عَلَيۡهِمۡ ، إِلَيۡهِمۡ ، لَدَيۡهِمۡ، عَلَيۡهِنَّ ، أَيۡدِيهِمۡ ، عَلَيۡهِمَا ، فِيهِمَا، فِيهِنَّ ، نُرِيهِم ، بِجَنَّتَيۡهِمۡ ، يَأۡتِيهِم ، سَنُؤۡتِيهِمۡ}، **بەم شێوەیە**{عَلَيۡهُمۡ ، إِلَيۡهُمۡ ، لَدَيۡهُمۡ ، عَلَيۡهُنَّ ، أَيۡدِيهُمۡ ، عَلَيۡهُمَا ، فِيهُمَا ، فِيهُنَّ ، نُرِيهُم ، بِجَنَّتَيۡهُمۡ ، يَأۡتِيهُم ، سَنُؤۡتِيهُمۡ}، **بەلاَم ئەگەر پیتی(ی) زەنەدار نەبێت ئەوە پێشەوا یەعقوب** ضـەممەداری ناكات وەك (بِبَغۡيِهِمۡ، حَلۡيِهِمۡ) [1].

وهەروها ڕویس ئەگەر پیتی(ی) لادرابێت هەر بە ضـەممە دەیخوێنێتەوە، بەلاَم لە بنچینە وشەكە پیتی(ی) هەبێت پاشان پاشان لادرابێت وەك(فَٱسۡتَفۡتِهِمۡ ، وَيُخۡزِهِمۡ ، يَأۡتِهِمۡ ، فَـَٔاتِهِمۡ ، يَكۡفِهِمۡ ، وَقِهِمۡ) **بەم شێوەیە**(فَٱسۡتَفۡتِهُمۡ ، وَيُخۡزِهُمۡ ، يَأۡتِهُمۡ ، فَـَٔاتِهُمۡ ، يَكۡفِهُمۡ ، وَقِهُمۡ)، **ڕویس جیای كردۆتەوە، واتە: بەكەسرە دەیخوێنێتەوە) ئایەتی**﴿وَمَن يُوَلِّهِمۡ يَوۡمَئِذٖ﴾(**ئەنفال**:16) **بەلاَم دەربارەی وشەی**(وَمَلَإِيْهِمْ) **ئەوە ڕویس پیتی(ه)** ضـەممەدارناكات.

---

[1] **یەعقوب وشەی**(حُلِيِّهِمۡ) **بە فەتحەی پیتی(ح)و زەنەی پیتی(ل)و لابردنی شەدەی پیتی(ی) دەخوێنێتەوە.**

بابەتی میمی كۆ

میمی كۆ: بریتیه له پیتێكی زیاده لەپێكهاتەی وشەدا كه بۆ نێری كۆ(جمع المذكر) بەكاردێت، وهەروها(مێ)ش دەگرێته خۆی، جیاوازیش نیه حەقیقەت بێت یان ئەوەی وەكو نێری كۆ بەكاردێت، بەڵام بەخۆی نێری كۆ نیه.

دەرچوو له پێناسەكه: واتا ئەو شتانەی كه پێناسەكه نایان گرێتەوەو له بازنەی پێناسەكەدا دەردەچن:-

- **میمی زیادە:** كه له پێناسەكەدا گوترا میمی زیادە، واتا ئەم پیتە میمە ناگرێتەوە كە زیاد نەبێت و بنچینەو ئەصلی وشەكە بێت وەك[بِمَ، ٱحۡكُم، أَلَمۡ].
- **واتای كۆی نێر بدات:** ئەمە ناگرێتەوە ئەگەر پیتی میمەكە واتای كۆی نێر نەدات، واتا بەكارهاتبێت بۆ تاك یان بۆ دووان وەك(أَنۡهَكُمَا).
- **كۆی مێ دەگرێتەوە:** وەك(عَلَيۡكُمُ ٱلصِّيَامُ)، لێرەدا پیتە میمەكە بەكار هاتووە بۆ نێرو مێ، واتا هەردوو ڕەگەز دەگرێتەوە.
- **مەبەست له حەقیقەت:** لەزمانی عەرەبیدا ئەوەدەگرێتەوە(منكم) پیتی(م) لەم وشە بە میمی كۆ دادەندرێت له زمانی عەرەبیدا.
- **له بەكار هێنانی قورئاندا:** ئەوەدەگرێتەوە(وَمَلَإِيْهِمُ)، له ئایەتی﴿عَلَىٰ خَوۡفٖ مِّن فِرۡعَوۡنَ وَمَلَإِيْهِمۡ أَن يَفۡتِنَهُمۡۚ﴾[یونس:83]، لێرەدا ڕاناو دەگەڕێتەوە بۆ فیرعەون بە تەنها بەڵام بە شێوەی كۆ بەكار هاتووە، كەواتە: ئەم میمەش بە میمی كۆ ئەژمار دەكرێت.

نیشانهی (میم)ی كۆ

- میمی كۆ ئهگهر لایبهری له وشهدا مانای وشهكه تێك نادات، وهك(عَلَيۡكُمُ) دهبێته(عَلَيۡكُ).
- یهكێك لهم سیٚ پیتانه له پێش میمهكهدا بێت[1].

أ. پیتی(ك) وهك(مِنكُمُو)، پیتی(ك) تهنها ضهممهدار دهبێت.

ب. پیتی(ت) وهك(كُنتُمُو)، پیتی(ت) تهنها ضهممهدار دهبێت.

ت. پیتی(ه) وهك(أَمۡوَٰلَهُمُو)، پیتی(ه)یان ضهممهدار دهبێت، وهك له نمونهی پێشو باسكرا، یان كهسرهدار دهبێت وهك(عَلَيۡهِمُو) جگه له خوێندنهوهی یهعقوب.

---

[1] یهك شوێن جیاكراوتهوه، ههمزه كهوتۆته پێش پیتی(م)ی كۆ(میم الجمع)، ئهوهش له ئایهتی19ی سوڕهتی حاقهیه{هاؤم} لێرهدا بهواتای (هلموا اقرؤوا كتابيه)، ههندیٚ له زمانهوانان دهڵێن: به واتای (هاكم) دێت، پیتی(ك) گۆڕدراوه به پیتی ههمزه، ههروهك قوتهیبی ئاماژهی پیٚ كردووه، رهضی دهفهرموێت: (ها) ناوێكه به واتای (بگره) دێت وههشت جۆر زمانی تێدایه، ئهمه یهكێكه لهم زمانانه: لهبری پیتی ئهلیف ههمزهی پێوه بلكێندرێت گۆڕانكاریهكانیشی وهك گۆڕانكاری پیتی(ك) دهبێت، وهك:(هاؤما، هاؤم، هاءِ، هاءَ، هاؤن)، باوكی قاسم فهرمویهتی: بهچهن شێوازو زمانێك دهخوێندرێتهوه چاكترینیان ئهوهی سێبهوهیهی باسی كردووه له پهرتوكهكهی خۆیدا دهفهرموێت: عهرهب دهڵێن:(هاءَ یا رجل) بیگره ئهی پیاو، ههمزهكهی فهتحهدار دهكهن، و(هاءِ یا امرأة) بیگره ئهی ئافرهت بۆ ئافرهت ههمزهكه كهسرهدار دهكرێت، و(هاؤما یا رجلان أو امرأتان، وهاؤم یا رجال، وهاؤن یا نسوة) پیتی(م) له وشهی(هاؤم) وهك پیتی میمهكه بۆ ئێوه بهكاردێت، وضهممهدار كردنیشی وهك ضهممهدار كانی تره له ههندیٚ شوێن.

حالەتەكانی
پیتی (میمی) كۆ

پیتی (میمی) كۆ دوو حالەتی هەیە:-

➢ **باری یەكەم:** پیتێكی زەنەداری بەدوادابێت، زۆربەی قاریئەكان ضەممەداری دەكەن بێ لكاندن، بە شێوەیەك بنچینەی پیتی(میمی) كۆ ضەممەدارە، وەك{وإذ فرقنا بكمُ البحر}، ئەگەر پیتی (ه) بكەوێتە پێش پیتی(میمی) كۆ، مەنهەجی پێشەوا یەعقوب لە باری نەوەساندا: بریتیە لەكەسرەداركردنی پیتی(میمی) كۆ یان ضەممەداركردنی بەم شێوەیە:

ئەگەر پیتی(ه) لە خوێندنەوەی یەعقوب دا كەسرەدار بێت[1] ئەوە یەعقوب پیتی(م) كەسرەدار دەكات بە دوو مەرج:

- **مەرج یەكەم:** دەبێت پیتی(ه) كە دەكەوێتە پێش پیتی(م) پیتێكی لە پێشدا هاتبێت جگە لە پیتی(ی) (زەنەداری جێگیربێت یان لابردراو بێت بەهۆی پیتی عیلەوە).

- **مەرجی دووەم:** پیتێكی زەننەدار بكەوێتە دوای پیتی(میمی) كۆ وەك{قُلُوبِهِمِ ٱلۡعِجۡلَ، قِبۡلَتِهِمِ ٱلَّتِي، بِهِمِ ٱلۡأَسۡبَابُ}.

ئەگەر پیتی(ه) لەخوێندنەوەی یەعقوب دا ضەممەدار بێت ئەوە یەعقوب پیتی(م) ضەممەدار دەكات بە دوو مەرج:

- **مەرجی یەكەم:** دەبێت پیتی(ه) كە دەكەوێتە پێش پیتی(م) پیتی(ی)ی لە پێشدا هاتبێت(زەنەداری جێگیربێت یان لابردراو بێت بەهۆی پیتی عیلەوە).

(1) پێشتر باسی حوكمی پیتی(ه)مان كرد لە بابەتی هائی ڕاناو.

- **مه‌رجی دووه‌م: پیتێكی زه‌نه‌دار بكه‌وێته دوای پیتی(میمی) كۆ وه‌ك**{يُرِيهُمُ ٱللَّهُ ، عَلَيۡهِمُ ٱلۡقِتَالُ ، عَلَيۡهِمُ ٱلۡأَوۡلَيَٰنِ}.

كه‌واتا بنچینه لای پێشه‌وا یه‌عقوب له باری نه‌وه‌ستاندا له‌وه‌ی له پێشو باسكرا بریتیه له: شوێن كه‌وتنی پیتی(م)ی كۆ جوله‌ی پیتی(ه)، ئه‌گه‌ر پیتی(ه) له خوێندنه‌وه‌ی یه‌عقوبدا كه‌سره‌داربوو ئه‌وه پیتی(م) كه‌سره‌دار ده‌كات وئه‌گه‌ر پیتی(ه) له قیرائه‌تی یه‌عقوبدا ضه‌مه‌دار بوو ئه‌وه پیتی(م) ضه‌مه‌دار ده‌كات.

به‌لأم ئه‌گه‌ر له پێش پیتی(م) پیتی(ه) نه‌هاتبێت، ئه‌وه پیتی(م)ی كۆ ضه‌مه‌دارده‌كرێت و پیتی پێش میمه‌كه كه پیتی(ك)و پیتی(ت) له‌سه‌ر باری خۆی ده‌مینێته‌وه‌واتا له‌سه‌ر جوله‌ی خۆی وه‌ك{وَأَنتُمُ ٱلۡأَعۡلَوۡنَ ، أَلۡهَىٰكُمُ ٱلتَّكَاثُرُ}.

➢ **باری دووه‌م: پیتێكی جوله‌دار له‌دوای پیتی(ه) بێت، پێشه‌وا یه‌عقوب هاوڕایه له‌گه‌ڵ پێشه‌وا حه‌فص له‌م باره‌یه‌وه.**

باسی
ئه‌حكامی نونی ساكینه‌و ته‌نوین

ئه‌م بابه‌ته به‌گشتی یه‌كسانه له‌گه‌ڵ ئه‌حكامی پێشه‌وا حه‌فص ته‌نها له‌م شوێنانه‌ی خواره‌وه نه‌بێت:

❖ پێشه‌وا یه‌عقوب تێكهه‌ڵكێشانی كردووه بۆ پیتی(ن) به‌پیتی(ر) له ئایه‌تی﴿مَنۜ رَاقٍ﴾،[قیامه:27]، چونكه لێره‌دا سه‌كت -وستانێكی كورتی بێ وه‌رگرتنی هه‌ناسه- ناكات، ئه‌مه‌ش پێچه‌وانه‌ی پێشه‌وا حه‌فص.

❖ پێشه‌وا یه‌عقوب هه‌ندێ شوێن ده‌خوێنێته‌وه به زه‌نه‌داركردنی پیتی(ن) پاشان بۆی هه‌یه یان تێكهه‌ڵكێشانی پیته نونه‌كه بكات یان بیشارێته‌وه(اخفاء)، ئه‌وه‌ش به پێی یاسای گشتی له حوكمه‌كانی نونی ساكین و ته‌نوین، وئه‌وه‌ی گرنگه لای ئێمه له‌م بابه‌ته‌دا ئه‌م وشانه‌ن.

❖ پێنج وشه‌یان ئه‌مانه‌ن{يُنَزّل، تُنَزّل، نُنَزِل، مُنَزِّلُهَا، مُنَزَّل} له هه‌رشوێن بن و به هه‌رشێوه‌یك بێن، یه‌عقوب به زه‌نه‌ی پیتی(ن)و لابردنی شه‌ده‌ی پیتی(ز) ده‌خوێنێته‌وه[1].

[1] یه‌عقوب ئایه‌تی(يُنَزِّلُ ٱلۡمَلَـٰٓئِكَةَ بِٱلرُّوحِ)(نه‌حل:2) به پێچه‌وانه‌ی ڕاویه‌كانی ده‌یخوێنێته‌وه، ڕه‌ویس: به‌زه‌نه‌ی پیتی(ن)و شه‌ده‌ی پیتی(ز) ده‌خوێنێته‌وه، به‌ڵام ڕه‌وح: به پیتی(ت)ی فه‌تحه‌دار ده‌خوێنێته‌وه له‌بری پیتی(ی)و فه‌تحه‌ی پیتی(ز) له‌گه‌ڵ مه‌رفوع كردنی وشه‌ی(الملائكة).

بەلای ئێمەوە گرنگە ڕونكردنەوە لەسەر ئەم وشانەی خوارەوە بدەین:

1. **وشەی**(يُنجِيكُم)[1](**ئەنعام**:63+64)
2. **وشەی**(فَإِن تَكُن مِّنكُم مِّاْئَةٌ)[2](**ئەنفال**:66).
3. **وشەی**(أَن تَكُونَ)،[**ئەحزاب**:36)[3](**ئەنفال**:67).
4. **وشەی**(فَٱلْيَوْمَ نُنَجِّيكَ بِبَدَنِكَ)[4](**یونس**:92).
5. **وشەی**(ثُمَّ نُنَجِّى)[5](**یونس**:103)(**مەریەم**:72).
6. **وشەی**(أَوَمَن يُنَشَّؤُاْ فِى ٱلْحِلْيَةِ)(**زوخروف**:18)[6]
7. **وشەی**(إِنَّا لَمُنَجُّوهُمْ أَجْمَعِينَ)[7] (**حیجر**:59).
8. **وشەی**(تَكَادُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ يَتَفَطَّرْنَ)[8] (**مەریەم**:90)(**شورا**:5).
9. **وشەی**(لَن يَنَالَ ٱللَّهَ لُحُومُهَا وَلَا دِمَآؤُهَا وَلَٰكِن يَنَالُهُ ٱلتَّقْوَىٰ مِنكُمْ)[9] (**حەج**:37).
10. **وشەی**(وَٱلْخَٰمِسَةُ أَنَّ لَعْنَتَ ٱللَّهِ عَلَيْهِ)[10](**نور**:7).
11. **وشەی**(لَنُنَجِّيَنَّهُۥ وَأَهْلَهُۥٓ إِلَّا ٱمْرَأَتَهُۥ)[11](**عەنكەبوت**:32).

---

[1] **خوێندراوەتەوە**(يُنَجِّيكُم) **بەزەنەداركردنی پیتی**(ن)**و لابردنی شەدەی پیتی**(ج).

[2] **وشەی**(تَكُن) **بە پیتی**(ت) **دەخوێنێتەوە لە بری پیتی**(ی).

[3] **وشەی**(يَكُونَ) **بە پیتی**(ت) **دەخوێندرێتەوە لەبری پیتی**(ی).

[4] **وشەی**(نُنَجِّيكَ) **دەخوێندرێتەوە بە زەنەداركردنی پیتی**(ن)**ی دووەم و ئاسانكردنی پیتی**(ح).

[5] **وشەی**(نُنَجِّى) **دەخوێندرێتەوە بە زەنەداركردنی پیتی**(ن)**ی دووەم و ئاسانكردنی پیتی**(ح).

[6] **وشەی**(يُنَشَّؤُاْ) **دەخوێندرێتەوە بە فەتحەداركردنی پیتی**(ی)**و زەنەداركردنی پیتی**(ن)**و ئاسان خوێندنەوەی پیتی**(ش).

[7] **وشەی**(مُنَجُّوهُمْ) **بە زەنەداركردنی پیتی**(ن)**و ئاسانكردنی پیتی**(ج) **دەخوێندرێتەوە.**

[8] **وشەی**(يَتَفَطَّرْنَ) **بە زەنەداركردنی پیتی**(ن) **دەخوێندرێتەوە لەبری پیتی**(ت) **لەگەڵ كەسرەداركردنی پیتی**(ط)**و ئاسانكردنی ولاوازكردنی پیتی**(ر) **دەردەكەوێت.**

[9] **وشەی**(يَنَالَ ؛ يَنَالُهُ) **بەپیتی**(ت) **دەخوێندرێتەوە لەبری پیتی**(ی).

[10] **وشەی**(أَنَّ) **بە زەنەداركردنی پیتی**(ن)**و ضـەممەی پیتی**(ت) **لە وشەی**(لَعْنَتَ) **دەخوێندرێتەوە.**

12. **وشەی**(إِنَّا مُنجُوكَ وَأَهۡلَكَ)[2](**ئەنفال**:66).
13. **وشەی**(وَمَن نُّعَمِّرۡهُ نَنكُسۡهُ فِي ٱلۡخَلۡقِۚ)[3](**یس**:68).
14. **وشەی**(أَوَ مَن يَنشَؤُاْ فِي ٱلۡحِلۡيَةِ)[4](**زوخروف**:18).
15. **وشەی**(عِندَ ٱلرَّحۡمَٰنِ)[5](**زوخرزف**:19).
16. **وشەی**(نٓۚ وَٱلۡقَلَمِ) (**قەلەم**:1) **بە تێكهەڵكێشان**.



(1) وشەی(لَنُنَجِّيَنَّهُۥ) بە زەنەداركردنی پیتی(ن)ی دووەم و لابردنی شەدەی پیتی(ج) دەخوێندرێتەوە.
(2) وشەی(مُنَجُّوكَ) بە زەنەداركردنی پیتی(ن)و لابردنی شەدەی پیتی(ج) دەخوێندرێتەوە.
(3) وشەی(نُنَكِّسۡهُ) بە فەتحەداركردنی پیتی(ن)ی یەكەم و زەنەداركردنی پیتی(ن)ی دووەم، لەگەڵ ضەممەی پیتی(ك)و لابردنی شەدەكەی دەخوێندرێتەوە.
(4) وشەی(يُنَشَّؤُاْ) بە فەتحەداركردنی پیتی(ی)و زەنەداركردنی پیتی(ن)، لەگەڵ لابردنی شەدەی پیتی(ش) دەخوێندرێتەوە.
(5) وشەی(عِبَٰدُ) بە پیتی(ن)ی زەنەدار دەخوێندرێتەوە لەبری پیتی(ب) لەگەڵ لابردنی ئەلیف و فەتحەی پیتی(د).

❖ پێشه‌وا یه‌عقوب هه‌ندێ شوێنی به ته‌نوین ده‌خوێنێته‌وه، پاشان بۆی هه‌یه یان تێكهه‌ڵكێشانی ته‌نوین یان وه‌رگه‌ڕان یان شاردنه‌وه‌یان بۆ ده‌كات دوای ئه‌و، به‌پێی یاسا گشتیه‌كان له ئه‌حكامی نونی ساكینه‌و ته‌نوین، ئه‌وه‌ی له نێوانیان دایه له‌م بابه‌ته‌وه به‌م شێوه‌یه:

أ. له هه‌ندێك شوێندا به تێكهه‌ڵكێشان ده‌خوێنێته‌وه كه ئه‌مانه‌ن:

- ﴿فَلَا رَفَثُ وَلَا فُسُوقُ وَلَا﴾(**به‌قه‌ره**:197) له دوو شوێندا
- ﴿عَلِيٌّ مُّسْتَقِيمٌ﴾[1](**حیجر**:41).
- ﴿جَعَلَهُۥ دَكَّآ وَكَانَ وَعْدُ رَبِّي حَقًّا﴾[2](**كه‌هف**:98).
- ﴿هَلْ هُنَّ مُمْسِكَٰتُ رَحْمَتَهُۥ﴾[3](**زومه‌ر**:38).
- ﴿عَادًا لُّـولَىٰ﴾[4](**نه‌جم**:50).
- ﴿مُتِمٌّ نُّورَهُۥ﴾[5](**صه‌ف**:8).

---

(1) وشه‌ی(عَلَيَّ) به كه‌سره‌داركردنی پیتی(ل)و ته‌نینی پیتی(ی) به ضه‌ممه ده‌خوێندرێته‌وه

(2) وشه‌ی(دَكَّآءَ) به ته‌نوینی فه‌تحه‌ی پیتی(ك)و لابردنی هه‌مزه ده‌خوێندرێته‌وه، له‌باری وه‌ستاندا: درێژكردنه‌وه‌ی قه‌ره‌بو ئه‌نجام ده‌درێت.

(3) وشه‌ی(مُمْسِكَٰتُ) به ته‌نوینی ضه‌ممه‌و فه‌تحه‌ی پیتی(ت)له وشه‌ی(رَحْمَتِهِۦ) ده‌خوێندرێته‌وه، وپێویست ده‌كات ضه‌مه‌ی پیتی(ه)ی كیانیه بكرێت، له‌گه‌ڵ شوێن كه‌وتنی پیتی(ه)ی كینایه به پیتی(و)ی گوتراو.

(4) قسه له‌سه‌ر ئه‌م بابه‌ته ده‌كه‌ین له شوێنی خۆی به درێژی له بابه‌تی(باسی گواستنه‌وه‌ی جوله‌ی هه‌مزه بۆ زه‌نه‌ی پێش خۆی) .

(5) وشه‌ی(نُورِهِۦ) به فه‌تحه‌داركردنی پیتی(ر)و ضه‌ممه‌ی پیتی(ه)و صیله به پیتی(و)ی گوتراو ده‌خوێندرێته‌وه له‌گه‌ڵ قه‌ڵه‌وكردنی پیتی(ر).

❖ **له كاتی لكاندنی كۆتایی هەندێك له سورەتەكان به سورەتێكی تر كه بەدوای دادێت له باری لكاندنی بێ بەسمەلەو لەگەڵ ئەنجام نەدانی سەكت وەك ئایەتی**﴿عَلِيمُ يَٰٓأَيُّهَا﴾، **كۆتایی سورەتی نیساء به سەرەتای سورەتی مائیدە، وئایەتی**﴿عَظِيمَا يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ﴾، **كۆتایی سورەتی فەتح به سەرەتای سورەتی حوجورات.**

هەندێك وشەی به شاردنەوە(الاخفاء) دەخوێنێتەوە كه ئەمانەن:

1. ﴿ أَوۡ جَآءُوكُمۡ حَصِرَتۡ صُدُورُهُمۡ﴾[1](**نیساء**:90).
2. ﴿سُجَّدٗا نَّغۡفِرۡ لَكُمۡ﴾[2](**ئەعراف**:161).
3. ﴿وَأَنَّ ٱللَّهَ مُوهِنُ كَيۡدِ﴾[3](**ئەنفال**:18).
4. ﴿إِلَىٰ مَا خَلَقَ ٱللَّهُ مِن شَيۡءٖ يَتَفَيَّؤُاْ ظِلَٰلُهُۥ﴾[4](**نەحل**:48).
5. ﴿عِوَجَاۜ ١ قَيِّمٗا﴾[5](**كەهف**:1).
6. ﴿وَأَسۡبَغَ عَلَيۡكُمۡ نِعَمَهُۥ ظَٰهِرَةٗ وَبَاطِنَةٗۗ﴾[6](**لوقمان**:20).
7. ﴿هَلۡ هُنَّ كَٰشِفَٰتُ ضُرِّهِۦٓ﴾[7](**زومەر**:38).

---

(1) **وشەی**(حَصِرَتۡ) **دەخوێنێتەوە به تەنوینی فەتحەی پیتی(ت) ولەسەری دەوەستێت به پیتی(ه) ئەویش لەسەر كێشی**(نخرة)**یە.**

(2) **وشەی**(نُغۡفِرۡ) **دەخوێنێتەوە به پیتی(ت)ی** ضـه**مەدار لەبری پیتی(ن) لەگەڵ فەتحەداركردنی پیتی(ف)و قەڵەوكردنی پیتی(ر).**

(3) **وشەی**(مُوهِنُ) **دەخوێنێتەوە به تەنوینی پیتی(ن)و فەتحەی پیتی(د) له وشەی**(كَيۡدَ).

(4) **وشەی**(يَتَفَيَّؤُاْ) **دەخوێنێتەوە به پیتی(ت) لەبری پیتی(ی)یەكەم.**

(5) **وشەی**(عِوَجَاۜ) **دەخوێنێتەوە به وازهێنان له سەكت، دواتر قسەی لەسەر دەكەین له بابەتی سەكت ان شاء الله.**

(6) **وشەی**(نِعَمَهُۥ) **دەخوێنێتەوە به زەنەداركردنی پیتی(ع)و پیتی(ة)ی كۆتایی نوندار به فەتحە لەبری پیتی(ه) قسەمان لەسەر كرد له بابەتی هائی كینایە.**

❖ **له کاتی لکاندنی کۆتایی هەندێك له سوڕەت به سوڕەتێکی تر که بەدوای دادێت له باری لکاندنی بیٚ بەسمەلەو لەگەڵ ئەنجام نەدانی سەکت وەك ئایەتی**﴿أَحَدَا كٓهيعٓصٓ﴾ **کۆتایی سوڕەتی کەهف به سەرەتای سوڕەتی مەریەم و ئایەتی**﴿رِكۡزَا طه﴾ **له کۆتایی سوڕەتی مەریەم به سەرەتای سوڕەتی** طه**، وئایەتی**﴿عَلِيمٌ تَبَارَكَ﴾ **له کۆتایی سوڕەتی نور به سەرەتای سوڕەتی فورقان و ئایەتی**﴿لِزَامَا طسٓمٓ﴾ **وکۆتایی سوڕەتی فورقان به سەرتای سوڕەتی شوعەرا، وئایەتی**﴿مَّسَدِ قُلۡ﴾ **کۆتایی سوڕەتی مەسەد به سەرەتای سوڕەتی ئیخلاص.**

❖ **یەعقوب به تێکهەڵکێشان دەخوێنێتەوە ئایەتی**﴿وَمَن يَطَّوَّعۡ خَيۡرٗا فَإِنَّ ٱللَّهَ شَاكِرٌ عَلِيمٌ﴾[2] (**بەقەرە**:158).

---

[1] **وشەی**(كَشِفَتُ) **دەخوێنێتەوە به تەنوینی** ضـه**ممه ووشەی**(ضُرِّهِۦ) **به فەتحەی پیتی**(ر) **دەخوێنێتەوە، پێویست دەبێت هائی کینایه** ضـه**ممەدار بکرێت و شوێن کەوتنی پیتی**(ه)**ی کینایه بکرێت به پیتی**(و)**ی گوتراو، لەگەڵ قەڵەوکردنی پیتی**(ر).

[2] **وشەی**(تَطَوَّعَ) **دەخوێنێتەوە به پیتی**(ی) **لەبری پیتی**(ت) **لەگەڵ شەدەدارکردنی پیتی**(ط)**و زەنەی پیتی**(ع).

❖ ڕاوی ڕویس له‌ شه‌ش شوێنی تایبه‌ت به‌ شاردنه‌وه‌(الاخفاء) ده‌خوێنێته‌وه‌ به‌م شێوه‌یه‌:

1. ﴿لَا يَغُرَّنَكَ تَقَلُّبُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فِي ٱلْبِلَٰدِ﴾[1](ئالی عیمران:196).
2. ﴿ٱدۡخُلُواْ مَسَٰكِنَكُمۡ لَا يَحۡطِمَنَكُمۡ سُلَيۡمَٰنُ وَجُنُودُهُۥ﴾[2](نه‌مل:18).
3. ﴿وَلَا يَسۡتَخِفَّنَكَ ٱلَّذِينَ لَا يُوقِنُونَ﴾[3](ڕوم:60).
4. ﴿أَوۡ نُرِيَنَكَ ٱلَّذِي وَعَدۡنَٰهُمۡ﴾[4](زوخروف:423).
5. ﴿ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا نُهُواْ عَنۡهُ وَيَنتَجُونَ بِٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡعُدۡوَٰنِ﴾[5](موجاده‌له:8).
6. ﴿فَلَا تَنتَجُواْ بِٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡعُدۡوَٰنِ﴾[6](موجاده‌له:9).

❖ ڕاوی ڕویس به‌ قه‌لبكردن و وه‌رگه‌ڕان ده‌خه‌وێنێته‌وه‌ ئایه‌تی﴿فَإِمَّا نَذۡهَبَنۡ بِكَ فَإِنَّا مِنۡهُم مُّنتَقِمُونَ﴾[7](زوخروف:41).

---

(1) ڕه‌ویس وشه‌ی(يَغُرَّنَّكَ) ده‌خوێنێته‌وه‌ به‌ زه‌نه‌داركردنی پیتی(ن).

(2) ڕه‌ویس وشه‌ی(يَحۡطِمَنَّكُمۡ) ده‌خوێنێته‌وه‌ به‌ زه‌نه‌داركردنی پیتی(ن).

(3) ڕه‌ویس وشه‌ی(يَسۡتَخِفَّنَّكَ) ده‌خوێنێته‌وه‌ به‌ زه‌نه‌داركردنی پیتی(ن).

(4) ڕه‌ویس وشه‌ی(نُرِيَنَّكَ) ده‌خوێنێته‌وه‌ به‌ زه‌نه‌داركردنی پیتی(ن)ی دووه‌م.

(5) ڕه‌ویس وشه‌ی(وَيَتَنَـٰجَوۡنَ) ده‌خوێنێته‌وه‌ به‌ زه‌نه‌داركردنی پیتی(ن)و پێش خستنی به‌سه‌ر پیتی(ت)، له‌گه‌ڵ لابردنی ئه‌لیف و ضه‌ممه‌ی پیتی(ج)و درێژكردنه‌وه‌.

(6) ڕه‌ویس وشه‌ی(تَتَنَـٰجَوۡاْ) ده‌خوێنێته‌وه‌ به‌ زه‌نه‌داركردنی پیتی(ن)و پێش خستنی به‌سه‌ر پیتی(ت)، له‌گه‌ڵ لابردنی ئه‌لیف و ضه‌ممه‌ی پیتی(ج)و درێژكردنه‌وه‌.

(7) ڕه‌ویس وشه‌ی(نَذۡهَبَنَّ) ده‌خوێنێته‌وه‌ به‌ لابردنی شه‌ده‌ی پیتی(ن)ی دووه‌م، وله‌كاتی وه‌ستاندا پیتی(ن) ده‌كات به‌ ئه‌لیف، دواتر باسی ده‌كه‌ین ان شاء الله له‌ بابه‌تی وێنه‌ی نوسین.

❖ ڕاوى ڕه‌وح به شاردنه‌وه(الاخفاء) ده‌خوێنێته‌وه ئايه‌تى﴿وَيُنجِى ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْ﴾[1][2](زومه‌ر:61).

تێبينى1:

يه‌عقوب تێكهه‌ڵكێشانى پيتى(ن) له پيتى(و) ده‌كات له ئايه‌تى﴿يسٓ ۞ وَٱلۡقُرۡءَانِ ٱلۡحَكِيمِ﴾(يس:1).

تێبينى2:

يه‌عقوب تێكهه‌ڵكێشانى پيتى(ن) له پيتى(و) ده‌كات له ئايه‌تى﴿نٓۚ وَٱلۡقَلَمِ وَمَا يَسۡطُرُونَ﴾ (قه‌له‌م:1).



[1] ڕه‌وح وشه‌ى(وَيُنَجِّى) ده‌خوێنێته‌وه به زه‌نه‌داركردنى پيتى(ن)و لابردنى شه‌ده‌ى پيتى(ج).
[2] ڕه‌وح ئيماله‌ى پيتى(ى) ده‌كات.

باسی سەکت[1]

پێشەوا یەعقوب وازی لەو سەکتانە هێناوە کە پێویستن لای حەفص، بەشێوەیەك تێکهەڵکێشانی بۆ دەکرێت ئەوەی گونجاو بێت بۆ تێکهەڵکێشان، ئەوەش ڕو دەدات لە{بَل رَّانَ ، مَن رَّاقٍ}، بەهۆی هاتنە دی مەرجەکانی تێکهەڵکێشان لە هەردووکیاندا.

لە باری نەوەستاندا: پێشەوا یەعقوب سەکت ناکات لە وشەی(مَالِيَهْ) لە ئایەتی﴿مَآ أَغۡنَىٰ عَنِّي مَالِيَهۡۜ ۝٢٨ هَلَكَ عَنِّي سُلۡطَٰنِيَهۡ﴾(حاقە:28)، بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە(مَالِيَ ۝٢٨ هَلَكَ)، ولەباری وەستاندا: پیتی(هـ)ی سەکت دەخوێنێتەوە بەم شێوەیە(مَالِيْ)، ئەم بابەتەش باس دەکەین لە بابەتی شێوەی ڕێنوسی.

پێشەوا یەعقوب سەکت دەکات لە کۆتایی هەندێك سورەت لە یەك لە پێنج خوێندنەوەکان لە بابەتی ئیستیعازەو بەسمەلە باسکران.

تێبینی:

لە باری وەستاندا: یەعقوب بە پیتی(هـ)ی سەکت دەوەستێت لەسەر هەندێك وشەدا وەك(فِيمَ) ئەم بابەتەش بە درێژی باس دەکەین لە بابەتی شێوەی ڕێنوسی.

[1] مەبەست لە زاراوەی(سەکت) واتا وەستانێکی کورت بێ هەناسەدان.

جیاوازی
له‌ نێوان وه‌ستان و سه‌كت

1. كاتی وه‌ستان زیاتره‌ له‌ سه‌كت.

2. له‌ وه‌ستاندا قاریء هه‌ناسه‌یه‌ك وه‌رده‌گرێت، به‌ڵام له‌ سه‌كت هه‌ناسه‌ وه‌رناگرێت.

3. سه‌كت دروست نیه‌ ته‌نها له‌ رێگه‌ی ڕیوایه‌ت نه‌بێت، به‌ڵام وه‌ستان دروسته‌ بۆ قاریء له‌ سه‌ر هه‌ر وشه‌یه‌ك بیَ به‌ مه‌رجێك واته‌: ی وشه‌كه‌ تێك نه‌دات.

4. له‌ كاتی وه‌ستاندا دروسته‌ له‌ خوێندنه‌وه‌كه‌ت بگه‌ڕێیته‌وه‌ بۆ پێشه‌وه‌و دواتر ته‌واو بكه‌ی به‌ڵام له‌ سه‌كت دا خوێندنه‌كه‌ ته‌واو ده‌كه‌ی له‌ دوای سه‌كت.

5. وه‌ستان نابێت ته‌نها له‌ سه‌ر وشه‌ نه‌بێت به‌ڵام سه‌كت ده‌كرێت له‌سه‌ر وشه‌ یان پیت بێت.

بابەتی
دوو هەمزە لەیەك وشەدا

ئەگەر دوو هەمزە لەیەك وشەدا كۆببێتەوە، هەمزەی یەكەم دەبێتە هەمزەی پرسیاری وپێویستە بەردەوام فەتحەداربێت، ئەم جۆرە هەمزە دەخوێندرێتەوە لای گشت قورائەكان و هەمزەی دووەم یان ضـەممەدار دەبێت یان فەتحەدار یان كەسرەدار.

مەزهەبی ڕەوح لەم بابەتە بریتیە لە خوێندنەوەی هەردوو هەمزە لەیەك وشەدا، ومەزهەبی ڕویس بریتیە لەوەی كە هەمزەی دووەم ئاسان دەكرێت.

كەواتا لە مەزهەبی ڕویس: ئەگەر هەمزەی دووەم فەتحەداربو، واتە: هەردوو هەمزە فەتحەداربون وەك(ءَأَنذَرْتَهُمْ ، ءَأَلِدُ) **ئەوە خوێندنەوەی هەمزەی دووەم دەبێتە نێوان هەمزەو ئەلیف بەم شێوەیە**(ءَاْنذَرْتَهُمْ ، ءَاْلِدُ)

ئەگەر هەمزەی دووەم ضـەممەدار بو وەك﴿قُلْ أَؤُنَبِّئُكُم بِخَيْرٍ مِّن ذَٰلِكُمْ﴾**(ئالی عیمران:**15)﴿أَءُنزِلَ عَلَيْهِ ٱلذِّكْرُ مِنۢ بَيْنِنَا﴾**(ص:**8)﴿أَءُلْقِيَ ٱلذِّكْرُ عَلَيْهِ مِنۢ بَيْنِنَا﴾**(قەمەڕ:**25) **ئەمەش تەنها لەم سێ شوێنەدا هەیە لە قورئانی پیرۆزو شوێنی چوارەمی نیە، ئەوە هەمزەی دووەم ئاسان دەكرێت(تسهیل)و بە ئاسانی دەیخوێنێتەوە، بەشێوەیەك خوێندنەوەكە لە نێوان هەمزەو پیتی(و) بێت، بەم شێوەیە:** [أَوْنَبِّئُكُمُو ، أَءنزِلَ ، أَءلْقِيَ].

ئەگەر هەمزەی دووەم كەسرەدار بوو وەك[أَإِنَّا ، أَإِمَّةَ]**، ئەوە هەمزەكە ئاسان دەكرێت، (واتە: خوێندنەوەی هەمزەی دووەم ئاسان دەكات لە نێوان هەمزەی دووەم و پیتی(ی) بەم شێوەیە**[أَئنَّا ، أَئمَّةَ].

ئاگاداركردنەوە

هەر یەك لە ئایەتەكانی﴿قَالَ فِرۡعَوۡنُ ءَامَنتُم بِهِۦ قَبۡلَ أَنۡ ءَاذَنَ لَكُمۡۖ﴾(**ئەعراف**:123)﴿قَالَ ءَامَنتُمۡ لَهُۥ قَبۡلَ أَنۡ ءَاذَنَ لَكُمۡۖ﴾(طه:71)﴿قَالَ ءَامَنتُمۡ لَهُۥ قَبۡلَ أَنۡ ءَاذَنَ لَكُمۡۖ﴾(**شوعەرا**:49)، **ڕەوح هەمزەی پرسیاری زیاد دەكات لەسەر بنچینەی خۆی، چونكە بنچینەی ئەم وشە بەم شێوەیە**(أأأمنتم) **واتا بوونی سێ هەمزە لەیەك كات و بەدوای یەكدا، هەمزەی یەكەم و دووەم فەتحەدارە هەمزەی سێیەم زەنەدارو گۆڕدراوە بە ئەلیف، ئەویش**(فاء الفعل)**ی وشەكەیە، وەمەزهەبی ڕەوح هەمزەی یەكەم و دووەم دەخوێنێتەوە بەم شێوەیە**(ءَءَ امَنتُمۡ)، **دەربارەی ڕویس بە ئیخبار دەخوێنێتەوە مەبەست لە ئیخبار واتە: هەمزەی یەكەم لادەبات و هەمزەی دووەمیش دەخوێنێتەوە وەك حەفص بەم شێوەیە**(ءَامَنتُمۡ).

ڕەوح وشەی(ءَاْعۡجَمِيٌّ) **لە ئایەتی**﴿لَّقَالُواْ لَوۡلَا فُصِّلَتۡ ءَايَٰتُهُۥٓۖ ءَاْعۡجَمِيٌّ وَعَرَبِيٌّۗ﴾(**فوصیلەت**:44)، **هەمزەی دووەم دەخوێنێتەوە بەم شێوەیە**(ءَأَعۡجَمِيٌّ)، **بەڵام دەربارەی ڕەویس هەمزەی دووەم ئاسان دەكات وەك حەفص.**

هەر یەك لە ئایەتەكانی﴿إِنَّكُمۡ لَتَأۡتُونَ ٱلرِّجَالَ شَهۡوَةٗ﴾(**ئەعراف**:81)﴿قَالُوٓاْ إِنَّ لَنَا لَأَجۡرًا إِن كُنَّا نَحۡنُ ٱلۡغَٰلِبِينَ﴾(**ئەعراف**:113)﴿وَيَوۡمَ يُعۡرَضُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ عَلَى ٱلنَّارِ أَذۡهَبۡتُمۡ طَيِّبَٰتِكُمۡ فِي حَيَاتِكُمُ ٱلدُّنۡيَا﴾(**ئەحقاف**:20)﴿أَن كَانَ ذَا مَالٖ وَبَنِينَ﴾(**قەلەم**:14)، **یەعقوب ئەم چوار وشەیە بە زیادكردنی هەمزەی پرسیاری دەخوێنێتەوە وەڕەوح حەمزەی دووەم دەخوێنێتەوە بەم شێوەیە**(ءَإِنَّكُمۡ، ءَإِنَّ،

ءَأَذۡهَبۡتُمۡ، ءَأَن) **به‌ڵام ڕوویس هه‌مزه‌ی دووه‌م ئاسان ده‌كات به‌م شێوه‌یه**(ءَآنتُمۡ ، ءَآنَّ ، ءَآذۡهَبۡتُمۡ ، ءَآن)[1].



[1] **نوسینی**(ءَآنتُمۡ ، ءَآنَّ) **ته‌واوكراوه له نوسینی موصحه‌فی عوسمانی ئه‌گه‌ر ئه‌مه‌ش نه‌بوایه به‌م شێوه‌یه ده‌نوسرا**(أَأَنتُمۡ؛ أَأَنَّ).

بابه‌تی
هه‌مزه‌ی تاك

مه‌به‌ست له هه‌مزه‌ی تاك: واته ئه‌و هه‌مزه‌ی كه هاووێنه‌ی خۆی له‌گه‌ڵیدا نه‌بێت، ئه‌وه‌ش یان زه‌ننه‌دار ده‌بێت یان جووله‌دار.

مه‌زهه‌بی
یه‌عقوب له‌سه‌ر هه‌مزه‌ی تاك

1. یه‌عقوب هه‌مزه ده‌گۆڕێت به ئه‌لیف له ئایه‌تی﴿يَأۡجُوجَ وَمَأۡجُوجَ﴾ له سوره‌تی كه‌هف و سوره‌تی ئه‌نبیاء به‌م شێوه‌یه(يَاجُوجَ وَمَاجُوجَ).

2. یه‌عقوب وشه‌ی﴿زَكَرِيَّا﴾ له هه‌ر شوێنێك بێت ده‌خوێنێته‌وه به هه‌مزه له دوای ئه‌لیف و درێژكردنه‌وه‌ی لكاوی جووله‌داركردنی به‌پێی شوێنی ئیعڕابه‌كه‌ی به‌م شێوه‌یه(زَكَرِيَّا).

3. یه‌عقوب پیتی(و) هه‌مزه‌دارده‌كات له وشه‌ی ﴿ هُزُوَا ﴾ له هه‌ر شوێنێك بێت به‌م شێوه‌یه: ﴿ هُزُؤًا ﴾.

4. یه‌عقوب پیتی(و) هه‌مزه‌دارده‌كات له وشه‌ی﴿كُفُوًا﴾،[ئیخلاص:4] به‌م شێوه‌یه(كُفُؤًا).

5. یه‌عقوب له‌وشه‌ی﴿مُرْجَوْنَ﴾،[ته‌وبه:106]، هه‌مزه‌ی ضه‌ممه‌دار زیاد ده‌كات له‌دوای پیتی(ج)و له‌دواشیدا پیتی(و)ی درێژكراو دێت به‌م شێوه‌یه﴿وَءَاخَرُونَ مُرْجَـُٔونَ لِأَمْرِ ٱللَّهِ﴾.

6. یه‌عقوب له وشه‌ی﴿تُرْجِى﴾،[ئه‌حزاب:51]، هه‌مزه‌ی ضه‌ممه‌دار زیاد ده‌كات له دوای پیتی(ج) له‌بری پیتی(ی) به‌م شێوه‌یه﴿تُرْجِئُ مَن تَشَآءُ مِنْهُنَّ﴾.

7. یه‌عقوب ئایه‌تی﴿لَا يَلِتْكُم مِّنْ أَعْمَٰلِكُمْ شَيْـًٔا﴾(حوجورات:14) به هه‌مزه‌ی زه‌نه‌دار ده‌خوێنێته‌وه له دوای پیتی(ی) به‌م شێوه‌یه(لَا يَـْٔلِتْكُم).

8. یه‌عقوب هه‌مزه لاده‌بات له ئایه‌تی﴿يُضَٰهِـُٔونَ﴾(ته‌وبه:30) وبه ضه‌ممه‌ی پیتی(ه) ده‌خوێنێته‌وه بێ هه‌مزه به‌م شێوه‌یه(يُضَٰهُـونَ قَوْلَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟)[1].

9. یه‌عقوب وشه‌ی(ٱلَّٰٓـِٔى) له (ئه‌حزاب:4)و(موجاده‌له:2) له‌گه‌ڵ(طه‌لاق: 4) به لابردنی پیتی(ی)ده‌خوێنێته‌وه له دوای هه‌مزه به‌م شێوه‌یه له وشه‌ی(ٱلَّٰٓءِ) ده‌چێت وه‌ك ﴿وَٱلَّٰٓـِٔى

[1] ڕای جمهوی قاریئه‌كان له‌سه‌ر ئه‌وه‌یه كه وشه‌ی (يُضَٰهُونَ)، به‌بی هه‌مزه بخوێندرێته‌وه، واتا پیتی(ه) ته‌نها ضه‌ممه‌ی له‌سه‌ر بێت، بنچینه‌ی ئه‌م وشه(ضاهى)یه، به‌ڵام پیتی ئه‌لیف گواستراوته‌وه بۆ پیتی(ی)و دواتر لابردراوه له پێناو پیتی(و) واپێده‌چێت كه ئه‌وه‌ش خوێندنه‌وه‌یه‌ك بێت له وشه‌ی (ضاهى) ئه‌م وشه‌یه وه‌رنه‌گیراوه له وته‌ی عه‌ڕه‌بیدا كه ده‌ڵێن(امرأة ضهياء) چونكه پیتی(ی) بنچینه‌ی خۆیه‌تی و پیتی هه‌مزه‌كه‌ش زیاده‌یه، وناكرێت پیتی(ی) زیاده‌بێت، چونكه له ڕسته‌كه‌دا وشه‌ی (فعیل)ی فه‌تحه‌داری فائی تێدا نیه،(عه‌بدوللـه‌ی عه‌كبه‌ری – املاء ما مَنَّ به الرحمن من وجوه الاعراب والقراءات- (به‌یروت، دار الكتب العلمية، ب2،1389هـ)لا14.

يَئِسۡنَ مِنَ ٱلۡمَحِيضِ مِن نِّسَآئِكُمۡ ﴾(طه‌لاق:4)﴿وَمَا جَعَلَ أَزۡوَٰجَكُمُ ٱلَّٰٓـِٔي تَظَّهَّرُونَ مِنۡهُنَّ أُمَّهَٰتِكُمۡۚ ﴾(ئه‌حزاب:4)[1].



[1] یه‌عقوب وشه‌ی(تُظَاهِرون)ی به فه‌تحه‌داركردنی پیتی(ت)و شه‌دده‌داركردنی پیتی(ظ)و (ه)و فه‌تحه‌داركردنیان ده‌خوێنێته‌وه له‌گه‌ڵ لابردنی ئه‌لیف.

بابەتی
پرسیاری دووبارە

پرسیاری دووبارە لە قورئانی پیرۆز لە یازدە شوێندا هاتووە، لە نۆ سورەتدا بەم شێوەی خوارەوەیە:

1. ﴿وَإِن تَعۡجَبۡ فَعَجَبٌ قَوۡلُهُمۡ أَءِذَا كُنَّا تُرَٰبًا أَءِنَّا لَفِي خَلۡقٖ جَدِيدٍۗ﴾،[**رەعد**:5]، **ڕوەیس بەم شێوەیە دەیخوێنێتەوە**﴿وَإِن تَعۡجَبۡ فَعَجَبٌ قَوۡلُهُمۡ أَءذَا كُنَّا تُرَٰبًا إِنَّا لَفِي خَلۡقٖ جَدِيدٍۗ﴾.**ڕەوح بەم شێوەیە دەیخوێنێتەوە**﴿وَإِن تَعۡجَبۡ فَعَجَبٌ قَوۡلُهُمۡ أَءِذَا كُنَّا تُرَٰبًا إِنَّا لَفِي خَلۡقٖ جَدِيدٍۗ﴾.

2. ﴿وَقَالُوٓاْ أَءِذَا كُنَّا عِظَٰمٗا وَرُفَٰتًا أَءِنَّا لَمَبۡعُوثُونَ خَلۡقٗا جَدِيدٗا﴾،[ئیسراء:98].

3. ﴿وَقَالُوٓاْ أَءِذَا كُنَّا عِظَٰمٗا وَرُفَٰتًا أَءِنَّا لَمَبۡعُوثُونَ خَلۡقٗا جَدِيدٗا﴾،[ئیسراء:49].

4. ﴿ قَالُوٓاْ أَءِذَا مِتۡنَا وَكُنَّا تُرَابٗا وَعِظَٰمًا أَءِنَّا لَمَبۡعُوثُونَ ﴾،[مؤمنون:82]، **یەعقوب پیتی(م) ضەممەدار دەکات لە وشەی(متنا).**

5. ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَءِذَا كُنَّا تُرَٰبٗا وَءَابَآؤُنَآ أَءِنَّا لَمُخۡرَجُونَ﴾،[**نەمل**:67].

6. **ڕوەیس بەم شێوەیە دەیخوێنێتەوە**﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَءذَا كُنَّا تُرَٰبٗا وَءَابَآؤُنَا أَءنَّا لَمُخۡرَجُونَ﴾.

7. **ڕەوح بەم شێوەیە دەیخوێنێتەوە**﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَءِذَا كُنَّا تُرَٰبٗا وَءَابَآؤُنَا أَءِنَّا لَمُخۡرَجُونَ﴾.

8. ﴿وَلُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِۦٓ إِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ ٱلْفَٰحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِّنَ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٢٨﴾ أَئِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ ٱلرِّجَالَ﴾،[**عەنكەبوت**:28 و 29].

9. **ڕوەیس بەم شێوەیە دەیخوێنێتەوە**﴿وَلُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِۦ إِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ ٱلْفَٰحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِّنَ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٢٨﴾ أَءِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ ٱلرِّجَالَ﴾.

10. **ڕەوح بەم شێوەیە دەیخوێنێتەوە**﴿وَلُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِۦ إِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ ٱلْفَٰحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِّنَ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٢٨﴾ أَئِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ ٱلرِّجَالَ﴾.

11. ﴿وَقَالُوٓاْ أَءِذَا ضَلَلْنَا فِى ٱلْأَرْضِ أَءِنَّا لَفِى خَلْقٍ جَدِيدٍ﴾،[**سەجدە**:10].

12. ﴿أَءِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَٰمًا أَءِنَّا لَمَبْعُوثُونَ﴾،[**صافات**:16]، **یەعقوب پیتی**(م) ضـەممەدار دەكات لە وشەی(**متنا**).

13. ﴿أَءِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَٰمًا أَءِنَّا لَمَدِينُونَ﴾،[**صافات**:53]، **یەعقوب پیتی**(م) ضـەممەدار دەكات لە وشەی(**متنا**).

14. ﴿ أَءِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَٰمًا أَءِنَّا لَمَدِينُونَ ﴾،[**واقیعە**:47]، **یەعقوب پیتی**(م) ضـەممەدار دەكات لە وشەی(**متنا**).

15. ﴿ يَقُولُونَ أَءِنَّا لَمَرْدُودُونَ فِى ٱلْحَافِرَةِ ﴿١٠﴾ أَءِذَا كُنَّا عِظَٰمًا نَّخِرَةً ﴾، [**نازیعات**:10و11].

مه‌زهه‌بی
یه‌عقوب ده‌رباره‌ی پرسیاری دووباره

یه‌عقوب هه‌مزه‌ی پرسیاری ده‌خوێنێته‌وه له وشه‌ی یه‌كه‌م و له خه‌به‌ری وشه‌ی دووه‌م له گشت ئه‌و شوێنانه‌ی ڕابردو كه باس كران ته‌نها دوو شوێن نه‌بێت ئه‌وانیش هه‌ر یه‌ك له سوره‌تی نه‌مل به پرسیاری ده‌یخوێنێته‌وه له هه‌ردوو وشه وه‌ك حه‌فص، شوێنی دووه‌م له سوره‌تی عه‌نكه‌بوت به خه‌به‌ری ده‌یخوێنێته‌وه له وشه‌ی یه‌كه‌م وه به پرسیاری ده‌یخوێنێته‌وه له وشه‌ی دووه‌م وه‌ك حه‌فص، ئه‌وه‌ش ده‌رده‌كه‌وێت كه بنچینه‌ی وشه‌كه لای هه‌ر یه‌ك له ڕاویه‌كانی یه‌عقوب له هه‌مزه‌ی دووه‌می پرسیاریه له یازده شوێنه‌كه‌ی ڕابردوو، ڕویس هه‌مزه‌ی دووه‌م ئاسان ده‌كات و ڕه‌وح هه‌ردووكیان ده‌خوێنێته‌وه.

بابه‌تی
دوو هه‌مزه له یه‌ك وشدا

پێناسه: مه‌به‌ست له دوو هه‌مزه، واته: دوو هه‌مزه‌ی پچڕاوی لێك نزیك له‌باری نه‌وه‌ستاندا ئه‌وه‌ش له دوو وشه ڕوده‌دات، به‌شێوه‌یه‌ك هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م ده‌كه‌وێته كۆتایی وشه‌ی یه‌كه‌م و هه‌مزه‌ی دووه‌م ده‌كه‌وێته سه‌ره‌تای وشه‌ی دووه‌م.

گوتمان له‌باری نه‌وه‌ستاندا: چونكه له‌باری وه‌ستاندا نابێته دوو هه‌مزه‌ی لێك نزیك، چونكه وه‌ستان له سه‌ر هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م مه‌رجی پێك گه‌یشتنیانی لابردووه، ئه‌وه‌ش دوو جۆری هه‌یه:

یه‌كه‌م: دوو هه‌مزه‌ی هاووێنه له جووله.
دووه‌م: دوو هه‌مزه‌ی لێك جیا له جووله.

مه‌زهه‌بی ڕاوی ڕه‌وح بریتیه له خوێندنه‌وه‌ی هه‌ردووك هه‌مزه جیاوازیشی نیه ئایه هه‌مزه‌كان یه‌كسانن یان جیاوازن، ده‌رباره‌ی ڕوویس به‌م درێژیه باسی كردووه:

✓ **یه‌كه‌م: دوو هه‌مزه‌ی یه‌كسان له جووله**

دوو هه‌مزه‌ی یه‌كسان له جووله یان فه‌تحه‌دارن وه‌ك(جَآءَ أَمْرُنَا، جَآءَ أَحَدُ، جَآءَ أَجَلُهُمْ، تِلْقَآءَ أَصْحَٰبِ) **یان كه‌سره‌دارن وه‌ك**(فِي ٱلسَّمَآءِ إِلَٰهٌ، هَٰٓؤُلَآءِ إِن، ٱلنِّسَآءِ إِلَّا، وَرَآءِ إِسْحَٰقَ)
: ﴿ فِي ٱلسَّمَآءِ إِلَٰهٌ هَٰٓؤُلَآءِ إِن ٱلنِّسَآءِ إِلَّا وَرَآءِ إِسْحَٰقَ ﴾، **یان ضه‌ممه‌دارن وه‌ك**(أَوْلِيَآءُ أُوْلَٰٓئِكَ)(**ئه‌حقاف**:32) **شوێنی دووه‌میان نیه له قورئانی پیرۆز.**

مەزهەبی پێشەوا ڕویس[1]

ڕویس هەمزەی یەکەم دەخوێنێتەوە لە هەرسیٚ هەمزەی یەکسان لە جوله، وەبۆ هەمزەی دووەمیش ئاسان خوێندنەوەی هەیە لە نێوان واتە: خوێندنەوە لە نێوان هەمزەو پیتی درێژکردنەوەی هاوڕەگەزە لە جولەدا، وله فەتحەداردا دەخوێنێتەوە لە نێوان هەمزەو ئەلیف، لە کەسرەداردا دەخوێنێتەوە لە نێوان هەمزەو پیتی(ی))، وله لە ضەممەداردا دەخوێنێتەوە لە نێوان هەمزەو پیتی(و) بەم شێوەیە(جَآءَ أَمۡرُنَا ؛ فِي ٱلسَّمَآءِ ٱلَهٌ؛ أَوۡلِيَآءُ أُوْلَٰٓئِكَ).

✓ **دووەم: دوو هەمزەی جیاواز لە جوله**

لە کاتی کۆبوونەوەی دوو هەمزە لە دوو وشەدا، هەمزەی یەکەم فەتحەدارە یان کەسرەدارە یان ضەممەدار، وەهەمزەی دووەم یش بەهەمان شێوە فەتحە یان کەسرە یان ضەممەی وەرگرتووە.

کۆی ئەم شێوانەی باسکران دەبێتە نۆ خوێندنەوە، سێیان لەم نۆیە هەمزەی هەردووکیان یەکسانن لە شێوەی جوولەدا، تەنها شەش شێوە لە نۆ وێنەکە دەمینێتەوە سێیان لەم نۆ شێوە لە وانەکانی ڕابردو باسکران.

سەبارەت بەم شەش وێنەی کە ماوەتەوە، پێنجیان لە قورئانی پیرۆز باس کراون، بەڵام شەشەمیان لە قورئاندا نەهاتووە، ئەویش بریتیە لەوەی ئەگەر هەمزەی یەکەم کەسرەدار بوو وهەمزەی دووەم ضەممەداربوو.

ئەوەی لە قورئانی پیرۆز باسکراوە بەم شێویە:

هەمزەی یەکەم فەتحەدارو هەمزەی دووەم ضەممەدار یان کەسرەدارە.

---

[1] لەسەرەتای ئەم بابەتە باسمان کرد کە ڕەوح دوو هەمزەی یەکسان لە جولە دەخوێنێتەوە.

هەمزەی یەکەم ضـەممەی لەسەرە یان کەسەرەو هەمزەی دووەم فەتحەی وەرگرتووە.

شێوەی پێنجەم بریتیە لەوەی هەمزەی یەکەم ضـەممەدارە هەمزەی دووەم کەسەردار، سەبارەت بە شێوەی شەشەم بریتیە لەوەی هەمزەی یەکەم کەسەردارو هەمزەی دووەم ضـەممەدارە، بەڵام ئەم وێنەیان نەهاتووە لە قورئانی پیرۆز.

ئەم پینج شێوەی باسکران دابەش دەبێت بۆ سێ کۆمەڵە:
کۆمەڵەی یەکەم دوو حاڵەتی هەیە.
کۆمەڵەی دووەم بەهەمان شێوەی کۆمەڵەی یەکەم دوو حاڵەتی هەیە.
کۆمەڵەی سێیەم تەنها یەك حاڵەت لە خۆ دەگرێت.

دەربارەی کۆمەڵەی یەکەم کە دوو حاڵەت لە خۆ دەگرێت بەم شێوەیە:
هەمزەی یەکەم فەتحەدارەو هەمزەی دووەمیش کەسرەدار یان ضـەممەدارە.

دەربارەی کۆمەڵەی دووەم ئەم دوو حالەتە کە لەخۆ دەگرێت بەم شێوەیە:
هەمزەی یەکەم ضـەممەدار یان کەسرەدارەو هەمزەی دووەم فەتحەدارە.

دەربارەی کۆمەڵەی سێیەم کە تەنها یەك حاڵەت لە خۆ دەگرێت ئەویش بریتیە لەوەی کە هەمزەی یەکەم ضـەممەدارو هەمزەی دووەمیش کەسرەدار.

مه‌زهه‌بی

ڕاوی ڕویس به‌پێی ئه‌م ڕێگایه‌یه[1]

مه‌زهه‌بی ڕاوی ڕویس له دوو هه‌مزه‌ی جیاواز له جوله له دوو وشه‌دا

1. ئه‌گه‌ر كۆبویه‌وه دوو هه‌مزه‌ی له یه‌كتر جیا له جوله‌دا له دوو وشه، به شێوه‌یه‌ك كه هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م فه‌تحه‌دارو هه‌مزه‌ی دووه‌م كه‌سره‌دار یان ضه‌ممه‌دار، ئه‌وه ڕویس هه‌مزه‌ی دووه‌م ئاسان ده‌كات(تسهيل).

نمونه‌ی هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م فه‌تحه‌دارو هه‌مزه‌ی دووه‌میش كه‌سره‌دار بێت وه‌ك(تَفِيٓءَ إِلَىٰٓ نَبَأَ إِبۡرَٰهِيمَ).

نمونه‌ی هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م فه‌تحه‌دارو هه‌مزه‌ی دووه‌میش ضه‌ممه‌دار بێت ته‌نها له(جَآءَ أُمَّةَۢ)(مؤمنون:44)، نمونه‌ی دووه‌م نه‌هاتووه له قورئانی پیرۆز به‌م شێوه‌یه(تَفِيٓءَ ۨلَىٰٓ نَبَأَ ۨبۡرَٰهِيمَ جَآءَ ۨمَّةَۢ).

2. ئه‌گه‌ر كۆبویه‌وه دوو هه‌مزه‌ی له یه‌كتر جیا له جوله‌دا له دوو وشه، هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م ضه‌ممه‌دار یان كه‌سره‌دارو هه‌مزه‌ی دووه‌م فه‌تحه‌دار بوو، ڕویس هه‌مزه‌ی دووه‌م ده‌گۆڕێت به پیتێك له ڕه‌گه‌زی جوله‌ی هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م وه‌ك(سُوٓءُ أَعۡمَٰلِهِمۡۗ)(ٱلۡمَلَؤُاْ أَفۡتُونِي)(ٱلۡعَدَٰوَةُ وَٱلۡبَغۡضَآءُ أَبَدًا)(هَٰٓؤُلَآءِ أَهۡدَىٰ)(مِنَ ٱلۡمَآءِ أَوۡ مِمَّا) به‌م شێوه‌یه ده‌خوێندرێته‌وه(سُوٓءُ وَعۡمَٰلِهِمۡۗ ، ٱلۡمَلَأُ وَفۡتُونِي ، وَٱلۡبَغۡضَآءُ وَبَدًا ، هَٰٓؤُلَآءِ يَهۡدَىٰ ، مِنَ ٱلۡمَآءِ يَوۡ مِمَّا).

---

[1] له سه‌ره‌تای ئه‌م بابه‌ته باسمان كرد كه ڕه‌وح دوو هه‌مزه‌ی جیاواز له جوله ده‌خوێنێته‌وه.

3. ئه‌گه‌ر هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م ضه‌ممه‌دار بوو هه‌مزه‌ی دووه‌م كه‌سره‌دار بوو، ئه‌وه ڕاوی ڕویس بۆ هه‌مزه‌ی دووه‌م دوو شێوه خوێندنه‌وه‌ی هه‌یه:

أ. ئاسان خوێندنه‌وه‌ی هه‌مزه‌ی دووه‌م ئه‌وه‌ی كه ده‌كه‌وێته نێوان هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م و پیتی(ی).

ب. گۆڕینی هه‌مزه‌ی دووه‌م به پیتی(و)ی ته‌واوی كه‌سره‌دار.

نمونه‌كان:

(أَنتُمُ ٱلۡفُقَرَآءُ إِلَى ٱللَّهِۖ ، وَمَا مَسَّنِيَ ٱلسُّوٓءُۚ إِنۡ أَنَا۠ ، يَشَآءُ إِلَىٰ) **به‌م شێوه‌یه ده‌خوێندرێته‌وه**﴿ٱلۡفُقَرَآءُ ٱلَى أو ٱلۡفُقَرَآءُ ۟ولَى﴾،﴿ٱلسُّوٓءُۚ ٱنۡ؛ أو ٱلسُّوٓءُ ۟ونۡ﴾،﴿يَشَآءُ ٱلَىٰ؛ أو يَشَآءُ ۟ولَىٰ﴾.

لێره‌دا ئه‌یمن سوید پارچه هونراوه‌یه‌كی هه‌یه له‌سه‌ر مه‌زهه‌بی ڕویس ده‌رباره‌ی بوونی دوو هه‌مزه به جوله‌ی جیاواز له دوو وشه به كورتی ده‌فه‌رموێت:

فتحُ الأُولى سَهلِ فتحُ الاخرى أبدلِ		غيـــرَ فتــحِ سهــلِ وكـذاكَ أبــدلِ

بڕوانه نمونه‌ی ژماره(1) له كۆتایی په‌رتوكی ئوصول

بابه‌تی گواستنه‌وه‌ی
جوڵه‌ی هه‌مزه بۆ زه‌نه‌داركردنی پێش خۆی

گواستنه‌وه له زمانی عه‌ره‌بیدا: به مانای گواستنه‌وه‌و گۆڕینی شتێك له شوێنی خۆی دێت.

گواستنه‌وه له زاراوه‌دا: بریتیه له گواستنه‌وه‌ی جوڵه‌و حه‌ره‌كاتی هه‌مزه‌ی پچراو بۆ هه‌مزه‌یه‌كی زه‌نه‌داری پێش خۆی، له‌گه‌ڵ لابردنی پیته هه‌مزه‌كه له‌به‌ر سوك كردن، ئه‌وه‌ش به كار هاتووه له زمانی هه‌ندێ عه‌ره‌ب دا.

یه‌عقوب خوێندنه‌وه‌ی كردووه بۆ گواستنه‌وه‌ی ئه‌م دوو وشه كردووه به‌م شێوه‌ی خواره‌وه:

یه‌عقوب وشه‌ی(ٱلۡأُولَىٰ) له ئایه‌تی﴿أَهۡلَكَ عَادًا ٱلۡأُولَىٰ﴾(نه‌جم:50) له‌كاتی لكاندنی به وشه‌ی(عَادًا) جوله‌ی هه‌مزه‌كه ده‌گوازێته‌وه بۆ زه‌نه‌ی پێش هه‌مزه‌كه كه پیتی(ل) مه له‌گه‌ڵ لابردنی هه‌مزه‌ی نه‌لكاوو تێكهه‌ڵكێشانی ته‌نوینی وشه‌ی(عَادًا) له پیتی(ل)ی یه‌كه‌م له وشه‌ی(ٱلۡأُولَىٰ) به‌م شێوه‌یه(عَادَا لُّـولَىٰ) به‌لاًم ده‌ست پێكردن به وشه‌ی(ٱلۡأُولَىٰ) سێ خوێندنه‌وه‌ی بۆ هه‌یه به‌م شێوه‌یه:

1. ده‌ست پێكردن به هه‌مزه‌ی لكاوی فه‌تحه‌دارو ضه‌ممه‌ی پیتی(ل) به‌م شێوه‌یه﴿ٱلُـؤۡلَىٰ﴾.

2. ده‌ست پێكردن به پیتی(ل) ی ضه‌ممه‌دار، به‌م شێوه‌یه﴿لُـؤۡلَىٰ﴾، واتا وه‌ك شێوه‌ی خوێندنه‌وه‌ی پێشو، به‌لاًم له‌گه‌ڵ لابردنی هه‌مزه‌ی لكاو.

3. گەڕانەوەی بۆ بنچینەی خۆی -وەك حەفص- واتا بە جێگیر کردنی ئەلیف و لامی ناسراو، لەگەڵ ضەممەدارکردنی ئەو هەمزەی دەکەوێتە دوای ئەو بەم شێوەیە﴿ٱلْأُولَىٰ﴾، وئەو خوێندنەوەی کە گواستنەوەی نیە پێش دەکەوێت لە ڕوی جێبەجێکردندا، بەهۆی ئەوەی یەعقوب سەرپێچی بنچینەکەی کردووە لە نەگواستنەوەی.

ڕویس وشەی(مِنْ إِسْتَبْرَقٍۚ) **لە ئایەتی**﴿مُتَّكِـِٔينَ عَلَىٰ فُرُشٍ بَطَآئِنُهَا مِنْ إِسْتَبْرَقٍۚ وَجَنَى ٱلْجَنَّتَيْنِ دَانٍ﴾(**ڕەحمان**:54) **بە گواستنەوەی جولەی بۆ زەنەی پێش خۆی کە پیتی**(ن) **لەگەڵ لابردنی هەمزە، دەربڕینی پیتی**(ن)**ی کەسرەدار لەدوای ئەو پیتی**(س)**ی زەنەدار بەم شێوەیە**(مِنِ ٱسْتَبْرَقٍۚ) **وئەگەر دەستی کرد بە وشەی**(استبرق) **ئەوە بە هەمزەی کەسرەدار دەستپێدەکرێت -وەك حەفص- بەم شێوەیە**(إِسْتَبْرَقٍۚ).



باسی ئیشمام
له‌چه‌ند وشه‌یه‌كی دیاریكراودا

ئه‌م بابه‌ته‌ په‌یوه‌ندی به‌ هه‌ندێك وشه‌ هه‌یه‌ كه‌ ڕوه‌یس به‌ ئیشمام ده‌یخوێنێته‌وه‌، به‌ڵام ڕه‌وح باسی ئه‌م بابه‌ته‌ی نه‌كردووه‌و دواتریش به‌ درێژی باسی ده‌كه‌ین.

ئیشمام: لای جمهوری زانایانی نه‌حوی و قوڕرائه‌كان: بریتیه‌ له‌ داپۆشینی ده‌نگی زمانه‌وانیه‌وه‌و لابردنی به‌ ده‌نگێكی تر، وه‌ك ئاخاوتنی زۆرێك له‌ هۆزه‌كانی وه‌ك قه‌یس و به‌نی ئه‌سه‌د بۆ نمونه‌كانی وشه‌ی(قیل)و (بیع) به‌ ئیماله‌كردن، وه‌ك پیتی(و)ی درێژكراوو ئیشمام كردنی پیتی(ص) به‌ ده‌نگی پیتی(ز) له‌خوێندنه‌وه‌ی كیسائی دا، وه‌هه‌روها ئاماژه‌ به‌ هه‌ردوو لێوه‌كان بۆ ضـه‌ممه‌ی لابردراو له‌كۆتایی وشه‌ له‌ باری وه‌ستاندا به‌ زه‌نه‌ به‌بێ ئه‌وه‌ی ده‌نگی ضـه‌ممه‌كه‌ ده‌ربكه‌وێت، یان تێكه‌ڵكردنی ده‌نگێك به‌ ده‌نگێكی تر، مه‌به‌ستیش له‌ئیشمام له‌م بابه‌ته‌دا دوو شته‌:

✓ **یه‌كه‌میان:** تایبه‌ته‌ به‌ حه‌وت وشه‌، له‌سه‌ر ئه‌مه‌ش تێكه‌لكردنی پیتی(ص) به‌ پیتی(ز) له‌هه‌ردوو پیتدا پیتێكی نوێ دروست ده‌بێت له‌ نێوان پیته‌كانی(ص)و (ز)،(واته‌: نه‌ پیتی(ص)ی ته‌واوه‌ نه‌ پیتی(ز)ی ته‌واوه‌)،[ئه‌م پیته‌ نوێیه‌ش به‌ قه‌ڵه‌وی ده‌رده‌بڕدرێت، شێوازی گوتنه‌كه‌شی قه‌ڵه‌وكردنی پیتی(ز) یان ئاشكراكردنی پیتی(ص) ده‌بێت]، ئه‌م پیته‌ نوێیه‌ی كه‌ دروست ده‌بێت له‌ نێوان(ص)و (ز)دا لێكچوونی هه‌یه‌ له‌گه‌ڵ پیتی(ظ) له‌لای زۆربه‌ی خه‌ڵكی ئاسایی له‌ وڵاتی میسڕ، وه‌ك وشه‌ی(أظلم)، وهۆكاری خوێندنه‌وه‌شی به‌ ئیشمام جه‌ختكردنه‌ له‌سه‌ر بوونی په‌یوه‌ندی له‌نێوان پیتی(ص)و پیتی(ز) له‌شوێنی ده‌رچوونیان له‌كاتی ده‌ربڕیندا.

✓ **دووەمیان:** تایبەتە بە حەوت فیعل، كە پێویست دەبێت پیتی یەكەم لە وشەدا جولەدار بێت بە جولەیەكی پێكهاتوو لە دوو جولە كە بریتین لە ضەممەو كەسرە، وبەشی ضەممە پێش دەكەوێت بەسەر كەسرە بەڵام ئەمەیان كەم ڕودەدات، دواتر بەشی كەسرە بەدوای دێت كە ئەمەیان زۆر ڕوودەدات.

شارەزادەبین لە ئیشمام بە وەرگرتن و بینین لەدەمی شارەزاكان، وڕوونكردنەوەی هەردوو بابەتەكە بەم شێوەیە:

1. ڕویس پیتی(ص)ی زەنەدار بە ئیشمام دەخوێنێتەوە ئەگەر پیتی(د) لەدوای پیتی(ص) هاتبو[1] ئەوەش تەنها لە حەوت وشەدا هاتووە بەم شێوەی خوارەوە:

أ. وشەی{أصدق}، لە دوو شوێندا هاتووە لە(نیساء:87+122){وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ اللَّهِ حَدِيثًا}،{وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ اللَّهِ قِيلًا}.

ب. وشەی{يصدفون}، لە سێ شوێندا هاتووە لە(ئەنعام:46)و دوو شوێنی تر لە ئایەتی(157) بەم شێوەیە{سَنَجْزِى ٱلَّذِينَ يَصْدِفُونَ عَنْ ءَايَـٰتِنَا سُوٓءَ ٱلْعَذَابِ بِمَا كَانُوا۟ يَصْدِفُونَ}.

ت. وشەی{وتصدية} لە{وَمَا كَانَ صَلَاتُهُمْ عِندَ ٱلْبَيْتِ إِلَّا مُكَآءً وَتَصْدِيَةً}(ئەنفال:35).

[1] بەم دوو مەرجە پیتی(ص)ی زەنەدار دەردەچێت، وەك(صَدَقة، صَدقوا) یان ئەگەر پیتی(ص) زەنەداربوو وپیتی(د) لەدوای نەهاتبوو وەك(فاصْفح، واصْنع).

ث. وشه‌ی{تصديق}، **له‌ دوو شوێندا هاتووه‌، سوره‌تی یونس ئایه‌تی**(37)**و سوره‌تی یوسف ئایه‌تی**(111){وَلَـٰكِن تَصۡدِيقَ ٱلَّذِى بَيۡنَ يَدَيۡهِ}.

ج. وشه‌ی{فاصدع}، **له‌ سێ شوێندا هاتووه‌ ئایه‌تی**{فَٱصۡدَعۡ بِمَا تُؤۡمَرُ وَأَعۡرِضۡ عَنِ ٱلۡمُشۡرِكِينَ}،(**حیجر**:94).

ح. وشه‌ی{قصد}، **له‌ئایه‌تی**{وَعَلَى ٱللَّهِ قَصۡدُ ٱلسَّبِيلِ وَمِنۡهَا جَآئِرٞۚ}،(**نه‌حل**:9).

خ. وشه‌ی{يصدر}، **له‌ دوو شوێندا هاتووه‌، ئایه‌تی**{قَالَتَا لَا نَسۡقِى حَتَّىٰ يُصۡدِرَ ٱلرِّعَآءُۖ}،(**قه‌صه‌ص**:23)، **وئایه‌تی**{يَوۡمَئِذٖ يَصۡدُرُ ٱلنَّاسُ أَشۡتَاتٗا لِّيُرَوۡاْ أَعۡمَـٰلَهُمۡ}،(**زه‌لزه‌له**:6).

2. **ڕویس حهوت فیعل به ئیشمام دهخوێنێتهوه كه كهسره له پێش پیتی(ی) هاتووه له سهرهتای فیعلهكهدا، ئهم فیعلانهش بهم شێوهیه:**

أ. **فیعلی**(وحیل) **تهنها لهیهك شوێن دا هاتووه ئهویش ئایهتی**{وَحِيلَ بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ مَا يَشْتَهُونَ}،[**سهبهء**:54].

ب. **فیعلی**(وسیق) **تهنها لهدوو شوێن دا هاتووه، ئهویش ئایهتی**{وَسِيقَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِلَىٰ جَهَنَّمَ زُمَرًاۖ}،[**زومهڕ**:71] **وئایهتی**{وَسِيقَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْ رَبَّهُمۡ إِلَى ٱلۡجَنَّةِ زُمَرًاۖ}،[**زومهڕ**:73].

ت. **فیعلی**(سيء)[1] **تهنها لهدوو شوێن دا هاتووه ئهویش ئایهتی**{وَلَمَّا جَآءَتۡ رُسُلُنَا لُوطًا سِيٓءَ بِهِمۡ}،[**هود**:77] **وئایهتی**{وَلَمَّآ أَن جَآءَتۡ رُسُلُنَا لُوطًا سِيٓءَ بِهِمۡ وَضَاقَ بِهِمۡ ذَرۡعًا}،[**عهنكهبوت**:33].

ث. **فیعلی**(سيئت) **تهنها لهیهك شوێن دا هاتووه ئهویش ئایهتی**{فَلَمَّا رَأَوۡهُ زُلۡفَةً سِيٓـَٔتۡ وُجُوهُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ}،[**مولك**:27].

---

[1] **ئهم فیعله لهسهر كێشی[فُعِل] هاتووه، بهڵام بنچینهكهی بریتیه له**(سوِء) **كه[مهبنی مهفعوله] جوولهی ضهممه وهرگێراوتهوه له پیتی(س) وكهسرهی بۆ گواستراوتهوه، پاشان پیتی(و) گۆڕدراوه به پیتی(ی) وزۆربهی عهرهب به**(سيء) **دهخوێننهوه واتا به ئیشمام.**

ج. فیعلی(وغیض) **له‌ئایه‌تی**{ويَـسَمَآءُ أَقۡـلِعِي وَغِيضَ ٱلۡمَآءُ وَقُـضِيَ ٱلۡأَمۡرُ}،[**هود**:44] **شوێنی دووه‌می نیه له‌قورئانی پیرۆز.**

ح. فیعلی(وَجِاْيٓءَ) **ته‌نها له‌دوو شوێن هاتووه ئه‌وانیش ئایه‌تی**{وَوُضِـعَ ٱلۡكِتَـٰبُ وَجِاْيٓءَ بِٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلشُّهَدَآءِ}،[**زومه‌ڕ**:69] **وئایه‌تی**{وَجِاْيٓءَ يَـوۡمَئِـذِۭ بِجَهَـنَّمَۚ}،[**فه‌جر**:23].

خ. فیعلی(**قیل**) **به‌هه‌ر شێوه‌یه‌ك هاتبێت له‌قورئانی پیرۆز وه‌ك**{وَقِـيلَ هَـٰذَا ٱلَّذِي كُنتُم بِهِۦ تَـدَّعُونَ}،[**مولك**:27].

تێبینی:

پێویسته ئه‌و حه‌وت وشانه‌ی ڕابردوو باسكران فیعل بن، ئه‌گه‌ر هاتوو ناو بوون(اسم) ئه‌وه ئیشمام ی تێدا نابێت، وه‌ك(ومن أصدق من الله قيلاً، إلا قيلاً سلاماً سلاماً، وقيلَهُ يا رب، وأقوم قيلاً)**، ئه‌و ناوانه ئیشمامی تێدا نیه.**

باسی تێكههڵكێشان

ئیدغام له زمانی عهرهبیدا: بهكاردێت بۆ تێكههڵكێش كردنی شتێك له شتێكی تر .

ئیدغام له زاراوهدا: واتا تێكههڵكێش كردنی پیتێك له پیتێكی تر به شێوهیهك ههردوو پیت به پیتێكی توندی شهدهدار دهخوێندرێتهوه له ڕهگهزی پیتی دووهم، ئهوهش دهكرێت به دوو بهش: بچوك و گهوره.

مهبهست له خوێندنی ئهم بابهته، شارهزابوونه لهوهی تێكههڵكێش دهكرێت و ئهوهی تێكههڵكێش ناكرێت، گهیشتنه دوو پیت بهیهك و كۆبونهوهیان دهكرێت به سێ بهش:

- ✓ **یهكهم:** پێك گهیشتنیان له وشهو نوسیندا، به شێوهیهك پچڕان نهكهوێته نێوانیان وهك پێك گهیشتنی دوو پیتی(د) وهك: ﴿ وَقَد دَّخَلُواْ ﴾.

- ✓ **دووهم:** پێك گهیشتنیان تهنها له نوسیندا، وهك: ﴿ إِنَّهُۥ هُوَ ﴾. لێرهدا پچڕان له نێوانیاندا ڕویداو.

- ✓ **سێیهم:** پێك گهیشتنیان تهنها له گوتن و خوێندنهوهدا، وهك: ﴿أَنَاْ نَذِيرٌ ﴾. ﴿ طسٓمٓ ﴾.

یاسایەکی گشتی گرنگ

هەر کاتێك دوو پیت بەیەکتر بگەن، ئەو دوو پیتە یان شوێنی دەرچوونیان یەکسانە یان جیاوازە[1].

❖ ئەگەر شوێنی دەرچوونیان لەیەکتر جیاوازبوو(دەرچەیان یەکسان نەبوو) ئەوکات بە لەیەکتر دوور ئەژماردەکرێن، تەنها پیتی(غ)و (خ) نەبێت کاتێك دەگەن بە پیتی(ق)و (ك).

❖ هەرکاتێك پیتی(غ) وهەرکاتێك پیتی(خ) بە یەك گەیشتن لەگەڵ پیتی(ق) یان (ك) ئەو دوو پیتانە دەبنە لەیەکتر نزیك و پێیان ناگوترێت پیتە لێك دوورەکان، چونکە هەرچەندە شوێنی دەرچوونیان لەیەکتر جیایە بەلاَم دەرچوونیان لەیەکتر نزیکە.

❖ پیتی(غ)و (خ) دەرچوونیان دەکەوێتە نزیکترین شوێنی قوڕگ، ئەو شوێنەی کە لە دوای ئەو زمان دەست پیٚ دەکات.

❖ هەروها پیتی(ق)و (ك) شوێنی دەرچوونیان دەکەوێتە دوورترین شوێنی زمان کە لە دوای ئەو نزیکترین شوێنی قوڕگ دێت.

کەواتە: شوێنی دەرچوونی هەموو ئەو پیتانەی باس کران لەیەکتر نزیکن، لەبەر ئەم هۆکارانە دەرکەوت کە پیتی(غ) لەگەڵ(ق) یان (ك) لەیەکتر نزیکن، وبەهەمان شێوە پیتی(خ) لەگەڵ(ق) یان (ك) لەیەکتر نزیکن.

---

[1] مەحمود خەلیل حوصەری، پەرتووکی ئەحکامی قورئانی پیرۆز، (مەککە ی پیرۆز، نوسینگەی مەککیە – دار بەشائری ئیسلامی، چاپی4، ساڵی1999ی زاینی، بەدەست کارییەوە.

❖ ئه‌گه‌ر پیته‌كان له‌یه‌ك ئه‌ندام بوون، له‌و كاته‌دا ده‌بن به دوو به‌ش:
یان شوێنی ده‌رچوونیان له یه‌كتر نزیكه.
یان شوێنی ده‌رچوونیان له‌یه‌كتر دووره.

ئه‌گه‌ر شوێنی ده‌رچوونیان له‌یه‌كتر نزیك بوو، وهیچ دابڕان و پچڕان ڕوونه‌دات له نێوان هه‌ردوو پیته‌كه له یه‌كتر نزیكن، ئه‌م دوو پیته به له یه‌كتر نزیك سه‌یر ده‌كرێن.

له‌م قسانه‌ی ڕابردوو وا ده‌رده‌كه‌وێت ئه‌گه‌ر دوو پیت شوێنی ده‌رچوونیان له‌یه‌كتر جیابوو، به شێوه‌یه‌ك هه‌ر یه‌كێكیان له شوێنێك ده‌رده‌چوو، (پچڕان و دابڕان له نێوانیاندا هه‌بوو) به دوو پیتی له یه‌كتر دوور سه‌یرده‌كرێن.

بۆمان ڕوون بویه‌وه كه نێوان پیته‌كانی قوڕگ (حروف الحلق) كه ژماره‌یان شه‌ش پیته له‌گه‌ڵ هه‌ژده پیته‌كه‌ی زمان، دوریه‌ك هه‌یه (شه‌ش پیته‌كانی قوڕگ دوورن له هه‌ژده پیته‌كانی زمان) چونكه پیته‌كانی قوڕگ له شوێنێك ده‌رده‌چێت و پیته‌كانی زمانیش له شوێنێكی تر.

ته‌نها پیته‌كانی(غ) له‌گه‌ڵ(ق)و (ك) وپیتی(خ) له‌گه‌ڵ پیتی(ق)و پیتی(ك) نه‌بێت، ئه‌وانه جیاده‌كرێنه‌وه له‌م حوكمه‌ی كه له‌سه‌ر پیته‌كانی قوڕگ و پیته‌كانی زمان دا هه‌بوو هه‌روه‌ك له ڕابردو باسكرا.

❖ له نێوان پیته‌كانی قوڕگ و پیته‌كانی لێو دورییه‌ك هه‌یه، چونكه هه‌ر یه‌ك له‌وان شوێنی ده‌رچوونیان له یه‌كتر جیاوازه، وله كاتی ده‌ربڕیندا جیاكاریه‌ك ده‌كه‌وێته نێوانه‌كانیان.

❖ له نێوان پیته‌كانی زمان و پیته‌كانی لێو دووری هه‌یه، چونكه شوێنی ده‌رچوونیان له یه‌كتر جیایه، ته‌نها پیتی(م) له‌گه‌ڵ(ن) نه‌بێت لێكچوونێكیان هه‌یه له نزیك بونه‌وه.

پیتی(ن) له‌گه‌ڵ(و) نزیكبوونه‌وه‌یه‌كیان هه‌یه له یه‌كتر له شێوه‌ی ده‌ربڕیندا.
پیتی(ی)ی لیین له‌گه‌ڵ(و) نزیك بونه‌وه‌یه‌ك هه‌یه له نێوانیاندا له ده‌ربڕیندا.

❖ له نێوان پیته‌كانی قوڕگ پیتێك له‌گه‌ڵ پیتێكی تر نزیك بوون و دوركه‌وتنه‌وه هه‌یه.

❖ ئه‌م دوو پیته‌ی كه شوێنی ده‌رچوونیان ده‌كه‌وێته سه‌ره‌وه‌ی به‌شی قوڕگ كه ئه‌وانیش هه‌مزه‌و پیتی(ه) له‌گه‌ڵ ئه‌و پیتانه‌ی شوێنی ده‌رچوونیان ده‌كه‌وێته ناوه‌ڕاستی قوڕگ ئه‌وانیش پیتی(ع)و (ح) لێك نزیك بوونه‌وه‌یه‌ك هه‌یه له نێوانیاندا، ئه‌م دوو پیته‌ش له‌گه‌ڵ ئه‌و پیتانه‌ی كه ده‌رچوونیان ده‌كه‌ویته خواره‌وه‌ی قوڕگ وه‌ك پیتی(غ)و (خ) دوریه‌ك هه‌یه.

❖ پیته‌كانی ناوه‌ڕاست وه‌ك پیتی(ع)و (ح) نێوان ئه‌و دوو پیته‌و پیته‌كانی ده‌كه‌وێته سه‌ره‌وه‌ی قوڕگ و پیتی نزیكترین شوێنی قوڕگ نزیكایه‌تیه‌ك هه‌یه.

❖ له نێوان پیته‌كانی زمان هه‌ندێكیان له‌گه‌ڵ هه‌ندێكی تر نزیك و دووری هه‌یه.

❖ ئه‌م دوو پیته‌ی ده‌كه‌ونه سه‌ره‌وه‌ی زمان(أقصى اللسان) كه پیته‌كانی(ق)و (ك) له نێوان ئه‌ودوو پیته‌و پیته‌كانی ناوه‌ڕاستی زمان پیتی(ج)و (ش)و (ی)و پیتی ته‌نیشت زمان وه‌ك پیتی(ض)و (ل) نزیكایه‌تیه‌ك هه‌یه، ئه‌و پیتانه له‌گه‌ڵ پیته‌كانی لێواری زمان كه بریتین له‌(ن، ر، ط، د، ت، ص، س، ز، ظ، ذ، ث) دوریه‌ك هه‌یه.

ئه‌م پیتانه‌ی باس كران پیته‌كانی پێشه‌وه‌ی زمان(الذلقية) پیته‌كانی سه‌ره‌وه‌ی زمان (النطعية) وپیته‌كانی سه‌ره‌تای پێشه‌وه‌ی زمان(الأسلية) وپیته‌كانی لێو(الشفوية)و (پیته‌كانی نزیك له پودو).

❖ له نێوان پیته‌كانی ناوه‌ڕاست و پێشه‌وه‌ی زمان و لێواری زمان، نزیكایه‌تیه‌ك هه‌یه.

❖ له نێوان پیته‌كانی پێشه‌وه‌ی زمان و لێواری نزیكایه‌تیه‌ك هه‌یه، وله‌نێوان پیتی(ف) له‌گه‌ڵ پیته‌كانی لێو وه‌ك(و، ب، م) نزیكایه‌تیه‌ك هه‌یه، وله نێوان پیته‌كانی لێو هه‌ندێكیان له‌گه‌ڵ هه‌ندێكی تریان هاوره‌گه‌زیه‌ك هه‌یه.

ڕوونکردنەوە

ئاشکرایە کە هەر یەك لە هەمزەو پیتی(هـ) دەکەونە کۆتایی گەرو، هەردووکیان یەك ڕەگەزن لەبەر ئەوەی دەرچوونیان یەکە، بەڵام دەربڕینان لەیەکتر جیایە.

پیتەکانی(ع)و (ح) لەناوەڕاستی گەرو دەردەچن، ئەم دوو پیتەش یەك ڕەگەزن.

پیتی(غ)و (خ) لەنزیکترین شوێنی گەرو دەردەچن ئەوانەش بەهەمان شێوەی ئەو پیتانەی باسکران یەك ڕەگەزن.

پیتەکانی دوور هەر یەك لە هەمزەو پیتی(هـ) بەرامبەر پیتەکانی ناوەڕاست واتە(ع)و (ح) لەیەکتر نزیکن، وبەرامبەر پیتەکانی نزیکترینی گەرو(غ)و (خ) لەیەکتر دوورن، چونکە پیتە ناوەڕاستەکان لەیەکتریان جیادەکاتەوە.

پیتەکانی ناوەڕاستی گەرو(ع، ح) لەگەڵ پیتەکانی دوورترین و نزیکترین نزیکایەتیەکیان هەیە.

پیتی(غ) لەگەڵ پیتی(ق)و (ك) لەیەکتر نزیکن.

پیتی(خ) لەگەڵ(ق)و (ك) بەهەمان شێوە لەیەکتر نزیکن، چونکە پیتی(غ)و (خ) هەر چەندە لەنزیکترین شوێنی گەرو دەردەچن، بەڵام کاتێك نزیکییێکی بەهێز هەیە لەنێوان ئەوان و پیتەکانی(ق)و (ك) کە دەرچوونیان دەکەوێتە دورترین شوێنی زمان، ئەمە وای کردووە کە ئەم پیتانە بە نزیك لەیەکتر بخوێندرێنەوەو سەیر بکرێن، هەرچەندە لەیەکتر جیان هەروەك لەڕابردوو باس کران.

پیتەكانی(ق)و (ك) لەیەكتر نزیكن، بە هۆی بوونی جیاكاریەك لەشوێنی دەرچوونیان، وەگوتراوە پیتی(ق)و (ك)یەك ڕەگەزن بە هۆی شوێنی دەرچوونیان كە دورترینی زمانە.

پیتی(ق)و هاوشێوەی ئەو پیتی(ك) لەگەڵ پیتەكانی ناوەڕاستی زمان(ج، ش، ی) یان لەگەڵ پیتەكانی تەنیشت زمان وەك(ض،ل) لەیەكتر نزیكن، ولەگەڵ هەر پیتێك لەو پیتانەی بە لایەكی زمان دەردەبردرێن لەیەكتر دوورن.

پیتەكانی(ج)و (ش)و (ی) كە درێژناكرێنەوە(مەدیان تێدا نیە) لەناوەڕاستی زمان دەردەچن، هەر یەك لەم سێ پیتانە لەگەڵ یەكتر یەك ڕەگەزن، ئەم پیتانە لەگەڵ پیتەكانی (ق) و (ك) و (ض) و (ل) و (ن) و (ر) و (ط) و (د) و (ت) و (س) و (ص) و (ز) و (ظ) و (ذ) و (ث) هەموویان لەیەكتر نزیكن، وهەر یەك لەم پیتانە لەگەڵ پیتی لێوەكان بە دوور ئەژمار دەكرێن.

پیتی(ض) لەیەك لەدوو لێواری زمان (لای چەپ یان ڕاست) لەگەڵ ئەوەی لەدوای دێت لەددانەكان خرێنە(اضراس) دەردەچێت لەناوەڕاستی لایێكی زمان ئەوەی لەدوای ئەودێت، ئەوە لەگەڵ پیتی(ق) یان(ك) یان هەر پیتێكی تری دەرچوو لەناوەڕاستی زمان یان سەری زمان یان پیتی(ل) ئەوە بە نزیك لەیەكتر ئەژمار دەكرێن.

پیتی(ل) دەردەبڕدرێت بە تەنیشتی زمان تا كۆتایەكەی، پیتی(ل) لەگەڵ پیتی(ق) یان پیتی(ك) یان هەر پیتێكی تر لەو پیتانەی كە لەناوەڕاستی زمان یان لایێكی زمان پیتی(ض) ئەمانە هەمووی بە نزیك ئەژمار دەكرێن لەگەڵ پیتی(ل)، تەنها پیتی(ل) لەگەڵ پیتەكانی لێو بە پیتی لێك دوور ئەژمار دەكرێن، بەلأم پیتی(ل) لەگەڵ پیتی(م) بە نزیك ئەژمار دەكرێت لەسیفەت.

پیتی(ن) لە بەشێكی پێشەوەی زمان دەردەچێت، شوێنی دەرچوونی پیتی(ن) كەمێك دەكەوێتە ژێر شوێنی دەرچوونی پیتی(ل)، پیتی(ن) لەگەڵ پیتی(ق)یان پیتی(ك) بە لەیەكتر دوور سەیر دەكرێن، ولەگەڵ ئەو پیتانەی كە شوێنی دەرچوونیان دەكەوێتە

ناوەڕاستی زمان و پیتی(ض)و (ل) لەگەڵ ئەو پیتانەی كە لەلێواری زمان دەردەچن، بە نزیك ئەژمار دەكرێت.

پیتی(ر) لەپێشەوەی زمان(طرف اللسان) دەردەچێت، شوێنی دەرچوونی پیتی(ر) نزیكە لەشوێنی دەرچوونی پیتی(ن) لەكاتی دەربڕینی پیتی(ر) شێوەی دەربڕینەكە زیاتر بەرەو لای سەرووی زمان دەچێت، لەگەڵ پیتی(ق)و پیتی(ك) لەیەكتر دوورن، بەڵام بەرامبەر بە پیتەكانی دەرچوو لەناوەڕاستی زمان وهەروها پیتی(ض)و (ل)و (ن)و پیتەكانی تری دەرچوو لە پێشەوەی زمان(طرف اللسان) بە نزیك ئەژماردەكرێت.

هەر یەك لەپیتەكانی(ط)و (د)و (ت) دەرچوونیان دەكەوێتە پێشەوەی زمان(طرف اللسان) بە شێویەك شوێنی دەرچوونەكەیان زیاتر بۆ بەشی لای سەرەوەی ددانەكان نزیك دەبێتەوە، هەر یەك لەم سێ پیتە(ط)و (د)و (ت) لەگەڵ یەكتر بە یەك ڕەگەز سەیر دەكرێن، پیتەكانی(ط، د، ت) لەگەڵ(ق) یان (ك) لەیەكتر دوورن، ولەگەڵ پیتەكانی ناوەڕاستی زمان و ئەم پیتانەی بە پێشەوەی زمان دەردەبڕدرێن پیتی(ض، ل، ن، ر)و پیتەكانی دەرچووی پێشەوەی زمان بە نزیك لەیەكتر ئەژمار دەكرێن.

پیتەكانی(ص، ز، س) دەرچوونیان دەكەوێتە پێشەوەی زمان(طرف اللسان)و سەروی ددانەكانی خواروو، هەر یەك لەپیتی(ص، ز، س)و لەگەڵ یەكتردا یەك ڕەگەزن، ئەم سێ پیتە(ص، ز، س) دورن لەپیتەكانی(ق)و (ك)، وئەم سێ پیتە(ص، ز، س) نزیكیان هەیە لەگەڵ پیتەكانی ناوەڕاستی زمان و پیتی(ض، ل، ن، ر، ط، د، ت)و ئەو پیتانەی تری دەكەوێتە پێشەوەی بەشێكی زمان.

پیتەكانی(ظ، ذ، ث) دەرچوونیان بە پێشەوەی زمانە (طرف اللسان) كە دەكەوێتە لای ددانەكانی سەروو، ئەم سێ پیتە(ظ، ذ، ث) لەگەڵ یەكتر یەك ڕەگەزن، وهەر یەك لەم پیتانە(ظ، ذ، ث) لەگەڵ پیتی(ق) یان (ك) دورن، ئەم سێ پیتە(ظ، ذ، ث) لەگەڵ پیتەكانی ناوەڕاستی زمان و پیتی(ض، ل، ن، ر، ط، د، ت، ص، ز، س) نزیكی هەیە.

پیتی(ف) له‌نێوان به‌شی ناوه‌وه‌ی لێوی خواره‌وه‌و بڕبڕه‌كانی سه‌ره‌وه ده‌رده‌چێت، پیتی(ف) له‌گه‌ڵ هه‌ر پیتێك له‌پیته‌كانی گه‌رو یان هه‌ر پیتێك له‌پیته‌كانی زمان به ڕه‌ها له‌یه‌كتر دوورن، جگه له‌پیتی(ن) نه‌بێت لێك نزیكن له‌گه‌ڵ پیتی(ف)، پیتی(ف) له‌گه‌ڵ(و، ب، م) له‌یه‌كتر نزیكن.

پیتی(و، ب، م) به لێوه‌كان ده‌رده‌بردرێت، هه‌ر یه‌ك له‌م سێ پیتانه له‌گه‌ڵ یه‌كتر یه‌ك ڕه‌گه‌زن، ئه‌م سێ پیته(و، ب، م) به‌رامبه‌ر به پیته‌كانی گه‌رو(حلق)و پیته‌كانی زمان له‌یه‌كتر دوورن، پیتی(و، ب، م)و پیتی(ف) به نزیك له‌یه‌كتر سه‌یر ده‌كرێن، پیتی(م) له‌گه‌ڵ (ن)یه‌ك ڕه‌گه‌زن له‌سیفه‌تدا، وپیتی(و) له‌گه‌ڵ(ن) به‌هه‌مان شێوه له‌یه‌كتر نزیكن له‌سیفه‌تدا، وپیتی(و)و (ی)ی لین یه‌ك ڕه‌گه‌زن و له‌یه‌ك چوونیان هه‌یه له‌ده‌ربڕیندا.

زاناكان ده‌فه‌رموون:

ئه‌وانه‌ی له‌ڕابردوو باسكران بۆ ئه‌و پیتانه بوون كه شوێنی ده‌رچوونیان دیار بوو، وشێوه‌ی ده‌ربڕینان زاندراوبوو، به‌ڵام ئه‌و پیتانه‌ی كه شوێنی ده‌رچوونیان به ته‌خمین دیاری كراوه، بریتین له‌سێ پیتی مه‌د (درێژكردنه‌وه) ئه‌م سێ پیته مه‌ده شێوه‌ی گه‌یشتنیان به پیته‌كان نادیاره‌و باس ناكرێت ئه‌گه‌ر پیتی مه‌د گه‌یشتن به پیتێك له‌پیته‌كانی زمانی عه‌ره‌بی نزیك بوونه‌وه‌یان بۆ نیه‌و یه‌ك ڕه‌گه‌زنین له‌گه‌ڵ یه‌كتر، لێك دوركه‌وتنه‌وه‌شیان به‌یه‌كه‌وه نیه، چونكه پیته‌كانی مه‌د شوێنی ده‌ربڕین و ده‌رچونیان نیه وه‌ك پیته‌كانی تر، به‌ڵكو ئه‌م پیته مه‌ددانه ته‌نها به هه‌وای ده‌م و گه‌رو دروست ده‌بێت.

به‌ڵێ پیته مه‌ده‌كان باس ده‌كرێن له‌گه‌ڵ هه‌ندێك له‌پیته عه‌ره‌بییه‌كان كه ڕه‌گه‌زایه‌تییێك و هاوشێوه‌ییێك هه‌یه له‌سیفه‌تدا، به‌ڵام نه‌ك له‌شوێنی ده‌رچوون.

ئه‌و پیتانه‌ی هاوشێوه‌ییان هه‌یه له‌گه‌ڵ پیته مه‌ده‌كان، وه‌ك پیتی(و)ی جوڵه‌دار له‌گه‌ڵ ئه‌لیف هه‌روه‌ك له‌وشه‌ی(والٍ).

پیتی(و) له‌گه‌ڵ ئه‌لیف یه‌ك ڕه‌گه‌زن له‌سیفه‌تدا به‌هۆی یه‌كبونیان له گشت ڕویه‌كه‌وه.
پیتی(ی)ی جوڵه‌دار له‌گه‌ڵ ئه‌لیف وه‌كو پیتی(و) وایه، وه‌ك(الصِّيَامُ)، كه‌واتا هه‌ردو پیتی(ی)و ئه‌لیف یه‌ك ڕه‌گه‌زن له‌سیفه‌ت به‌هۆی گشت ده‌ربڕینێكه‌وه.
پیتی(و)ی جوڵه‌دار له‌گه‌ڵ(و)ی زه‌نه‌دار وه‌ك(وُورِيَ) به هاوشێوه داده‌ندرێن، هه‌ردوو پیتی(و) له‌یه‌ك ڕه‌گه‌زدان چوونكه هاوسیفه‌تی یه‌كترن.
پیتی(ی)ی جوڵه‌دار له‌گه‌ڵ پیتی(و)ی زه‌نه‌دار یه‌ك ڕه‌گه‌زن له‌سیفه‌تدا به‌هۆی گشت ده‌ربڕینێكه‌وه وه‌ك(يوقنون).

تێبینی:

پیته‌كانی(ت)و (ك) یه‌كسانن له‌هه‌موو سیفه‌تێكدا.
پیته‌كانی(ح)و (ث)و (ه)یه‌كسانن له‌هه‌موو سیفه‌تێكدا،(حثه).
پیته‌كانی(ج)و (د) یه‌كسانن له‌هه‌موو سیفه‌تێكدا.
پیته‌كانی(م)و (ن)یه‌كسانن له‌هه‌موو سیفه‌تێكدا.
پیته‌كانی(و)و (ی)ی جووڵه‌دار له‌گه‌ڵ هه‌رسێ پیتی درێژكراوه‌كان (پیته مه‌ده‌كان) یه‌كسانن له‌هه‌موو سیفه‌تێكدا.
ئه‌و پێنج پیته یه‌كسانن له هه‌مو سیفه‌تێكدا، وپیته نه‌رمه‌كان(لین) وه‌ك(و)و (ی) یه‌كسانن له‌هه‌موو سیفه‌تێكدا.
به‌پێی قسه‌كانی ڕابردو ده‌توانین بڵێین ئه‌و پیتانه‌ی یه‌كسانن له‌هه‌موو سیفه‌تێكدا یه‌ك ڕه‌گه‌زیشن.
سه‌یری پاشكۆی ژماره(1) بكه له كۆتایی به‌شی ئوصول

پەیوەندی نێوان پیتەکان

پیتە هاووێنەکان (متماثلين) **بریتین** لەو پیتانەی شوێنی دەرچوون و سیفەتیان و ناوو ڕێنووسیان یەکسانە، وەك: (ن) لەگەڵ (ن).

پیتە لێك نزیکەکان (متقاربين) **بریتین** لەو پیتانەی شوێنی دەرچوون و سیفەتیان لە یەکتر نزیکە، وەك: **(ن)** لەگەڵ **(ل)**یان تەنها شوێنی دەرچوونیان لەیەکتر نزیکەو سیفەتیان جیاوازە، وەك: **(ج)** لەگەڵ **(ض)**یان تەنها سیفەتیان لەیەکتر نزیکەو شوێنی دەرچوونیان جیاوازە، وەك: **(غ)** لەگەڵ **(ظ)**.

پیتە یەك ڕەگەزەکان (متجانسين) **بریتین** لەو پیتانەی شوێنی دەرچوونیان یەکسانەو سیفەتیان لەیەکتر جیاوازە، وەك: **(ذ)** لەگەڵ **(ظ)**یان شوێنی دەرچوونیان لە یەکتر جیاوازەو سیفەتیان یەکسانە، وەك: **(ت)** لەگەڵ **(ك)**.

چۆنیه‌تی دۆزینه‌وه‌ی
په‌یوه‌ندی نێوان دوو پیت له‌گه‌ڵ یه‌كتر

هه‌ركاتێك ویستمان په‌یوه‌ندی نێوان دوو پیت له‌گه‌ڵ یه‌كتر بزانین، پێویسته سه‌ره‌تا سه‌یری شوێنی ده‌رچوون و سیفه‌تیان بكه‌ین، ئه‌گه‌ر هاتوو هاووێنه بوون(متماثل) وه‌ك پیته‌كانی(ق) له‌گه‌ڵ(ق)،(ٱلۡغَرَقُ قَالَ)، بڕیار له‌سه‌ر ئه‌و جۆره پیتانه ده‌ده‌ین به هاووێنه بوون، به‌ڵام ئه‌گه‌ر هاووێنه‌ی یه‌كتر نه‌بوون له شوێنی ده‌رچوون و سیفه‌تیاندا، له‌و كاته‌دا سه‌یری شوێنی ده‌رچوونی پیته‌كان ده‌كه‌ین له ڕووی هاوشێوه‌ییان، ئه‌گه‌ر هه‌ردوو پیته‌كه هاوشێوه بوون له شوێنی ده‌رچوونیان، ئه‌وه بڕیار ده‌ده‌ین له‌سه‌ر ئه‌م دوو پیته كه یه‌ك ڕه‌گه‌زن له ڕووی ده‌رچوونیان، وه‌ك پیته‌كانی(ع) له‌گه‌ڵ(ح)،(ٱلدَّمۡعِ حَزَنًا).

ئه‌گه‌ر شوێنی ده‌رچوونی پیته‌كان یه‌كسان نه‌بوون، سه‌یری سیفه‌تیان ده‌كرێت، ئه‌گه‌ر هاوشێوه‌ی یه‌كتر بوون، به شێوه‌یه‌ك كه نه له‌یه‌كتر كه‌متربوون نه له‌یه‌كتر زیاتر بوون له سیفه‌تیان، بڕیاری یه‌ك ڕه‌گه‌ز بوونیان له‌سه‌ر ده‌درێت له سیفه‌ت دا.

هه‌ر وه‌ك پیته‌كانی(ح، ث، ه) كۆدبێته‌وه له وشه‌ی(حثه) ئه‌م پیتانه به هاوڕه‌گه‌ز ناوده‌بردرێن و نمونه‌كانیان به‌م شێوه‌یه(يَبۡحَثُ، يُبۡعَثُ حَيًّا، فَأَصۡبَحَ هَشِيمًا، ٱللَّهَ حَقَّ، بَعَثَهُۥ، ٱللَّهِ ثُمَّ).

پیتی(م)و (ن) یه‌ك ڕه‌گه‌زن(يَظۡلِمۡ نَفۡسَهُۥ).

پیتی(ت)و (ك) یه‌ك ڕه‌گه‌زن(وَتَمَّتۡ كَلِمَتُ).

پیتی(ج)و (د) یه‌ك ڕه‌گه‌زن(وَلَقَدۡ جَآءَكَ).

پیتی(و)و (ی)ی لیین یه‌ك ڕه‌گه‌زن(أَوۡ يَعۡفُوَاْ).

له نێوان پیتی نەرم(لین) له لایەك لەگەڵ پیتە درێژكراوەكان(حروف المد) له لایەكی تر هاوشێوەیی هەیه(وَالٍ)، جگه لەم پیتانەی باس كران یەك ڕگەزی نیه نه له شوێنی دەرچوون و نه له سیفەت دا، له ڕابردوش باسمان كرد، ئەگەر یەكسان نەبوون له سیفەتدا ئەوا سەیری له یەكتر نزیك بوونیان دەكرێت له ڕووی شوێنی دەرچوونیان و سیفەتیان، ئەگەر یەكسانی هەبوو له نێوان پیتەكان له ڕووی شوێنی دەرچوون و سیفەتیان هەر وەك له نێوان پیتەكانی(ل)و (ر)،(قُل رَّبِّ)، نێوان پیتەكانی(ذ)و (ز)(وَإِذۡ زَيَّنَ)، نێوان پیتەكانی (ق)و (ك)(نَخۡلُقكُّم).

بڕیار دەدرێت لەسەر ئەم پیتانەی باسكران، به نزێك بوون له شوێنی دەرچوون و سیفەت دا، وئەگەر بەم شێوەیه نەبوون له نێوان پیتەكان له ڕووی شوێنی دەرچوون و سیفەت دا، تەنها سەیری شوێنی دەرچوونیان دەكرێت، ئەگەر نزیكایەتیەك هەبوو له نێوان شوێنی دەرچوونیان، بڕیار لەسەر نزیكبوونیان دەدرێت تەنها له ڕووی دەرچوونیان، وەك پیتی(د)و (ص)،(ولقد صدقكم).

ئەگەر له یەكتر نزیك نەبوون له ڕووی شوێنی دەرچوون، تەنها سەیری سیفەتیان دەكرێت، وئەگەر نزیكایەتیەك هەبوو له نێوان سیفەتیان، -به شێوەیەك جیاوازیان تەنها له یەك یان دوو سیفەت هەبێت و زیاتر نەبێت- بڕیار لەسەر نزیكبوونیان دەدرێت تەنها له ڕووی سیفەت، هەروەك پیتی(و)و (ن)،(أو نصارى).
وهەروها له نێوان پیتی(س)و (ح)،(للناس حسابهم)، وهەمزەو پیتی(د)(أدنى)، پەیوەندی نزیكایەتی له نێوان پیتەكاندا زۆره.

هەر دوو پیتێك تێكهەڵكێشیان هەبێت لەگەڵ یەكتر له هەر خوێندنەوەو ڕیوایەتێك بێت و هاوڕەسمی یان یەك رەگەزی له نێوانیان نەبێت، به له یەكتر نزیك هەژمار دەكرێن، بەڵام ئەگەر هیچ شتێك لەوانەی ڕابردو باس كران له نێوان پیتەكاندا نەبێت، ئەوه به له یەكتر دوورو جیاواز ئەژمار دەكرێن.

کەواتە: ریزبەندی پەیوەندی نێوان پیتەکان ریزبەندیەکی دابەزینە، واتا کامەی لەپێشترە ئەو باس دەکرێت ئەوانی تر لەدوای ئەوەوە دێن، بەم شێوەی خوارەوە[1]:

1. هاووێنە لە شوێنی دەرچوون و سیفەتدا.
2. یەك ڕەگەز لە شوێنی دەرچوون.
3. یەك ڕەگەز لە سیفەت.
4. لەیەکتر نزیك لە شوێنی دەرچوون وسیفەت.
5. نزیکی لە شوێنی دەرچوون.
6. نزیکی لە سیفەت.
7. لەیەکتر دوور.

---

[1] زانای خەلیجی پیتەکانی زمانی عەڕەبی دابەش گردووە بۆ سەر پێنج بەشی سەرەکی سەبارەت بە تێکهەڵکێش کردن و تێکهەڵنەکێشکردن: **یەکەم**: نە تێکهەڵکێش دەکرێت و نە تێکهەڵکێشانی بۆ دەکرێت، ئەوانەش سێ پیتن(ء، ا، خ). **دووەم**: تێکهەڵکێش ناکرێت، بەڵام تێکهەڵکێشانی بۆ دەکرێت، ئەوانەش چوار پیتن(ط، ظ، ص، ز). ناگوترێت پیتی(ط) تێکهەڵکێش دەکرێت لەگەڵ پیتی(ت) لە(أَحَطتُ، بَسَطتَ) بە تێکهەڵکێشێکی ناتەواو، بەهۆی مانەوەی سیفەتی ئیطباق، **چونکە** مەبەست بە تێکهەڵکێشێکی تەواو(الادغام الكامل) بە لابردنی پیت و سیفەتی، وەك(الْمَلَائِكَةُ طَيِّبِينَ) لەلای سوسی، **سێیەم**: تێکهەڵکێش دەکرێت تەنها بەهاووێنەی خۆی، ئەوەش شەش پیتە(ع، غ، ف، ه، و، ی)، **چوارەم**: تێکهەڵکێش دەکرێت تەنها لەڕەگەزی خۆی و پیتی نزیك لە خۆی، ئەوەش پێنج پیتە(ج، د، ذ، س، ض)، **پێنجەم**: تێکهەڵکێش دەکرێت بە هاووێنەو هاوڕەگەزی خۆی و یەك ڕەگەزی خۆی و پیتی نزیك لە خۆی، ئەوەش یازدە پیتە(ب، ت، ث، ح، ر، س، ق ، ك، ل، م، ن)، **بڕوانە**: موحەممەدی خەلیجی، لە پەرتووکی(حل المشكلات وتوضيح التحريرات في القراءات)، لێکۆڵینەوەی عومەری کوڕی عەبدوالقادر،(ریاض، دار أضواء السلف، د.ت) لاپەڕە23.(بەدەست کارییەوە) خەلیجی هونراوەیەکی هەیە لەم بەشەوە، باسمان نەکردووە لەبەر درێژبوونەوە.

تێکهەڵکێشانی بچووك

تێکهەڵکێشانی بچووك: بریتیە لە تێکهەڵکێشانی پیتێکی زەننەدار بە پیتێکی جووڵەدار، بە شێوەیەك بە هۆی ئەو تێکهەڵێشانە هەردوو پیت دەکرێن بە یەك پیتی شەدەدار لە یەك ڕەگەز لەگەڵ پیتی دووەم.

هۆی ناونانی بە بچووك

ناوی نراوە بە تێکهەڵکێشانی بچووك، چونکە لە کاتێ تێکهەڵکێشاندا تەنها پێویستی بە یەك هەنگاوی بچوکە، ئەویش بریتیە لە تێکهەڵکێشانی پیتی یەکەم بە پیتی دووەم.



مهزههبی یهعقوب
لهسهر تێكههڵكێشی بچووك

1. یهعقوب پیتی(ن) تێكههڵكێش دهكات له پیتی(و) له ئایهتی﴿يسٓ ١ وَٱلۡقُرۡءَانِ ٱلۡحَكِيمِ﴾**(یس:1) قسه لهسهر ئهم بابهته كرا له ڕابردو له بابهتی ئهحكامی نونی ساكینهو تهنوین.**

2. یهعقوب پیتی(ن) تێكههڵكێش دهكات له پیتی(و) له ئایهتی﴿ نٓۚ وَٱلۡقَلَمِ وَمَا يَسۡطُرُونَ﴾ **(قهلهم:1) قسه لهسهر ئهم بابهته كرا له ڕابردو له بابهتی ئهحكامی نونی ساكینهو تهنوین.**

3. ڕهوح پیتی(ذ) تێكههڵكێش دهكات له پیتی(ت) له فیعلی(ٱتَّخَذۡتُ)(أَخَذۡتُ) **بهههر شێوهیهك هاتبێت وهك**(لَئِنِ ٱتَّخَذتَ، ثُمَّ أَخَذتُّهَا).

4. یهعقوب پیتی(ن) تێكههڵكێش دهكات لهگهڵ پیتی(ر) له ئایهتی{وَقِيلَ مَنۡۜ رَاقٖ}**(قیامه:27)**[1]**. بهم شێوهیه**(وَقِيلَ مَن رَّاقٖ).

5. یهعقوب پیتی(ل) تێكههڵكێش دهكات له پیتی(ر) له ئایهتی{كَلَّاۖ بَلۡۜ رَانَ}(**موطهففین**:14)**، بهم شێوهیه**(كَلَّاۖ بَل رَّانَ)**، لێرهدا دوو شوێنی تریش ههن ئهوانیش تێكههڵكێشانیان بۆ دهكرێت، چونكه به شێوهی فهرمان(فعل أمر**

(1) له ڕابردو قسهی لهسهر كراوه له بابهتی ئهحكامی نونی ساكین و تهنوین.

دەخوێندرێتەوە ئەوانیش بریتین لە{قَالَ رَبِّي}(ئەنبیاء:4)و {قَٰلَ رَبِّ}(ئەنبیاء:112) بەم شێوەیە(قُل رَّبِّي قُل رَّبُّ)[1].

تێبینی:

یەعقوب وازی لە(سەكت) واتە وەستانێكی كورتی بێ هەناسە وەرگرتن هێناوە كە پێویستن(واجب)ن لای حەفص، بەڵام ڕەچاوی ئەوەی كردووە ئەوەی تێكهەلكێشانی بۆ گونجاو بووە ئەنجامی داوە لە(بَل رَّانَ، مَن رَّاقٍ) هەروەك لە ڕابردو ئاماژەمان پێدا.

تێكهەڵكێشانی گەورە

تێكهەڵكێشانی گەورە: بریتیە لە تێكهەڵكێشكردنی پیتێكی جوڵەدار بە پیتێكی جوڵەداری تر كە لە دوای ئەو دێت، بە شێوەیەك هەردوو پیت دەبێتە یەك پیتی شەدەدار لە ڕەگەزی پیتی دووەم.

ناونانی بە تێكهەڵكێشی گەورە

هۆی ناونانی بە تێكهەڵكێشی گەورە: چونكە لە كاتی تێكهەڵكێشاندا پێویستی بە دوو هەنگاو هەیە، یەكەمیان زەنەداركردنی پیتی یەكەم، دووەمیان تێكهەڵكێشكردنی پیتی یەكەم لە دووەم.

[1] (قال)ی خوێندۆتەوە بە ضـەممەداركردنی پیتی(ق)و لابردنی ئەلیف و زەنەداركردنی پیتی(ل).

تێبینی:

لێره‌دا باسی ئه‌وه‌م نه‌كردووه كه تێكهه‌ڵكێشه‌كه‌ی له‌سه‌ر بنچینه‌ی خۆیه‌تی، چونكه یه‌عقوب تێكهه‌ڵكێشی بۆ ده‌كات وه‌ك حه‌فص، له وشه‌كانی(تأمنا، أتحاجوني، تأمروني، مكنّي)، **چونكه بنچینه‌ی ئه‌م وشانه بریتیه له**[تأمننا، أتحاجونني، تأمرونني، مكنني].

مه‌زهه‌بی یه‌عقوب
له سه‌ر تێكهه‌ڵكێشانی گه‌وره

1. **یه‌عقوب پیتی**(ب) **تێكهه‌ڵكێش ده‌كات له پیتی(ب) له ئایه‌تی**﴿وَٱلصَّاحِبِ بِٱلْجَنْبِ﴾**(نیساء:36) به‌م شێوه‌یه**(وَٱلصَّاحِب بِّٱلْجَنْبِ).

3. **یه‌عقوب پیتی**(ن) **تێكهه‌ڵكێش ده‌كات به مینگه له پیتی(ن) له ئایه‌تی**﴿أَتُمِدُّونَنِ بِمَالٍ﴾**(نه‌مل 366) به‌م شێوه‌یه**(أَتُمِدُّونِّـے)**، له‌گه‌ڵ درێژكردنه‌وه‌ی شه‌ش جوله له پیتی(و) چونكه درێژكردنه‌وه‌كه پێویسته، وتێبینی ئه‌وه ده‌كرێت كه پیتی(ی)ی زیاده جێگیر بكرێت له هه‌ردوو باردا.**

4. **یه‌عقوب له باری نه‌وه‌ستاندا: پیتی**(ت) **تێكهه‌ڵكێش ده‌كات له پیتی(ت) له ئایه‌تی**﴿فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكَ تَتَمَارَىٰ﴾**(نه‌جم :55) به‌م شێوه‌یه**(رَبِّكَ تَّمَارَىٰ)**، به‌ڵام له كاتی ده‌ست پێكردن به‌و تێكهه‌ڵكێش ناكات**[1] **واته به دوو پیتی(ت) وه‌كو قاریئه‌كانی تر.**

---

[1]به‌هۆی شێوه‌ی ڕه‌نوسی و كاركردن به بنچینه‌ی خۆی، له باری ده‌ست پێكردن به‌و ناكرێت تێكهه‌ڵكێش بكرێت چونكه هۆكاری هه‌یه، ناگوترێت كه هه‌مزه‌ی لكاوی بۆ دێنین تاوه‌كو بیلكێنین به تێكهه‌ڵكێشان هه‌ر وه‌ك له وشه‌ی(اثاقلتم) **له سوره‌تی ته‌وبه له‌گه‌ڵ وشه‌ی**(وازينت) **له سوره‌تی یونس چونكه شوێنی هه‌مزه‌ی لكاوه له وشه‌ی**(تتماری) **چونكه شوێنه‌كه‌ی ڕابردووه له بابی**

5. ڕویس پیتی(ك) تێکهەڵکێش دەکات لە پیتی(ك) لە سێ شوێندا کە ئەمانەن﴿كَيۡ نُسَبِّحَكَ كَثِيرٗا ۝٣٣ وَنَذۡكُرَكَ كَثِيرًا ۝٣٤ إِنَّكَ كُنتَ بِنَا بَصِيرٗا﴾(طه: 33 +34+ 35) **بەم شێوەیە**(كَيۡ نُسَبِّحَك كَّثِيرٗا ۝٣٣ وَنَذۡكُرَك كَّثِيرًا ۝٣٤ إِنَّك كُّنتَ بِنَا بَصِيرٗا).

6. ڕویس پیتی(ب) تێکهەڵکێش دەکات لە پیتی(ب) لە ئایەتی﴿أَنسَابَ بَيۡنَهُمۡ﴾**(موئمینون:**101) **بەم شێوەیە**(أَنسَآب بَّيۡنَهُمۡ)، **لەگەڵ درێژکردنەوەی ئەلیف شەش جولە چونکە درێژکردنەوەکە پێویستە.**

7. ڕویس پیتی(ت) تێکهەڵکێش دەکات لە پیتی(ت) لە ئایەتی﴿ثُمَّ تَتَفَكَّرُواْۚ﴾**(سەبەء** :46) **بەم شێوەیە**(ثُمَّ تَّفَكَّرُواْۚ)، **لەگەڵ درێژکردنەوەی ئەلیف شەش جولە چونکە درێژکردنەوەکە پێویستە، ئەوەش دەردەکەوێت کە تێکهەڵکێشان لە باری نەوەستاندا ئەنجام دەدرێت بەڵام لە کاتی دەست پێکردن بەو تێکهەڵکێش ناکات[1] واتە بە دوو پیتی(ت) وەکو قاریئەکانی تر**

8. بە یەك لە ڕیوایەتەکانی ڕویس پیتی(ب) تێکهەڵکێش دەکرێت لە پیتی(ب) وخوێندنەوەی دووەمی ئاشکراکردنە(الاظهار) **ئەوەش لەم سێ شوێنەی خوارەوە:**

أ. ئایەتی﴿لَذَهَبَ بِسَمۡعِهِمۡ﴾**(بەقەڕە:**20)، **بەم شێوەیە**(لَذَهَبَ بِسَمۡعِهِمۡ / لَذَهَب بِّسَمۡعِهِمۡ).

تەفاعەلە وەك(تَثَاقَلَ)**و** (تَفَعَّلَ) **وەك**(تَزَيَّنَ) **بەڵام وشەی**(تتمارى) **فیعلی موزاریعە هەمزەی لکاو ڕەنوس نەکراوە. سەیری کە(عەبدولفەتاحی قازی، پەرتووکی** الإيضاح لمتن الدرة **مەککە، مەکتەبەی ئەسەدیە** 1434**ك، لا**25.

[1] **گوتراوە دەربارەی تێکهەڵنەکێشان ئەوەی بۆ وشەی**(تتمارى) **گوتراوە کە دروست نیە هەمزەی لکاوی بچێتە سەر.**

ب. ئایەتی﴿ٱلۡكِتَٰبَ بِأَيۡدِيهِمۡ﴾**(بەقەرە**:79)، **بەم شێوەیە**(ٱلۡكِتَٰبَ بِأَيۡدِيهِمۡ/ ٱلۡكِتَٰب بِّأَيۡدِيهِمۡ) **درێژکردنەوەی پێویست دەردەکەوێت**

ت. ئایەتی﴿ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّۗ﴾**(بەقەرە**:176)، **بەم شێوەیە**(ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّۗ / ٱلۡكِتَٰب بِّٱلۡحَقِّۗ) **درێژکردنەوەی پێویست دەردەکەوێت.**

ث. بە یەك لە ڕیوایەتەکانی ڕویس پیتی(ه) **تێکهەڵکێش دەکرێت لە پیتی**(ه) **لە چوار شوێندا ئەوانیش هەر یەك لە ئایەتەکانی**﴿وَأَنَّهُۥ هُوَ﴾**(نەجم**:43+44+48+49)، **وخوێندنەوەی دووەمی ئاشکراکردنە**(الاظهار) **بەم شێوەیە**(وَأَنَّهُۥ هُوَ / وَأَنَّه هُّوَ).

ج. بە یەك لە ڕیوایەتەکانی ڕویس پیتی(ل) **تێکهەڵکێش دەکرێت لە پیتی**(ل) **لە هەشت شوێندا ئەوانیش هەر یەك لە ئایەتەکانی**﴿جَعَلَ لَكُم﴾**(نەحل**: 72+78+80+81)[1] **وخوێندنەوەی دووەمی ئاشکراکردنە**(الاظهار) **بەم شێوەیە**(جَعَلَ لَكُم / جَعَل لَّكُم).

ح. بە یەك لە ڕیوایەتەکانی ڕویس پیتی(ل) **تێکهەڵکێش دەکرێت لە پیتی**(ل) **لە ئایەتی**﴿لَّا قِبَلَ لَهُم﴾**(نەمل**:37) **وخوێندنەوەی دووەمی ئاشکراکردنە**(الاظهار) **بەم شێوەیە**(لَّا قِبَلَ لَهُم / لَّا قِبَل لَّهُم).

---

[1] **ئەمە هەمو شوێنەکانی سورەتی نەحلە، وەهەندێکیان دوبارەبویتەوە لە هەمان ئایەتدا.**

تێبینی:

ئه‌م شوێنانه‌ی ڕوویس تێكهه‌ڵكێشانی بۆ ده‌كات به‌ یه‌ك له‌ خوێندنه‌وه‌كانی ژماره‌یان شازده‌ شوێنه‌، ئه‌گه‌ر به‌ درێژی باسیان بكه‌ین به‌م شێوه‌یه‌:
سێ شوێن له‌ سوره‌تی به‌قه‌ره‌، هه‌شت شوێن له‌ سوره‌تی نه‌حل، یه‌ك شوێن له‌ سوره‌تی نه‌مل، چوار شوێن له‌ سوره‌تی نه‌جم.

حوكمی
به‌یه‌ك گه‌یشتنی دوو زه‌نه‌دار

ئه‌گه‌ر دوو پیتی زه‌نه‌دار به‌یه‌ك گه‌یشتن له‌ دوو وشه‌دا ئه‌وه‌ یه‌عقوب زه‌نه‌ی وشه‌ی یه‌كه‌م ده‌گۆڕێت به‌ ضـه‌ممه‌ به‌ دوو مه‌رج:

1. ئه‌گه‌ر وشه‌ی دووه‌م ده‌ست پێكردنی به‌ هه‌مزه‌ی لكاوی ضـه‌ممه‌دار بوو.

2. زه‌نه‌ی یه‌كه‌م(أو) بێت، ئه‌وه‌ش ته‌نها له‌ سێ شوێندا هاتووه‌{أَوِ ٱدۡعُواْ، أَوِ ٱنقُصۡ، أَوِ ٱخۡرُجُواْ} به‌م شێوه‌یه‌ ده‌خوێندرێته‌وه‌{أَوُ ٱدۡعُواْ، أَوُ ٱنقُصۡ، أَوُ ٱخۡرُجُواْ}.

له‌وه‌ی پێشو ده‌چێته‌ ده‌ره‌وه‌ ئه‌گه‌ر وشه‌ی دووه‌م به‌ هه‌مزه‌ی لكاو ده‌ستپێبكات ئه‌وه‌ ضـه‌ممه‌دارده‌كرێت ئه‌گه‌ر ده‌سپێكردنه‌كه‌ به‌و بێت ووشه‌ی یه‌كه‌م (أو) نه‌بێت وه‌ك{قُلِ ٱدۡعُواْ}{فَمَنِ ٱضۡطُرَّ}،{أَنِ ٱقۡتُلُوٓاْ}،{مَحۡظُورًا ۝٢٠ ٱنظُرۡ}، یان زه‌نه‌ی وشه‌ی یه‌كه‌م له‌ وشه‌یه‌ك بێت به‌ هه‌مزه‌ی لكاو ده‌ستپێبكات به‌ڵام ضـه‌ممه‌دار نه‌بێت له‌كاتی ده‌ستپێكردن به‌و، وه‌ك(بِغُلَٰمٍ ٱسۡمُهُۥ ، قُلِ ٱلرُّوحُ ، أَنِ ٱمۡشُواْ).

باسی
حه‌وت ئه‌لیفه‌كان

پێشه‌وا یه‌عقوب پێچه‌وانه‌ی حه‌فصی كردووه له بابه‌تی حه‌وت ئه‌لیفه‌كان له:

- **یه‌كه‌م: یه‌عقوب ئه‌لیفی لابردووه له‌باری وه‌ستان و نه‌وه‌ستاندا له سێ وشه‌دا، به‌م شێوه‌ی خواره‌وه:**

1. **وشه‌ی**(ٱلظُّنُونَا۠) **له‌ئایه‌تی**﴿وَتَظُنُّونَ بِٱللَّهِ ٱلظُّنُونَا۠ ۝١٠ هُنَالِكَ ٱبْتُلِىَ ٱلْمُؤْمِنُونَ﴾ (**ئه‌حزاب**:10).

2. **وشه‌ی**(ٱلرَّسُولَا۠) **له‌ئایه‌تی**{وَأَطَعْنَا ٱلرَّسُولَا۠ ۝٦٦ وَقَالُوا۟ رَبَّنَآ}(**ئه‌حزاب**:66).

3. **وشه‌ی**(ٱلسَّبِيلَا۠) **له‌ئایه‌تی**{فَأَضَلُّونَا ٱلسَّبِيلَا۠ ۝٦٧ رَبَّنَآ ءَاتِهِمْ ضِعْفَيْنِ مِنَ ٱلْعَذَابِ}(**ئه‌حزاب**:67).

- **دووه‌م: ڕاوی ڕویس جیاوازی هه‌یه له‌گه‌ڵ ڕاوی ڕه‌وح له هه‌ندێك وشه‌دا به‌م شێوه‌ی خواره‌وه:**

1. **وشه‌ی**(لَّٰكِنَّا۠)، **له‌ئایه‌تی**{لَّٰكِنَّا۠ هُوَ ٱللَّهُ رَبِّى}(**كه‌هف**:38)، **ڕویس به خوێندنه‌وه‌ی ئه‌لیفی دووه‌م ده‌خوێنێته‌وه له هه‌ردوو باردا وه‌ستان و نه‌وه‌ستان، به‌ڵام ڕه‌وح له باری وه‌ستاندا ده‌یخوێنێته‌وه وله‌باری نه‌وه‌ستاندا لایده‌بات وه‌ك حه‌فص.**

2. **وشەی**(سَلَٰسِلَاْ) **له ئایەتی**{إِنَّآ أَعۡتَدۡنَا لِلۡكَٰفِرِينَ سَلَٰسِلَاْ وَأَغۡلَٰلًا وَسَعِيرًا} (**ئینسان**:4)، **ڕویس لەسەر پیتی(ل) دەوەستێت بەم شێوەیە**(سَلَٰسِل) **بەڵام ڕەوح لەسەر ئەلیف دەوەستێت بەم شێوەیە**(سَلَٰسِلَا).

3. **وشەی**(قَوَارِيرَاْ) **شوێنی یەکەم له ئایەتی**{وَأَكۡوَابٖ كَانَتۡ قَوَارِيرَا}(**ئینسان**:15)، **ڕویس دەوەستێت لەسەر پیتی(ر) بەم شێوەیە**(قَوَارِيرَاْ) **له ئایەتی**{قَوَارِيرَا مِن فِضَّةٖ}(**ئینسان**:16)، **یەعقوب بە ڕەها دەخوێنێتەوە بە لابردنی ئەلیف وەك حەفص**.



بابه‌تی فه‌تح و ئیماله

به‌شێكی زۆر له هۆزه‌كانی عه‌ڕه‌ب، لاركردنه‌وه‌یان هه‌یه له خوێندنه‌وه‌دا، وه‌ك به‌شێكی زۆر له خه‌ڵكی نه‌جد، وه‌ك هۆزه‌كانی(به‌نی ته‌میم، به‌نی ئه‌سه‌د، قه‌یس و ئه‌وانی تر)، هه‌ندێك له هۆزه‌كانی عه‌ڕه‌ب ئاخاوتنیان به فه‌تحه‌داركردنی وشه‌یه، وه‌ك خه‌ڵكی حیجاز له قوره‌یشیه‌كان و هه‌وازن و ثه‌قیف و كینانه.

- **فه‌تح (كردنه‌وه) :** مه‌به‌ست له وشه‌ی كردنه‌وه(فه‌تح) ئه‌وه‌یه كه خوێنه‌ر ده‌می خۆی بكاته‌وه له‌كاتی ده‌ربڕینی پیته‌كه.

- **لاركردنه‌وه(الاماله) له زمانی عه‌ڕه‌بی:** واته لادان له شتێك و ڕووكردنه شتێكی تر.

- **لاركردنه‌وه لای زانایان:** بریتیه له لادان له فه‌تحه‌وه به‌ره‌و كه‌سره، وله ئه‌لیفه‌وه بۆ پیتی (ی)، ئه‌وه‌ش ده‌كرێت به دوو به‌ش[1]:.

---

[1] هۆكاری ئیماله هه‌شتن:

1/ بوونی كه‌سره له پێش وشه یان له دوای وشه، وه‌ك هه‌ر یه‌ك له وشه‌كانی(الناس، النار، الربا، كلاهما، مشكاة).

2/ كه‌سره‌یه‌كی په‌یداكراو له هه‌ندێك كاتدا وه‌ك(طاب، جاء، شاء، زاد) چونكه له‌م وشانه‌دا پیتی(ف)ی فیعل كه‌سره‌دار ده‌كرێت له كاتی لكاندن به راناوی ره‌فعه‌دار(مه‌رفوع).

3/ بوونی پیتی(ی) له وشه‌دا، وه‌ك(لا ضير) سوك خوێندنه‌وه له‌م وشه‌دا به ئیماله داده‌ندریت(لاركردنه‌وه).

4/ قه‌لب كردن، وه‌ك(رمى).

5/ یان لێكچوون به وه‌رگه‌ڕان، وه‌ك: ئه‌و پیته ئه‌لیفه‌ی بۆ مێ به كاردێت.

6/ یان پێچونێك به پێچواندنی گۆرینی پیتی(ی) بێت، وه‌ك(موسى، عیسى).

7/ یان ئه‌وه‌ی ده‌بێته نزیك له ئیماله(لاركردنه‌وه) ناوده‌بردرێت(ئیماله) له پێناو(ئیماله)،(لاركردنه‌وه) وه‌ك وشه‌ی(تراءى) مه‌به‌ست پێی پیتی ئه‌لیفی یه‌كه‌مه، وبه‌هه‌مان شێوه پیتی(ن) له وشه‌كانی(نأى، وراء، رأى).

- **لاركردنەوەی گەورە(إماله كبرى):** بریتیە لە خوێندنەوەی ئەلیف لە نێوان ئەلیف و پیتی(ى)دا بە تەواوی، نەگواستنەوەو نەمانەوەی تەواوە، وپێشی دەگوترێت ئیضجاع(الاضجاع)، هەر ئەمەش مەبەستە لەكاتی ناوهێنانی بە ڕەهایی.

- **لاركردنەوەی بچووك(إماله صغرى):** بریتیە لە دەربڕینی پیت لە نێوان كردنەوەی سروشتی و ئیمالەی تەواو، واتە لاركردنەوە لە فەتحە بەرەو كەسرەی تەواو، لەگەڵ مانەوەی دەم لەباری ئاسایی خۆی، واتە نەفەتحەیەكی تەواو نەكەسرەیەكی تەواو، وپێشی دەگوترێت كەم بوون(التقليل)، یان خوێندنەوە لە نێوان، واتە نێوان ئەلیف و ئیمالەی گەورە.

زمان بەرزدەبێتەوە بە كردنەوەی دەم، لار دەبێت بە(ئیماله)[1] وهەروها خوێندنەوە بە لاركردنەوە ئاسانترە لەسەر زمان لە بەرزكردنەوە، هەر بۆیە لاركردنەوە دەكەن، ئەوەی كردنەوە دەكات بۆچوونی وایە كە كردنەوە پەسندەو ئەو ڕەسەنە.

ئەو فەرموودەی[2]. پێشەوا ئیبنولجەزەری(ڕەزای خودای لێبێت) باسی دەكات لە پەرتووكەكەی خۆی بەناوی نەشر(النشر) پالپشتیەكەی دەگەڕێتەوە بۆ عەبدوللەی كوڕی مەسعود(ڕەزای خودای لێبێت) كاتێك پیاوێك سوڕەتی(طه)ی لەلا دەخوێندو كەسرەداری نەكرد(واتە: لاركردنەوەی نەكرد) بۆ پیتە پچڕاوەكانی سەرەتای سوڕەتەكە، ئیبن مەسعود (ڕەزای خودای لێبێت) خوێندیەوە ﴿طه﴾، واتە:


8/ یان پیتی ئەلیف لەسەر شێوەی(ى) نوسرابێت، هەرچەندە لە بنچینەدا پیتی(و) وەك(ضحى).
ئەوانەی باس كران هەموویان دەگەڕێنەوە سەر دوو شت كەسرەو (ى). **سەیركە:** عەلی كوڕی موحەممەد ضەباع، الاضاءة في بيان أصول القراءة،(قاهیرە، نوسینگەی ئەزهەریە بۆ كەلتور، ساڵی1420ی كۆچی، لاپەرە29.

[1] لە كاتی ئیماله كردن بە ئەلیفی(طغى) زمان بەرز دەبێتەوە، بەلام كەمێك لاردەبێت كە بە فەتح بخوێندرێتەوە لە لای حەفص و هاوڕاكانی.

[2] فەرموودەیەكی غەریبە.

لاركردنەوەی ئەنجام دا سێ جار، پاشان سوێندی خواردو فەرمووی بەم شێوە پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئێمەی فێركردووە.

زانایانی زمانەوانی ڕاوبۆچونی جیاوازیان هەیە لەسەر كردنەوە(فتح)و لاركردنەوە(امالە)، ئایە كامەیان ڕەسەنە؟ بۆچوونی بەهێز ئەوەیە كە كردنەوە(فتح) ڕاسترە لە ئیمالە، چونكە ئیمالە پێویستی بە هۆكارێكە بە پێچەوانەی كردنەوە پێویستی بە هۆكار نیە، (ئیمالە)لاركردنەوە لقێكە لە كردنەوە، ئیبنو لقاصح لە شەرحەكەی لەسەر كتێبی(حرز الامانی) دەفەرموێت: ئەوەی لاركردنەوەی بۆ دەكرێت، كردنەوەشی بۆ دەكرێت، بەلاَم ئەوەی كردنەوەی بۆ دەكرێت مەرج نیە لاركردنەوەی بۆ بكرێت.



مەبەست لەلاركردنەوە یان كەم كردنەوە: ڕاگەیاندنە تا بزاندرێت بنچینەی ئەلیف پیتی یائە، یان ئاگاداركردنەوەیە لەسەر وەرگەڕانی بۆ پیتی(ی) لە شوێنێكی دیاریكراودا، یان دیاری كردنی هاوشێوەیە لەگەڵ ئەو كەسرەی كە نزیكیەتی.

مهزههبی
یهعقوب له ئیمالهی گهوره

- یهعقوب ئیمالهی ئهلیف دهکات له وشهی(أَعۡمَىٰ) له ئایهتی﴿وَمَن كَانَ فِي هَٰذِهِۦٓ أَعۡمَىٰ فَهُوَ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ﴾(ئیسراء:72) واته شوێنی یهکهم.

- ڕویس ئیمالهی ئهلیف دهکات له وشهی(كَٰفِرِينَ) له باری نهصبهو جهڕهدا ناسراوو نهناسراودا ڕهوحیش بهههمان شێوه بهژداره لهم وشه تهنها له یهك شوێن ئهویش ئایهتی﴿إِنَّهَا كَانَتۡ مِن قَوۡمٖ كَٰفِرِينَ﴾(نهمل :43).

- ڕهوح ئیمالهی پیتی(ی) دهکات له ئایهتی﴿يسٓ ۝١ وَٱلۡقُرۡءَانِ﴾[1] سهرهتای دهسپێکی سوڕهتی یس بهم شێوهیه(يسٓ).

- ڕهوح ئیمالهی پیتی(ی) دهکات له ئایهتی﴿يسٓ ۝١ وَٱلۡقُرۡءَانِ﴾ سهرهتای دهسپێکی سوڕهتی یس بهم شێوهیه(يسٓ).

تێبینی:

پێشهوا یهعقوب پیتی(م) له وشهی(مَجۡرِىٰهَا)(هود:41) ضهممهدار دهکات لهگهڵ فهتحهی پیتی(ر) بێ ئیماله بهم شێوهیه(مُجۡرَىٰهَا).

---

[1] لای یهعقوب تێکهڵکێشانی پیتی(ن) له پیتی(و) دروست دهبێت.

بابەتی ڕەسمی ڕەنووس

✓ **یەكەم:**

پیتی(ـت)ی فەتحەدار بەكار هاتوو بۆ(مێ):

ئەگەر پیتی(ـت)ی (مێ)ی بەكار هاتوو بۆ تاك بە فەتحەدار بنوسرێت، ئەوە لای یەعقوب پێویستە بە پیتی(ه) لەسەری بوستێت، ئەوەش لە سێزدە وشەدا هاتووە، دابەش دەبێت بۆ سەر چل و یەك شوێن بەم شێوەی خوارەوە[1]:

(فِطْرَتَ ، سُنَّتُ ، ٱمْرَأَتُ ، لَّعْنَتَ ، رَحْمَتَ ، نِعْمَتَ ، بَقِيَّتُ ، وَمَعْصِيَتِ ، كَلِمَتُ ، قُرَّتُ ، شَجَرَتَ، وَجَنَّتُ ، ٱبْنَتَ).

تێبینی:

شەش وشەی تر دەبێتە پاشكۆ بۆ پیتی(ـت)ی فەتحەدار بەكار هاتوو بۆ (مێ) بەم شێوەیە:

- (مَرْضَاتِ)(**بەقەرە:**270)[2] **لە هەر شوێنێك بێت.**
- (ذَاتَ بَهْجَةٍ)(**نەمل:**60)[3].

---

[1] **بۆ سود بینین لەم بابەتە، سەیری پاشكۆی ژمارە(**3**) بكە لە كۆتایی ئەم بەشەدا.**

[2] **لە ئایەتی**207 **تا** 265 **لە سورەتی بەقەرە، وئایەتی** 114**ی سورەتی** نیساء**، وئایەتی** 1**ی سورەتی تەحریم، وەستان لەسەری بە خوێندنەوەی پیتی(ت) ئەوە شێوەزارێكە لە ناو عەرەبەكاندا، دەڵێن** (هذا طلحت بالتاء) **بەڵام ئەوانی تر كە لەسەری دەوستن بەم شێوە دەوەستن لە كاتی خوێندنەوەی** (مرضاه) **پیتی(ت) دەكەنە پیتی(ه) لە كاتی وەستان دا، بەڵگەیان ئەوەیە دەیانەوێت جیاكاری بكەن لە نێوان پیتی(ت)ی لكاو بە ناوێك لەگەڵ پیتی(ت)ی لكاو بە فیعل (كار)** (قامت و ذهبت) **(القماش) لە تەفسیری ئایەتی**207**ی سورەتی بەقەرە**(وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَشْرِي نَفْسَهُ ابْتِغَاءَ مَرْضَاتِ اللَّهِ وَاللَّهُ رَءُوفٌ بِالْعِبَادِ) **بە دەست كاریەكی كەم.**

[3] **جگە لەم شوێنە هاتووە وەك وشەی**(ذات) **لە**(ذات لهب) **ئەوە باسی ئێمە نیە چونكە گشت قاریئەكان بە پیتی(ت) لەسەری دەوستن.**

- (ٱللَّٰتَ)(**نەجم**:19).
- (وَّلَاتَ حِينَ)(**ص**:3).
- (هَيۡهَاتَ)(موئمینون:36).

یەعقوب لەسەر ئەم پێنج وشە دەوەستێت بە پیتی(ت) وەك حەفص.

دەربارەی وشەی(يَٰٓأَبَتِ) **بەهەرشێوەیەك هاتبێت[1] یەعقوب لەباری وەستاندا بە پیتی(ه)[2] دەخوێنێتەوە بەم شێوەیە**(يَٰٓأَبَتِۚ).

ئەلمولا قاریئ(ﺭﻩ) **لە شەرحەكەیدا لەسەر پێشەكی(جەزەریەی شەش ئەلفاظەكەی) ڕابردوو هونراوەیەكی داناوە بەم شێوەیە:**

واللاتَ مع لات كذا مرضات   ويا أبت وذات مع هيهات

سەیری پاشكۆی ژمارە(3) **بكە لە كۆتایی ئەم بەشەدا.**

---

(1)**لە**(**یوسف**:4+100)،(**مەریەم**:42+44+45)،(**قەصەص**:26)،(**صافات**:102)**دا هاتووە.**

(2)(**یا ابت**): **بنچینەكەی**(**یا** أبي) **یە، بەڵام پیتی**(ی) **لابردراوە، دواتر قەرەبوكراوتەوە بە پیتی (ت)ی بەكارهاتوو بۆ مێ و كەسرەداركراوە –لەلای ئەوانەی كەسرەداری دەكەن– مەبەست لە كەسرەداركردنەكە تا كەسرەكە ببێتە بەڵگە لەسەر پیتی(ی)ی لابردراوو وەستان لەسەری بە پیتی(ی)، نوەیری دەفەرموێت: لە پەرتووكی (شەرحی** طيبة **النشر) ب**2**، لا**(63) **پیتی(ه) وازاندراوە لە وشەی(یا أبت) داندراوە بۆ ئەوانەی باسكران گەڕانەوەكەی بچێتە سەر پیتە هائەكە نەك وشەكە، بە هۆی نەنوسینی، خوێندنەوەی پێچەوانەی پیتی(ه) بنچینەكەی ئەوەیە هاووێنەی قەربوكردنەوەكەیە هەربۆیە ناكرێتە پیتی سەروژێر(ئیعراب).**

(3)**مەلا عەلی قاریء** ،(المنح الفكرية في شرح المقدمة الجزرية)(**دیمەشق**- دار الغوثاني للدراسات القرآنية) **چ**2، 2012 **لا**307.

✓ **دووەم:**

یەعقوب لەكاتی ناچاربوون بە وەستان یان كاتی هەڵسەنگاندن دەوەستێت لەسەر پیتی(ی) لە وشەی(وَكَأَيِّن) **لە هەر شوێنێك بێت لە قورئانی پیرۆز، وەك لە ئایەتی**﴿وَكَأَيِّنْ مِّن نَّبِيٍّ﴾**(ئالی عیمران:**146) **بەم شێوەیە**(وَكَأَيّْ) **هۆكاری وەستانەكەش لەسەر پیتی(ی) ئەوەیە كە بنچینەی وشەی**(أيٍّ) **بە تەنوینە، دواتر پیتی(ك)ی چۆتە سەر بۆ پێچواندن، ئەو نوندارە بە جەرە، وەك**(كعليٍّ) **یەعقوب دەوەستێت لەسەر**(أي) **بە لابردنی تەنوین، چونكە لەباری وەستاندا تەنوین لادەچێت، وەهۆی نوسینی لە موصحەفدا بە پیتی(ن) بەهۆی وشەی لكاندنەوەیە.**

✓ **سێیەم:**

یەعقوب لە دوای پیتی(ه) بە ئەلیف دەوەستێت لەسەر وشەی(أَيُّهَ) **لە سێ شوێنەكەیدا**﴿أَيُّهَ ٱلْمُؤْمِنُونَ﴾**(نور:**31)﴿يَـٰٓأَيُّهَ ٱلسَّاحِرُ﴾**(زوخروف:**49)﴿أَيُّهَ ٱلثَّقَلَانِ﴾ **(ڕەحمان:**31)**، هەر وك چۆن لە گشت وشەكانی وەك**(أيها) **وایە.**

✓ **چوارەم:**

ڕەویس دەوەستێت بە گۆڕینی پیتی(ن) بە ئەلیف لەسەر وشەی(نَذْهَبَنَّ) **ئەوەش هاتووە لە ئایەتی**﴿فَإِمَّا نَذْهَبَنَّ بِكَ فَإِنَّا مِنْهُم مُّنتَقِمُونَ﴾**(زوخروف:**41)[1]**، بەم شێویە**(نَذْهَبَا).

پێنجەم: ڕویس بە لابردنی شەدەی پیتی(ل) دەخوێنێتەوە لە وشەی(أَلَّا يَسْجُدُواْ) **لە ئایەتی**﴿أَلَّا يَسْجُدُواْ لِلَّهِ ٱلَّذِى يُخْرِجُ ٱلْخَبْءَ فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾**(نەمل:**25)**، بەم شێوەیە**(أَلَا يَا ٱسْجُدُواْ) **وبۆی هەیە بوەستێت بە هەڵسەنگاندن لەسەر وشەی**(أَلَا يَا) **بە یەكەوە، ودەستپێدەكات بە وشەی**(ٱسْجُدُواْ) **لەگەڵ ضەممەداركردنی هەمزەی لكاو،**

---

[1] **ڕویس وشەی**(نَذْهَبَنَّ) **بە لابردنی شەدەی پیتی(ن)ی دووەم دەخوێنێتەوە، دواتر پیتی(ن) وەردەگێڕێت لەگەڵ دوای خۆی، لە ڕابردو باسمان كرد.**

وههروها ههڵسهنگاندنی بۆ ههیه لهسهر وشهی(أَلَا) به تهنها، دواتر وهستان لهسهر وشهی(يَا) ئینجا دهستبكات به(ٱسۡجُدُواْ) لهگهڵ ضهممهداركردنی ههمزهی لكاو، بهڵام لهباری ههڵبژاردندا دروست نیه بوهستێت لهسهر(أَلَا)و (يَا) بهڵكو لكاندن دیاری دهكرێت به(ٱسۡجُدُواْ)لهگهڵ رِهچاوكردنی لابردنی ئهلیف له(يَا) له كاتی لكاندنی به(ٱسۡجُدُواْ) بههۆی گهیشتنه دوو زهنهدار بهیهكتر[1].



[1] بۆ سود بینین لهم بابهته، سهیری پاشكۆی ژماره(4) بكه له كۆتایی ئهم بهشهدا.

هائی سەکت

هائی سەکت هائێکی زەنەدارە دەچێتە کۆتایی وشە، بەکاردێت بە مەبەستی دەرخستنی پیتی کۆتایی یان دەرخستنی جوولەی کۆتایی لەم وشەی کە پیتە هائەکەی چۆتە سەر، ئەمەش بۆ گرنگی یان زێدەڕەوی کردنە، زەننەدار دەکرێت لە باری وەستان و نەوەستاندا، عەرەب بەمەبەستی گەیاندنی واتاو تێگەشتنی کەسی بەرانبەر بەکاری دەهێنن، بۆ نمونە لە سورەتی حاقە کاتێك پەروەردگار ویستی بۆ بێبڕواکان ڕونبکاتەوە کە پەشیمان دەبنەوە لە ڕۆژی دوایی، ئەو کاتە پیتی(ه)ی سەکتی بەکارهینا لە(ماليه، سلطانيه)[1].

مەنهەجی پێشەوا یەعقوب دەربارەی پیتی(ه)ی سەکت بە پێی ئەو باسکردنەی خوارەوە:

أ. یەعقوب دەوەستێت بە پیتی(ه)ی سەکت لەسەر ڕاناوی کەسی سێیەم لە(هُوَ ، هِيَ) جیاوازیشی نیە ئایە وشەکە موجەرەدە واتا هیچ پیتێکی زیادەی پێوە نیە یان بکەوێتە دوای پیتی(و)یان (ف)یان (ل)ی زیادە وەك(وَهُوَ، وَهِيَ، فَهُوَ، فَهِيَ، لَهُوَ، لَهِيَ)[2] بەم شێوەیە(هُوَّ ، هِيَّ ، وَهُوَّ ، وَهِيَّ ، فَهُوَّ ، فَهِيَّ ، لَهُوَّ ، لَهِيَّ).

ب. یەعقوب دەوەستێت بە پیتی(ه)ی سەکت لەسەر پیتی(ن)ی شەددەدار لە ڕاناوی کۆ بەکار هاتوو بۆ مێی کەسی سێیەم، بە مەرجێك پیتی(ه)ی ڕاناو بکەوێتە پێش پیتی(ن) وەك(هُنَّ، لَّهُنَّ، بَـٰشِرُوهُنَّ، وَبُعُولَتُهُنَّ، بِرَدِّهِنَّ ، عَلَيۡهُنَّ، أَجَلَهُنَّ، طَلَّقۡتُمُوهُنَّ) بەم شێوەیە(هُنَّ ، لَّهُنَّ ، بَـٰشِرُوهُنَّ ، وَبُعُولَتُهُنَّ ، بِرَدِّهِنَّ ، عَلَيۡهُنَّ ، أَجَلَهُنَّ ، طَلَّقۡتُمُوهُنَّ).

---

[1] بۆ زیاتر سود بینین سەیری پاشکۆی ژمارە(5) بکە لە کۆتایی بەشی ئوصولْ.

[2] ئەم ئایەتە (يَشۡتَرِي لَهۡوَ ٱلۡحَدِيثِ)(لوقمان:6) نابێتە پاشکۆ بۆ ئەم بابەتە، چونکە ناوێکی ئاشکرایە نەك ڕاناو.

ئه‌گه‌ر له‌ پێش پیتی(ن) پیتی(ه)ی ڕاناو نه‌هاتبێت ئه‌وه‌ ناوه‌ستێت به‌ پیتی(ه)ی سه‌كت، به‌ڵكو له‌سه‌ر پیتی(ن) ده‌وه‌ستێت وه‌ك حه‌فص، به‌م شێوه‌ی(كَيۡدَكُنَّ، أُحۡصِنَّ، يُرۡضِعۡنَ، يَغۡضُضۡنَ، وَيَحۡفَظۡنَ، وَلۡيَضۡرِبۡنَ، يَضَعۡنَ).

ت. یه‌عقوب ده‌وه‌ستێت به‌ پیتی(ه)ی سه‌كت له‌سه‌ر پیتی(ی)ی قسه‌كه‌ری شه‌ده‌داری نه‌گۆڕ(مه‌بنی) وه‌ك(بِمُصۡرِخِيَّ، لَدَيَّ ، إِلَيَّ ، عَلَيَّ، بِيَدَيَّ ، يَبُنَيَّ ، وَلِوَٰلِدَيَّ ، ٱبۡنَتَيَّ) **به‌م شێوه‌یه**‌(بِمُصۡرِخِيَّهۡ، لَدَيَّهۡ، إِلَيَّهۡ ، عَلَيَّهۡ ، بِيَدَيَّهۡ ، يَبُنَيَّهۡ ، وَلِوَٰلِدَيَّهۡ، ٱبۡنَتَيَّهۡ).

ث. یه‌عقوب ده‌وه‌ستێت به‌ پیتی(ه)ی سه‌كت له‌سه‌ر پیتی(مَا)ی پرسیاری كه‌ پیتی جه‌ڕه‌ی له‌ پێشدا هاتبێت، ئه‌وه‌ش له‌ پێنج شوێندا له‌م وشانه‌(عَمَّ، مِمَّ، بِمَ، فِيمَ، لِمَ) **به‌م شێوه‌یه‌**(عَمَّهۡ، مِمَّهۡ، بِمَهۡ، فِيمَهۡ، لِمَهۡ) **ڕونكردنه‌وه‌شیان به‌م شێوه‌یه‌:**

- **وشه‌ی**(عَمَّ) **ته‌نها له‌ یه‌ك شوێندا هاتووه‌، ئه‌ویش ئایه‌تی**﴿عَمَّ يَتَسَآءَلُونَ﴾(**نه‌به‌ء**:1).
- **وشه‌ی**(مِمَّ) **ته‌نها له‌ یه‌ك شوێندا هاتووه‌، ئه‌ویش ئایه‌تی**﴿فَلۡيَنظُرِ ٱلۡإِنسَٰنُ مِمَّ خُلِقَ ﴾ (طاریق:5).
- **وشه‌ی**(بِمَ) **ته‌نها له‌ دوو شوێندا هاتووه‌ ئه‌وانیش:**

  أ. **ئایه‌تی**﴿فَنَاظِرَةُۢ بِمَ يَرۡجِعُ ٱلۡمُرۡسَلُونَ﴾(**نه‌مل**:35).

  ب. **ئایه‌تی**﴿قَالَ أَبَشَّرۡتُمُونِي عَلَىٰٓ أَن مَّسَّنِيَ ٱلۡكِبَرُ فَبِمَ تُبَشِّرُونَ﴾(**حیجر**:54).

- **وشه‌ی**(فِيمَ) **ته‌نها له‌ دوو شوێندا هاتووه‌ ئه‌وانیش:**

  أ. **ئایه‌تی**﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ تَوَفَّىٰهُمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ ظَالِمِيٓ أَنفُسِهِمۡ قَالُواْ فِيمَ كُنتُمۡۖ﴾(**نیساء**:97).

  ب. **ئایه‌تی**﴿فِيمَ أَنتَ مِن ذِكۡرَىٰهَآ﴾(**نازیعات**:43).

- **وشه‌ی**(لِمَ) **له‌ چه‌ند شوێنێكی جیا هاتووه‌ وه‌ك:**

أ. **ئایەتی**﴿يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لِمَ تَكۡفُرُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَأَنتُمۡ تَشۡهَدُونَ﴾(**ئالی عیمران**:70).

ب. **ئایەتی**﴿قُلۡ فَلِمَ يُعَذِّبُكُم بِذُنُوبِكُمۖ﴾(**مائیده**:111).

ت. **ئایەتی**﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفۡعَلُونَ﴾(**صەف**:2).

ث. **ئایەتی**﴿وَإِذۡ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوۡمِهِۦ يَٰقَوۡمِ لِمَ تُؤۡذُونَنِي وَقَد تَّعۡلَمُونَ أَنِّي رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيۡكُمۡۖ﴾(**صەف**:5).

ج. **ئایەتی**﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكَۖ﴾(**تەحریم**:1).

ح. **پێشەوا یەعقوب لەباری وەستاندا: پیتی(ه)ی سەکت دەخوێنێتەوە، ولەباری نەوەستاندا: لایدەبات لە حەوت شوێندا**[1]:

1. **وشەی**(يَتَسَنَّهۡۖ) **له ئایەتی**﴿فَٱنظُرۡ إِلَىٰ طَعَامِكَ وَشَرَابِكَ لَمۡ يَتَسَنَّهۡۖ وَٱنظُرۡ إِلَىٰ حِمَارِكَ﴾(**بەقەرە**:259) **له باری نەوەستاندا: بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە**(لَمۡ يَتَسَنَّهۡۖ وَٱنظُرۡ) **بەڵام له باری وەستاندا: دەبێتە**(يَتَسَنَّهۡۖ).

2. **وشەی**(ٱقۡتَدِهۡۗ)[2] **له ئایەتی**﴿فَبِهُدَىٰهُمُ ٱقۡتَدِهۡۗ قُل لَّآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ أَجۡرًاۖ﴾(**ئەنعام**:90) **له باری نەوەستاندا: بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە**(ٱقۡتَدِهۡۗ قُل) **بەڵام له باری وەستاندا: دەبێتە**(ٱقۡتَدِهۡۗ).

---

(1) پیتی(ه)ی سەکت له حەوت وشەدا هاتووه له قورئانی پیرۆز له نۆ شوێندا، ئەوەی باسکرا یەکێکه له نۆ شوێنەکان.

(2) بۆچونی جیاواز هەیه لەسەر پیتی(ه) له وشەی(اقتده) ئەوەیان پیتی(ه)ی سەکت لەسەر بۆچونی ڕاست.

3. **وشەی**(كِتَٰبِيَهۡ) **له ئایەتی**﴿هَآؤُمُ ٱقۡرَءُواْ كِتَٰبِيَهۡ ١٩ إِنِّي ظَنَنتُ﴾(**حاقه**:19) **له باری نەوەستاندا بەم شێوەیە دەخوێنێتەوە**(كِتَٰبِيَهۡ ١٩ إِنِّي) **بەلاّم له باری وەستاندا بەم شێوەیە دەخوێنێتەوە**(كِتَٰبِيَهۡ) **وئایەتی**﴿فَيَقُولُ يَٰلَيۡتَنِي لَمۡ أُوتَ كِتَٰبِيَهۡ ٢٥ وَلَمۡ أَدۡرِ﴾(**حاقه**:19)، **له باری نەوەستاندا بەم شێوەیە دەخوێنێتەوە**(كِتَٰبِيَهۡ ٢٥ وَلَمۡ) **بەلاّم له باری وەستاندا بەم شێوەیە دەخوێنێتەوە**(كِتَٰبِيَهۡ).

4. **وشەی**(حِسَابِيَهۡ) **له ئایەتی**﴿إِنِّي ظَنَنتُ أَنِّي مُلَٰقٍ حِسَابِيَهۡ ٢٠ فَهُوَ فِي عِيشَةٖ رَّاضِيَةٖ﴾ (**حاقه**:20) **لەباری نەوەستاندا بەم شێوەیە دەخوێنێتەوە**(حِسَابِيَهۡ ٢٠ فَهُوَ) **بەلاّم له باری وەستاندا بەم شێوەیە دەخوێنێتەوە**(حِسَابِيَهۡ)، **وئایەتی**﴿وَلَمۡ أَدۡرِ مَا حِسَابِيَهۡ ٢٦ يَٰلَيۡتَهَا كَانَتِ ٱلۡقَاضِيَةَ﴾(**حاقه**:26) **لەباری نەوەستاندا بەم شێوەیە دەخوێنێتەوە**(حِسَابِيَهۡ ٢٦ يَٰلَيۡتَهَا) **بەلاّم له باری وەستاندا بەم شێوەیە دەخوێنێتەوە**(حِسَابِيَهۡ).

5. **وشەی**(مَالِيَهۡۜ) **له ئایەتی**﴿مَآ أَغۡنَىٰ عَنِّي مَالِيَهۡۜ ٢٨ هَلَكَ عَنِّي سُلۡطَٰنِيَهۡ﴾(**حاقه**:28) **لەباری نەوەستاندا بەم شێوەیە دەخوێنێتەوە**(مَالِيَهۡ ٢٨ هَلَكَ) **بەلاّم له باری وەستاندا بەم شێوەیە دەخوێنێتەوە**(مَالِيَهۡ) **قسەمان لەسەر کرد له بابەتی پیتی(ه)ی سەکت له ڕابردودا.**

6. **وشەی**(سُلۡطَٰنِيَهۡ) **له ئایەتی**﴿هَلَكَ عَنِّي سُلۡطَٰنِيَهۡ ٢٩ خُذُوهُ فَغُلُّوهُ﴾(**حاقه**:29) **لەباری نەوەستاندا بەم شێوەیە دەخوێنێتەوە**(سُلۡطَٰنِيَهۡ ٢٩ خُذُوهُ) **بەلاّم له باری وەستاندا بەم شێوەیە دەخوێنێتەوە**(سُلۡطَٰنِيَهۡ).

7. **وشەی**(مَا هِيَهۡ) **له ئایەتی**﴿وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا هِيَهۡ ۝١٠ نَارٌ حَامِيَةُۢ﴾(**قاریعه**:10) **لەباری نەوەستاندا بەم شێوەیە دەخوێنێتەوە**(مَا هِيَهْ ۝١٠ نَارٌ) **بەڵام له باری وەستاندا بەم شێوەیە دەخوێنێتەوە**(مَا هِيَهۡ).

خ. ڕوێس دەوەستێت بە پیتی(ه)ی سەكەت لەسەر وشەی(يَٰوَيۡلَتَىٰٓ) **كە هاتووە لە سوڕەتەكانی**(**مائیده**:31)**و** (**هود**:72) **وئایەتی**﴿يَٰوَيۡلَتَىٰ لَيۡتَنِي لَمۡ أَتَّخِذۡ فُلَانًا خَلِيلًا﴾(**فوڕقان**:28) **لەگەڵ درێژكردنەوەی پێویست بە ئەندازەی شەش جوله**.

د. ڕوێس دەوەستێت لەسەر پیتی(ه)ی سەكەت لەسەر وشەی(يَٰٓأَسَفَىٰ) **كە هاتووە له ئایەتی**﴿وَقَالَ يَٰٓأَسَفَىٰ عَلَىٰ يُوسُفَ﴾(**یوسف**:84) **لەگەڵ درێژكردنەوەی پێویست بە ئەندازەی شەش جوله**.

ذ. ڕوێس دەوەستێت لەسەر پیتی(ه)ی سەكەت لەسەر وشەی(يَٰحَسۡرَتَىٰ) **كە هاتووە له ئایەتی**﴿أَن تَقُولَ نَفۡسٞ يَٰحَسۡرَتَىٰ عَلَىٰ مَا فَرَّطتُ فِي جَنۢبِ ٱللَّهِ﴾(**زومەڕ**:56) **لەگەڵ درێژكردنەوەی پێویست بە ئەندازەی شەش جوله**.

ر. ڕوێس دەوەستێت لەسەر پیتی(ه)ی سەكەت لەسەر وشەی(ثَمَّ) **بە فەتحەی پیتی**(ث) **ئەوەش لە چوار شوێندا هاتووە**﴿فَأَيۡنَمَا تُوَلُّواْ فَثَمَّ وَجۡهُ ٱللَّهِۚ﴾ (**بەقەرە**:115) ﴿وَأَزۡلَفۡنَا ثَمَّ ٱلۡأٓخَرِينَ﴾ (**شوعەرا**:64) ﴿وَإِذَا رَأَيۡتَ ثَمَّ رَأَيۡتَ نَعِيمٗا﴾ (**ئینسان**:20) ﴿مُّطَاعٖ ثَمَّ أَمِينٖ﴾ (**تەكویر**:21).

بابه‌تی یائی دانه‌پاڵ

یائی دانه پاڵ (ئیضافه):- ئه‌و پیته یائه‌یه عه‌ره‌ب به‌كاری دێنن بۆ ده‌ربڕینی كه‌سی قسه‌كه‌ری تاك وه‌ك: ﴿ بِكِتَابِي ﴾، پیتی یائی دانه‌پاڵ له دروست بوونی وشه (له بنچینه‌ی وشه‌كه‌دا پیتی یائی پێوه نیه به‌ڵام بۆی زیاد كراوه) به وشه‌ی (زیاده) ئه‌و پیته یائه ناگرێته‌وه كه زیاده نیه و بنچینه‌ی خۆیه‌تی وه‌ك:(يَهْدِى ، سَوَاءٌ)، به وشه‌ی (تاك) ئه‌و پیته یائه ده‌رچوو كه بۆ تاك به‌كار نه‌هاتووه وه‌ك: ﴿ حَاضِرِى ﴾ پیتی (ی) له‌م وشه‌دا بۆ جه‌معی موزه‌كه‌ری سالم به كار هاتووه نه‌ك بۆ تاك (مفرد)به وشه‌ی (قسه‌كه‌ر) ئه‌و پیته یائه ناگرێته‌وه كه بۆ كه‌سی دووه‌م (مخاطب) به كارهاتووه وه‌ك: ﴿ فَكُلِى وَٱشْرَبِى ﴾.

یائی دانه‌پاڵ: ده‌چێته سه‌ر ناو (اسم) وكار (فعل) وپیت (حرف) وه‌ك:
(سَبِيلِى، ذَرُونِى، فَإِنِّى).

ئه‌گه‌ر (ی)ی دانه‌پاڵ چووه سه‌ر فرمان (فعل) ده‌بێته به‌ركار (مفعول به)، وه‌ك:
﴿ أَوْزِعْنِى ﴾ **سوره‌تی نه‌مل ، ئایه‌تی**19.

وئه‌گه‌ر یائی دانه‌پاڵ له‌گه‌ڵ ناو بوو ده‌بێته مه‌جرور، وه‌ك: ﴿ ذِكْرِى ﴾ **سوره‌تی** طه. **ئایه‌تی**14.

یائی دانه‌پاڵ له‌گه‌ڵ پیت ده‌بێته مه‌جروری شوێنی، به‌ڵام ده‌بێته مه‌نصوبی شوێنی ئه‌گه‌ر له‌گه‌ڵ (إنَّ) خوشكه‌كانی هات (إنَّ واخواتها) نمونه‌ی پیتی (ی)ی دانه‌پاڵ ی لكاو به پیت، جه‌ره‌ی وه‌رگرتبێت، وه‌ك: ﴿ وَلِىَ دِينِ ﴾ **سوره‌تی كافرون، ئایه‌تی**6.

نمونه‌ی پیتی (ی)ی دانه‌پاڵ ی لكاو به پیت له‌گه‌ڵ (إنَّ) خوشكه‌كانی، نه‌صبه‌ی وه‌رگرتبێت، وه‌ك: ﴿ إِنِّىٓ أَخَافُ ﴾ **سوره‌تی ئه‌نعام، ئایه‌تی**15.

نیشانه‌ی یائی دانه‌پاڵ ئه‌وه‌یه بتواندرێت پیتی (ك)یان پیتی (ه) بخرێته شوێنی، وه‌ك: (فَطَرَنِي) ده‌بێته فطرك و فطره.

عه‌ره‌ب یائی دانه‌پاڵ زه‌نه‌دار ده‌كات وهه‌ندێ جار فه‌تحه‌داری ده‌كات.

گوتراوه زه‌نه‌دار كردنی پیتی (ی)ی دانه‌پاڵ بنچینه‌یه، چونكه خۆی مه‌بنیه (نه‌گۆڕه له جووڵه‌دا) بنچینه‌ی مه‌بنی (نه‌گۆڕ له جووڵه‌دا) زه‌نه‌داریه.

یائی دانه‌پاڵ له زۆربه‌ی شوێندا له قورئانی پیرۆز به زه‌نه‌داری هاتووه.

هه‌ندێك ده‌ڵێن فه‌تحه‌داركردنی یائی دانه‌پاڵ بنچینه‌ی دووه‌مه، واتا فه‌تحه‌داری بنچینه‌یه‌و زه‌نه‌داریشی به‌هه‌مان شێوه بنچینه‌یه، چونكه یائه‌كه ناوه، ئه‌و ناوه‌ی كه ده‌بێته پیت ڕه‌فعه وه‌رناگرێت به‌هێز ده‌بێت به جووڵه‌و حه‌ره‌كه، فه‌تحه‌داركردن بۆ سوك كردنه، به‌ڵام بۆچوونی یه‌كه‌م به‌هێزتره.


له قورئانی پیرۆز پیتی(ی)ی دانه‌پاڵ(876) جاره هاتووه، دابه‌ش ده‌بێت به‌سه‌ر سێ به‌ش، به‌م شێوه‌ی خواره‌وه:

1. قوڕائه‌كان یه‌ك ده‌نگن له‌سه‌ر پیتی(ی)ی دانه‌پاڵ كه زه‌نه‌دار ده‌كرێت، ئه‌وه‌شیان زۆر ترینه، وه‌ك(إِنِّي جَاعِلٌ)(به‌قه‌ره:30)، كۆی گشتی(ی)ی دانه‌پاڵ به‌م شێوه ده‌گاته(566) یاء.

2. قوڕائه‌كان یه‌ك ده‌نگن له‌سه‌ر پیتی(ی)ی دانه‌پاڵ كه فه‌تحه‌دار ده‌كرێت، وه‌ك(بَلَغَنِيَ ٱلۡكِبَرُ)(ئالی عیمڕان:40)، كۆی گشتی(ی)ی دانه‌پاڵ به‌م شێوه ده‌گاته(98) پیتی(ی).

3. قوڕائه‌كان بۆچوونی جیایان هه‌یه له‌سه‌ر پیتی(ی)ی دانه‌پاڵ، ئایه فه‌تحه‌دار ده‌كرێت یان زه‌ننه‌دار، كۆی گشتی(ی)ی دانه‌پاڵ به‌م شێوه ده‌گاته(212) پیتی یاء، ئه‌وه‌ش له‌سه‌ر شه‌ش به‌ش ده‌بێت بۆ ئه‌وه‌ی له دوای خۆی دێت.

جۆره‌كانی یائی دانه‌پاڵ



مه‌زهه‌بی
یه‌عقوب له‌سه‌ر یائی دانه‌پاڵ

- یه‌عقوب هه‌مو پیته یائێكی دانه‌پاڵ كه هه‌مزه‌ی پچڕاوی به فه‌تحه به‌دوا هاتبێت له هه‌مو قورئانی پیرۆز زه‌نه‌داری ده‌كات وه‌ك(إِنِّي أَعْلَمُ).

- یه‌عقوب هه‌مو پیته یائێكی دانه‌پاڵ كه هه‌مزه‌ی پچڕاوی به كه‌سره به‌دوا هاتبێت له هه‌مو قورئانی پیرۆز زه‌نه‌داری ده‌كات وه‌ك(قَالَ مَنْ أَنصَارِي إِلَى ٱللَّهِۖ).

- یه‌عقوب هه‌مو پیته یائێكی دانه‌پاڵ كه هه‌مزه‌ی پچڕاوی به ضه‌ممه به‌دوا هاتبێت له هه‌مو قورئانی پیرۆز زه‌نه‌داری ده‌كات وه‌ك(إِنِّي أُرِيدُ).

- یه‌عقوب هه‌مو پیته یائێكی دانه‌پاڵ كه هه‌مزه‌ی نه‌لكاوی به (ال)ی ناسراو به‌دوا هاتبێت له هه‌مو قورئانی پیرۆز فه‌تحه‌داری ده‌كات وه‌ك(رَبِّيَ ٱلَّذِي يُحۡيِۦ وَيُمِيتُ) ته‌نها له سێ شوێن نه‌بێت به‌م شێوه‌یه:

1. ئایه‌تی﴿يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ﴾(عه‌نكه‌بوت:56) یه‌عقوب ئه‌م شوێنه به زه‌نه ده‌خوێنێته‌وه.

2. ئایه‌تی﴿قُلۡ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسۡرَفُواْ﴾(زومه‌ڕ:53) یه‌عقوب ئه‌م شوێنه به زه‌نه ده‌خوێنێته‌وه.

3. ئایه‌تی﴿قُل لِّعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ يُقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ﴾(ئیبراهیم:31) ڕه‌وح ئه‌م شوێنه به زه‌نه ده‌خوێنێته‌وه، به‌ڵام له‌باری نه‌وه‌ستاندا: لاده‌بردرێت به‌هۆی گه‌یشتنه دوو زه‌نه به‌یه‌كتر، ورویس به فه‌تحه ده‌خوێنێته‌وه وه‌ك حه‌فص، به‌ڵام هه‌ر

قاریئێك ئەگەر زەنەداری بکات دەتوانێت لایبدات لەباری نەوەستاندا چونکە دوای ئەو زەنەیە.

- **یەعقوب هەمو پیتە یائێکی دانەپاڵ کە هەمزەی لکاوی تاك بەدوا هاتبێت لە هەمو قورئانی پیرۆز زەنەداری دەکات وەك**(إِنِّي ٱصۡطَفَيۡتُكَ) **تەنها لە دوو شوێندا نەبێت ئەوانیش:**

1. **ئایەتی**﴿وَمُبَشِّرَۢا بِرَسُولٖ يَأۡتِي مِنۢ بَعۡدِي ٱسۡمُهُۥٓ أَحۡمَدُۖ﴾**(صەف:6) یەعقوب ئەم شوێنە بە فەتحە دەخوێنێتەوە.**

2. **ئایەتی**﴿إِنَّ قَوۡمِي ٱتَّخَذُواْ هَٰذَا﴾**(فورقان:30) ڕەوح ئەم شوێنە بە فەتحە دەخوێنێتەوە، بەڵام ڕویس بە زەنە دەخوێنێتەوە وەك حەفص.**

- **یەعقوب هەمو پیتە یائێکی دانەپاڵ کە هەمزەی لەدوا نەهاتبێت زەنەداری دەکات تەنها لە دوو شوێن نەبێت:**

1. **ئایەتی**﴿وَنُسُكِي وَمَحۡيَايَ﴾**(ئەنعام:162) یەعقوب ئەم شوێنە بە فەتحە دەخوێنێتەوە.**

2. **ئایەتی**﴿يَٰعِبَادِ لَا خَوۡفٌ عَلَيۡكُمُ ٱلۡيَوۡمَ﴾**(زوخروف:68) ڕویس ئەم شوێنە بە پیتی(ی)ی زەنەدار دەخوێنێتەوە بە ڕەها، بەم شێوەیە**(يَٰعِبَادِيَ)**، بەڵام ڕەوح بە لابردنی پیتی(ی) دەخوێنێتەوە بە ڕەها وەك حەفص.**

بابه‌تی یائه‌كانی زیاده

(ی)ی زیاده: ئه‌و یائه‌یه كه ده‌كه‌وێته كۆتایی وشه، له خوێندنه‌وه‌دا ده‌رده‌كه‌وێت به زێده‌یی له نوسینی قورئانی پیرۆزدا.

یائی زیاده یان ده‌بێته(ل) له وشه‌دا(فعل) یان ده‌بێته یائی قسه كه‌ر(ياء المتكلم)

یائی زیاده ده‌چێته سه‌ر ناو(اسم) وده‌چێته سه‌ر كار(فعل) به‌ڵام ناچێته سه‌ر پیت(حرف) وه‌ك{أُجِيبُ دَعۡوَةَ ٱلدَّاعِ إِذَا دَعَانِۖ فَلۡيَسۡتَجِيبُواْ لِي}[(1)].

یائی زیاده به پیتێكی زێده ئه‌ژمار ده‌كرێت لای ئه‌و كه‌سانه‌ی كه جێگیریان كردووه(واتا ده‌یخوێننه‌وه)، به‌ڵام ئه‌وانه‌ی جێگیری ناكه‌ن(واتا نایخوێننه‌وه) به زیادی دانانێن.

پێشه‌وا شاطبی ئاماژه‌ی به‌(ی)ی زیاده كردووه له‌م هونراوه:

وَدُونَكَ يَاءَاتٍ تُسَمّى زَوَائِدَا　　　لأَنْ كُنَّ عَنْ خَطِّ المَصَاحِفِ مَعْزِلاَ

[(1)] پیتی(ی)ی زیاده جێگیر بووه له هه‌ردوو وشه‌(الداعي، دَعاني)، به ڕه‌هایی هاتووه له‌لای یه‌عقوب واته له باری وه‌ستان و نه‌وه‌ستاندا به‌ڵام له‌باری وه‌ستان لای وه‌رش و ئه‌بو جه‌عفه‌رو قالون له‌یه‌ك له شێوه‌كاندا ده‌خوێندرێته‌وه.

(ی)ی زیادە دەكەوێتە كۆتایی وشە بەڵام نانوسرێت ولكاو ناكرێت بە وشە، بەڵكو تەنها دەكەوێتە كۆتایی وشە بەڵام پێوە نالكێندرێت ئەوەش دوو بەشی هەیە:

1-ئەوەی زیادە لە وشە وەك(نَكِيرِ، وَعِيدِ، أَكْرَمَنِ).

2-ئەوەی بنچینەی خۆیەتی وەك(ٱلْمُنَادِ، يَسْرِ).

لەباری نەوەستاندا جیگیردەكرێت لای ئەو كەسانەی دیخوێننەوە ولەباری نەوەستاندا لادەبردرێت.



حوكمی
یائی زیاده لای یه‌عقوب

مه‌زهه‌بی یه‌عقوب بریتیه له خوێندنه‌وه‌ی هه‌مو پیته یائێكی زیاده به ڕه‌ها له باری وه‌ستان و نه‌وه‌ستاندا، جیاوازیشی نیه ئایه له ناوه‌ڕاستی ئایه‌تدا بێت یان له سه‌ره‌تادا، ته‌نها ئه‌وه نه‌بێت كه خۆی جیای كردۆته‌وه كه ئه‌مانه‌ن:

❖ **یه‌عقوب پیتی(ی)ی زیاده لاده‌بات له ئایه‌تی**﴿إِنَّهُۥ مَن يَتَّقِ وَيَصۡبِرۡ﴾(**یوسف**:90).

❖ **ڕویس پیتی(ی)ی زیاده ده‌خوێنێته‌وه به ڕه‌ها له ئایه‌تی**﴿يَٰعِبَادِ فَٱتَّقُونِ﴾(**زومه‌ر**:16)[1].

❖ **ڕویس پیتی(ی)ی زه‌نه‌داری زیاده به ڕه‌ها ده‌خوێنێته‌وه له ئایه‌تی**(يَٰعِبَادِ لَا خَوۡفَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡيَوۡمَ)(**زوخروف**:68)[2] **به‌م شێوه‌یه**(يَٰعِبَادِي)، **به‌ڵام ڕه‌وح پیتی(ی) لاده‌بان به ڕه‌ها وه‌ك حه‌فص، پێشتر قسه‌مان له‌سه‌ر كرد له بابه‌تی پیتی(ی)ی دانه‌پاڵ، وئه‌م جۆره یائه‌ش ڕه‌نوس كراوه له موصحه‌فی خه‌ڵكی مه‌دینه‌و حیجاز به پیتی(ی) به‌ڵام له موصحه‌فی خه‌ڵكی عیراق به‌بێ پیتی یائه.**

❖ **یه‌عقوب به پیتی(ی)ی ده‌خوێنێته‌وه له‌باری وه‌ستاندا، به‌ڵام له باری نه‌وه‌ستاندا لایده‌بات به‌هۆی گه‌یشتنه دوو زه‌نه به‌یه‌كتر، ئه‌وه‌ش له شازده شوێندا به‌م شێوه‌ی خواره‌وه:**

---

(1) **یه‌عقوب پیتی(ی)ی زیاده به ڕه‌ها ده‌خوێنێته‌وه‌له وشه‌ی**(فَٱتَّقُونِ).

(2) **وشه‌ی**(خَوۡفٌ) **به فه‌تحه‌ی پیتی(ف) ده‌خوێنێته‌وه بێ ته‌نوین.**

1) ئایەتی﴿وَمَن يُؤْتِ ٱلْحِكْمَةَ﴾[1](بەقەرە:269).

2) ئایەتی﴿وَسَوْفَ يُؤْتِ ٱللَّهُ ٱلْمُؤْمِنِينَ أَجْرًا عَظِيمًا﴾(نیساء:146).

3) ئایەتی﴿فَلَا تَخْشَوْهُمْ وَٱخْشَوْنِۚ ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ﴾(مائیده:3).

4) ئایەتی﴿إِنِ ٱلْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِۖ يَقْضِ ٱلْحَقَّۖ﴾[2](ئەنعام:57).

5) ئایەتی﴿كَذَٰلِكَ حَقًّا عَلَيْنَا نُنجِ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾(یونس:103).

6) ئایەتی﴿إِنَّكَ بِٱلْوَادِ ٱلْمُقَدَّسِ طُوًى﴾[3](طه:12).

7) ئایەتی﴿وَإِنَّ ٱللَّهَ لَهَادِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ﴾(حەج:54).

8) ئایەتی﴿حَتَّىٰٓ إِذَآ أَتَوْاْ عَلَىٰ وَادِ ٱلنَّمْلِ قَالَتْ نَمْلَةٌ﴾(نەمل:18).

9) ئایەتی﴿وَمَآ أَنتَ بِهَٰدِ ٱلْعُمْيِ عَن ضَلَٰلَتِهِمْۖ﴾(ڕوم:53).

10) ئایەتی﴿إِن يُرِدْنِ ٱلرَّحْمَٰنُ بِضُرٍّ لَّا تُغْنِ عَنِّي شَفَٰعَتُهُمْ﴾(یس:23).

11) ئایەتی﴿إِلَّا مَنْ هُوَ صَالِ ٱلْجَحِيمِ﴾(صافات:163).

12) ئایەتی﴿وَٱسْتَمِعْ يَوْمَ يُنَادِ ٱلْمُنَادِ مِن مَّكَانٍ قَرِيبٍ﴾[4](ق:41).

13) ئایەتی﴿حِكْمَةٌۢ بَٰلِغَةٌۖ فَمَا تُغْنِ ٱلنُّذُرُ﴾ (قەمەڕ:5).

14) ئایەتی﴿وَلَهُ ٱلْجَوَارِ ٱلْمُنشَـَٔاتُ فِى ٱلْبَحْرِ كَٱلْأَعْلَٰمِ﴾ (ڕەحمان:24).

15) ئایەتی﴿إِذْ نَادَىٰهُ رَبُّهُۥ بِٱلْوَادِ ٱلْمُقَدَّسِ طُوًى﴾[5](نازیعات:16).

16) ئایەتی﴿ٱلْجَوَارِ ٱلْكُنَّسِ﴾ (تەكویر:16).

---

[1] بە هەمان شێوە بە كەسرەی پیتی(ت) دەخوێندرێتەوە.

